٢ سەروتار

٣ ڕاگەیاندراوی کۆتایی کۆنگرەی ٣ی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان

٥ پەیامی کردنەوەی کۆنگرە

٧ وتەکانی بەڕێز خالید عەزیزی

٩ پەیام و وتەی ڕێکخراوو کەسایەتییەکان بۆ کۆنگرە

٣١ بەشێک لە ڕاپۆرتی کۆمیتەی بەڕێوەبەریی بۆ کۆنگرە

٤٤ دیمانە لەگەڵ نەسرین حەداد سکرتێری یەکیەتیی ژنان

٤٦ کۆنگرە لە ڕوانگەی بەشدارانەوە

٥٨ بڕیار و ڕاسپاردەکانی کۆنگرە

٥٩ بەیاننامەی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان دژی تۆپبارانی ناوچە سنوورییەکان

٦٠ پەیامی هاوبەشی یەکیەتیی ژنان و یەکیەتیی لاوانی دێموکراتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە بۆنەی ٢٥ی گەلاوێژ


# ژنان

وەرزانەیەکی
سیاسی، کۆمەڵایەتی،
فەرهەنگی و ئەدەبیە

سەرنووسەر: نەسرین حەسەنزادە

دەستەی نووسەران:
کوێستان فتووحی، عیسمەت نستانی،
ڕەسووڵ سوڵتانی، حەلیمە ڕەسووڵی، عەلی بداغی

ئیمەیلی «ژنان»:

Yjd.kurdistan@yahoo.com

ژمارە تەلەفۆن بۆ پێوەندی گرتن بە یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان

00964 - 7702103121

خەرمانانی 1390، سێپتامبری 2011

ژمارە 31

دیزاینی بەرگ:

ئەیوب شەهابی ڕاد

مونتاژ: مینا سوڵتانزادە




سەروتار

# چەند سەرنجێک لە بارەی کۆنگرەی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان

کۆنگرەی سێیەمی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان لە ڕۆژانی ١٣ و ١٤ی گەلاوێژدا بەڕێوەچوو. نوێنەرانی کۆنگرە بەشێکی لەو ژنە خەباتگێرانە پێک هاتبوو کە لە نێو ئەندامانی ئاشکرای یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان کە لە باشووری کوردستان نیشتەجێن بۆگۆنگرە هەڵبژێردرابوون. بەشێکی دیکە لە نوێنەرانی کۆنگرە لە نوێنەرانی ژنانی ئەندام لە دەرەوەی وڵات پێک هاتبوو. بەشێکی دیکەش لە ئەندامانی بەڕێوەبەریی یەکیەتیی ژنان پێک هاتبوو.

کۆنگرە لە ماوەی دوو ڕۆژدا زۆر مەسەلەی پێوەدیدار بە خەباتی ژنانی کوردستان و ئێران، گیر و گرفتەکانی سەرریگەی ژنان، پەروەردەی ژنان، هەڵسەنگاندنی وەزعیەتی ژنان لە سایەی ڕێژیمی کۆنەپەرست و دژبە مافەکانی ژنانی کۆماری ئیسلامیدا کە لە ڕاپۆرتی سیاسی بۆ کۆنگرەدا هاتبوون و هەروەها بەرنامە و پێڕەوەی نێوخۆ، و گەلێک بڕیاری پێوەندیدار بە کارو چالاکیەکانی ئەم ڕێکخراویەوە باسیان لەسەر کرا.

کۆنگرەی سێیەمی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان وێڕای هەڵسەنگاندنی کارو چالاکیەکانی ڕابردوو، هێندێک ئەرک و ڕاسپاردەشی بۆ کارو چالاکیەکانی داهاتووی ئەم ڕێکخراوەیە دەسنیشان کرد. کۆنگرە بڕیاریدا کە لە داهاتوودا هەنگاوی زیاتر باوێژرێ بۆ نزیکی زیاتری ڕێکخراوەکانی ژنانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان کە ئەمەدەتوانی ڕۆڵ و دەورو کاریگەریی ئەوان لەسەر کۆمەڵگەی ژنانی کوردستان زیاتر بکا. جگە لەوەش دەتوانێ ئەزموونێک بێ بۆ داهاتوو لەپێوەندیی لەگەڵ هاوکاری و هەماهەنگیی ڕێکخراوەکانی ژنانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و بەهێزکردنی خەباتی مەدەنیی ژنان بۆ وەدەستهێنانی مافە زەوتکاروەکان و پشتگۆێ خراوەکانیان لە ماوەی چەند دەیە سیاسەتی کۆنەپەرستانەی کۆماری ئیسلامی دا.

هەروەها هەوڵدان بۆ گەیاندنی دەنگی خەباتی مافخوازانەی ژنانی کوردستان و ئێران بە بیرورای دەرەوە کە ئەگەر هەنگاوی جیددیی بۆ هەڵ بگیرێ دەتوانێ ببێتە عامیلێکی فشار بۆسەر سیاسەتی دژ بە ژنانەی کۆماری ئیسلامی لە ئاستی نێونەتەوەیی دا.

گەلێک بڕیار و ڕاسپاردەی بەکەڵک و بەجێی دیکە لەم کۆنگرە دا باسیان کراوەو پەسند کراون. ڕەنگە هەموو ئەو بڕیارو ئامانج و مەبەستانەی لە کۆنگرە دا باسیان کراوەو بوونە بڕیار یان لانی کەم هێندێکیان ئەو کاتە وەدی بێن کە لە ئێران و کوردستان دا دیکتاتۆری نەمێنێ و دێموکراسی زاڵ بێ، ڕەنگە هێندێکیان بە هاوکاریی ڕێکخراوەکانی دیکە وەدی بێن، هێندێکیان لە ئاگامی وشیاری و ئاگاهیی ڕێژەیی ژناندا دەستەبەر بن، دیارە هێندێکیان لە توانای یەکیەتی ژنان دا هەن کەگرنگن: هەر ئەوەکە ڕێکخراوێک هەیەژمارەیەکی زۆر لەژنانی ڕووناکبیر و خەباتکاری لە دەوری خۆی کۆکردۆتەوە تاکوو ئەم بڕیارو بەرنامە پێشکەوتنخوازانیە ئامادە بکا و دابڕێژێ، دەبێتە ڕێنوێن و ئیلهامدەری خەباتی ژنان لە داهاتوودا. هەر ئەمە بۆخۆی دەنگێکە کە دەتوانێ بە نۆرەی خۆی کابووسی بێدەنگییەک بشکێنێ کە کۆنەپەرستان و چەوسێنەرانی ژنان لە وڵاتەکەماندا دەیانەوێ بیسەپێنن و ژنان لە هەموو مافە ئینسانییەکان بێ بەش بکەن. ئەمە بیر و باوەڕیژنانی ئازادیخوازیی کوردستان و ئێرانە کە ئەمڕۆ لە گەرووی ژنانی نێو ڕیزەکانی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان دێتەدەرو سبەی لەگەرووی هەموو ژنانی ئازادیخواز دێتەدەرو کۆڵەکەکانی دیکتاتۆری و کۆنەپەرستی وەلەرزین دەخا. با ئەوەش بگوترێ کە ویست و داخوازی ژنانی ئازادیخوازی کوردستان و ئێران کە لەم ساڵانەی دواییدا هاتۆتە گۆڕێ، هەرچەند سەرکوت کراوە، کاریگەرییان لەسەر بڕیارو پەسنکراوەکانی یەکیەتیی ژنان هەبووە و دەبێ و بە نۆرەی خۆیان ببنە سەرچاوەی ئیلهام و ڕێنوێنی بۆ بەرنامە و پەسندکراوەکانی یەکیەتیی ژنان بە تایبەتی لەم کۆنگرەی دواییدا.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# راگەیاندراوی کۆتایی کۆنگرەی سێهەمی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان

ژنان و پیاوانی یەکسانیخواز!

ئەندامان و لایەنگرانی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان

به خۆشییەوە رادەگەیەنین که کۆنگرەی سێهەمی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان که له ژێر دروشمی ( به هەوڵی یەکگرتویی ژنانی کورد هەنگاو بنێین بەرەوه یەکسانی ) رۆژی پێنج شەممه ١٣ ی گەلاوێژی ١٣٩٠ دەستی به کارەکانی کردبوو درەنگانی رۆژی هەینی ١٤ی گەلاوێژ دوای دوو رۆژ کار کۆتایی پێهات.

کۆنگره دوای رێورەسمی کردنەوەی که تێیدا پەیامی کۆنگره و پەیامی سکرتێری حیزبی دێموکراتی کوردستان و بەشێک له راپۆرتی کۆمیتەی بەڕێوەبەریی خوێندرایەوه و پەیامی چەندان رێکخراوی ژنان و پیرۆزبایی لایەنەکان بەو بۆنەیەوه خوێندراوه دەستی به کارەکانی کرد.

له بەشی دووهەمی یەکەم رۆژی کارەکانی کۆنگرەدا و له دانیشتنی یەکەمدا، راپۆرتی کۆمیتەی بەڕێوەبەریی بۆ کۆنگرەی سێهەمی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان له لایەن» سۆهەیلا قادری «سکرتێری یەکیەتیی ژنانەوه خوێندرایەوه، لەو راپۆرتەدا به وردی باس له رەهەند و کێشه و گرفتەکانی ژنانی کورد له رۆژهەڵات و رێگه چارەکان له کوردستانی ئێران به گشتی کرابوو. راپۆرتی کۆنگره له چەند بەشی جیاواز پێکهاتبوو، لەوانه ئاسۆی بزووتنەوەی رادیکاڵی ژنان له ئێران، نەخش و جێگا و شوێن ژنان له خەبات و نارەزایەتییه جەماوەرییەکانی ئەو دوایانه، شێوەکان توندوتیژی دژ به ژنان، سەرکوتی ژنان به پێی یاسا له رێژیمی کۆماری ئیسلامیدا، لایەحەی پشتیوانی له بنەماڵه سیمایەکی دژی ژنی کۆماری ئیسلامی، ژنان قوربانی نایەکسانی له بازاڕی کار دا، کورەخانەکان و کاری





کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org



تاقەت پڕووکێن، بازرگانی ژنان و کچانی ئێرانی، ڕێژیمی دژ بە ژن لە دامەزراوەی ژنانی ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکاندا، خەسارە کۆمەڵایەتییەکانی ئێران، دیاردەی لەشفرۆشی لە ئێرانی ژێر دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامیدا، تۆمارکرانی ناوی کەسانی توشبوو بە ئایدز، خەتەنەکردن و دەرەنجامە خراپەکانی و تاوانی ژنان لە کەلەبەرەکانی خۆکوژیدا و گرینگی خەسارناسی ئیعتیاد لە نێوان ژنانی موعتاددا، کە هەریەکەیان دەپرژایە سەر کێشەیەک لە کێشەکانی ژنان لە کۆمەڵگاکەماندا.

لەو ڕاپۆرتەدا دیاردەی خۆسووتاندن و ئالوودەبوون بە ماددە هۆشبەرەکان و کۆمەڵێک ئامار خرابووە ڕوو. هەر لەم پێوەندییەدا کۆمەڵێک ڕەخنە و بۆچوونی جیاواز هاتنە گۆڕێ و بە کۆی دەنگ و بڕیاردرا لێژنەیەک بۆ پێداچوونەوە بە ڕەخنەکان و گونجاندنیان پێک بێ.

لە بەشی دووهەمی دانیشتنی یەکەمی ڕۆژی یەکەمی کۆنگرەدا بابەتی گۆڕینی ئارم و لۆگۆی یەکیەتیی ژنان هاتە گۆڕێ و لەم بارەیەوە بڕیاردرا کە کۆمیتەی بەڕێوەبەریی داهاتووی یەکیەتیی ژنان ڕاسپێردرا کار لەسەر ئەم بابەتە بکا.

لە ڕۆژی دووهەمی کۆنگرەی سێهەمی یەکیەتیی ژناندا و لە دانیشتنی یەکەمدا بەرنامە و پێڕەوی ئەم ڕێکخراوە خرایە بەرباس. جێی ئاماژەیە لەو بەشەدا ئەندامانی کۆنگرە باسەکەیان دەوڵەمەند کرد و چەندین پێشنیار و بۆچوونی جیاواز هاتنە بەرباس و هەر لەسەرەتاوە لەبارەی پێشەکی پێڕەو کۆمەڵێک گۆرانکاری پەسەند کرا و بڕیار درا ئەم گۆڕانکارییانە لە پێڕەوی نوێی یەکیەتیی ژناندا بگونجێندرێ.

لە درێژەی ئەم دانیشتنەدا لەبارەی فەسڵ و بەندەکانی بەرنامە و ئەساسنامە و گۆڕانکارییەکی بەرچاو لە فەسڵی یەکەم و بەندی دووهەمدا هاتۆتە گۆڕێ کە پێوەندی بە گۆڕینی پێناسەی یەکیەتیی ژنانەوە هەبوو. لەم بارەوە بڕیاردرا پێناسەی یەکیەتیی ژنان بۆ وەدیهێنانی مافە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکانی ژنانی کوردستانی ئێران تێدەکۆشێ بگۆڕدرێ بۆ، یەکیەتیی ژنان ڕێکخراوێکە بۆ وەدیهێنانی کۆمەڵگەیەکی دێموکراتی سێکوڵار، دادپەروەر و یەکسانی کە تێیدا بندەستی نەتەوەیی بنبڕ کراوە تێ دەکۆشێ.

کۆنگرەی سێهەمی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان کۆمەڵێک بڕیار و ڕاسپاردەی پەسەند کردن کە بۆ ئەوەی لە داهاتوو دا کاریان پێ بکرێ و لەبەر چاو بگیرێن.

بەشی کۆتایی کاری کۆنگرە تەرخان کرابوو بۆ هەڵبژاردنی کۆمیتەی بەڕێوەبەریی تازە کە لەو بەشەدا بە شێوەیەکی ئازاد و دێموکراتیک بەشداران خۆیان پاڵاوت .

سەرکەوێ بزووتنەوەی
یەکسانیخوازانەی ژنان
بۆ پێشەوە بەرەوە دنیایەکی بێ چەوسانەوە
کۆمیتەی بەڕێوەبەریی یەکیەتیی ژنانی
دێموکراتی کوردستان
١٥ی گەلاوێژی ١٣٩٠



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# پەیامی کردنەوەی کۆنگرەی سێهەمی یەکیەتیی ژنانی دێموکڕاتی کوردستان

**لەلایەن خاتوو عیسمەت نستانییەوە**



هاوڕێیانی خۆشەویست!

ئەو کاتەتان باش و بەخێر بێن، حوزوورتان لە مەراسیمی کردنەوەی کۆنگرەی سێیەمی یەکیەتیی ژنان ڕێزدانانە بۆ خەبات و تێکۆشانی چەندین ساڵەی ئەو یەکیەتییە.

سپاسی کۆمیتەی بەڕێوەبەریی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان دەکەم کە شانازیی ئەوەیان پێ بەخشیم کۆنگرەی سێهەم بکەمەوە، هەروەها پیرۆزبایی لە ئێوە بەشدارانی کۆنگرەو ژنانی دێموکرات دەکەم و هیوادارم کۆنگرەیەکی دەوڵەمەندو پڕ دەسکەوتتان لە پێش بێ.

بەڕێزان نوێنەرانی کۆنگرە!

میوانانی ئازیز!

کۆنگرەی سێیەمی یەکیەتیی ژنانی دێمۆکراتی کوردستان لە کاتێکدا دەبەسترێ کە گۆڕانکاریی بنەڕەتی لە سەر ئاستی جیهان و بە تایبەت لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بەڕێوەیە و بەشێک لە دەسەڵاتدارە دیکتاتۆڕەکانی ناوچە بنەو بارگەیان تێکەوە پێچاوەو بەشێکی دیکەش لە بەردەم ئیرادەی بەهێزی جەماوەری ئازادیخوازدا خەریکن هەرەس دێنن و شنەبای ئازادی و خۆری ڕزگاری لە ئاسمانی گەلانی ژێردەستەدا پڕشەنگ دەهاوێژێ. ژنان وەک پێکهاتەیەکی سەرەکیی کۆمەڵگا لەو ئاڵوگۆڕانە جێ نەماون و شان بە شانی توێژەکانی دیکەی کۆمەڵگا لە خەبات و تێکۆشان دان و مۆرکی خۆیان لە گۆڕانکاریەکانی ناوچە داوە. ئەمڕۆ ژنان لە زۆربەی وڵاتانی جیهان دەستیان گەیشتۆتە پۆستە باڵاکانی دەسەڵات و هەروا لە خەبات و تێکۆشان دان بۆ داکۆکی کردن لە ماف و ئازادیەکانیان و دەستەبەر کردنی یەکسانی. ژنان سەرەڕای ئەوەی لە هەموو ڕەهەندەکانی خەبات کەڵک وەردەگرن بەڵام بە داخەوە ئێستاش ژنان لە ژێر سێبەری ڕژێمە دیکتاتۆرە دواکەوتووەکان مافەکانیان پێشێل دەکرێ و دەچەوسێنەوە. کۆماری ئیسلامیی ئێرانیش لەو ڕژێمە دواکەوتوانەیە کە بە خراپترین شێوە مامەڵە لەگەڵ ژنان دەکا و لە سەرەتاییترین مافە ئینسانیەکانیان بێبەش دەکا و لە سێبەری یاسا دژە ژنەکانی دا دەیان چەوسێنێتەوە.

سەپاندنی حیجابی زۆرەملێ و بە یاسا کردنی، ستاندنەوەی مافی دادوەری و جیاکردنەوەی کوڕان و کچان لە زانستگەکان دا و .. نموونەی بچووکن لەو ستەم و زۆرداریەی بەرامبەر بە ژنانی ئێران دەکرێ. بەڵام بە خۆشیەوە خۆڕاگری و بەربەرەکانی ژنان لە سەرەتای شۆڕشی ئیسلامیەوە بەردەوامە و ئێستا زیاتر لە جاران لە سەر ویست و داخوازیەکانیان سوور و پێداگرن.

ژنان لە ئێران بە دوور لە بیرو باوەڕی ئایینی و ئیدئۆلۆژیکی، بە چەپ و ڕاست و سێکۆلار و



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ئایینیەوە لە سەر داخوازیە هاوبەشەکان یەکیان گرتوەو یەکگرتووانە بەرەو سەپاندنی داواکانیان هەنگاو دەنێن.
لەو نێوەدا ژنانی کوردیش دوا نەکەوتوون و وەک باقی ژنانی ئێران و تەنانەت زۆر جار وەک پێشەنگی بزووتنەوەی رزگاریخوازیی ژنان دەرکەوتوون و لە لایەک بۆ رزگاریی نەتەوەیی و لە لایەکی دیکە بۆ داکۆکی لە ماف و ئازادییەکانی ژنان تێکۆشاون.
بەڕێزان!
کاتێک گرینگیی ئەو کۆنگرەیە و هەستیار بوونی ئەرکەکانمان بۆ دەر دەکەوێ کە ئاوڕێک لە رابردووی پڕ لە شانازی و سەروەری و ئامانجە سەرەکیەکانی یەکیەتیی ژنان هەر لە سەرەتای دامەزرانیەوە بدەینەوە.
لە راستیدا دەتوانین بڵێین باڵای ئەو رێکخراوەیە بەقەد باڵای بزاڤی مافخوازانەی ژنان لە رۆژهەڵاتی کوردستانە.
٦٥ ساڵ لەمەوبەر پێشەوا سەرکۆماری کوردستان و خێزانە تێکۆشەرەکەی سەرەتایەکی نوێیان لە خەباتی یەکسانی خوازیی ژنان دەست پێکردو بە دامەزراندنی یەکیەتیی ژنان، کچان و ژنانیان بۆ خەبات لە پێناو دابین کردنی مافەکانیان هان دا و لە کۆمەڵگای نەریتی و پیاوسالاری ئەو کاتی کوردستاندا، ژنانیان بانگهێشت کرد تا لە دەوری یەکتر کۆ ببنەوە و بەرامبەر بە ستەم و ناعەدالەتی دژی ژنان راوەستن. لە یەکەم هەنگاو و لە هەمان کاتدا لە گرینگترین هەنگاوەکانی سڕینەوەی جیاوازی و ستەمی رەگەزی دا، کۆماری کوردستان مەدرەسەی کچانی دامەزراندو دەرفەتی خوێندن و فێربوونی بۆ رەخساندن.
یەکیەتیی ژنان بەرهەمی سەردەمێکە کە تێیدا لە گشت وڵاتانی رۆژهەڵات و رۆژهەڵاتی کوردستانیش، سیستمی عەشیرەیی و پیاوسالار زاڵ بوو کە هەموو ماف و ئازادییەکانی لە ژن زەوت کردبوو، ئەو شێوە ڕوانینە بۆ ژنان کە وەک رەگەزی دووهەم و لە خزمەت پیاواندا سەیر دەکران پشتیوانەیەکی بەهێزی نەریت و تەنانەت ئایینیشی لە پشت بوو.
یەکیەتیی ژنان لەو ژنە تێکۆشەرانە پێکهاتووە کە شان بە شانی خەباتی نەتەوایەتی، هەوڵیان داوە جیهانێکی جوانتر و دادپەروەرتر بۆ ژنان بەدی بێنن. ئەو ژنانەی لە مەکتەبی حیزبی دێموکرات دا فێر بوون کە خەبات لە پێناو بەدیهێنانی مافەکانی ژناندا نە تەنیا ناتەبا نیە لەگەڵ خەبات لە پێناو ئامانجە نەتەوایەتیەکاندا، بەڵکوو هاوتەریب و تەواوکەری یەکترن. یەکیەتیی ژنان رێک بەرهەمی ئەو چەشنە بیرکردنەوەیە بوو.
پێویستە نوێنەرانی کۆنگرە بە سەرنجدان بەو پێشکەوتنە بەرچاوەی خەباتی ژنان لە سەراسەری جیهاندا بە خۆیەوە دیتەوە و هەروەها بە لەبەرچاو گرتنی گۆڕانکاریەکانی کۆمەڵگای کوردی، کێشەکانی ژنان دەستنیشان بکەن و رێکاری گونجاو بۆ چارەسەر کردنیان بدۆزنەوە. دەبێ ژنان بتوانن کۆمەڵگا بە گشتی و پیاوان بە تایبەتی بەو قەناعەتە بگەیەنن کە نیشتمان رزگار نابێ تا ئەو کاتەی ژن لە کۆیلەیەتی دابێ. هەر



بۆیە یەکیەتیی ژنان ئەرکێکی قورستری دەکەوێتە سەر شانی بۆ هیدایەت و رێکخستنی ژنان. دەبێ یەکیەتیی ژنان لە باسەکانی کۆنگرەدا شێلگیرانە بڕیار و راسپاردەکانی خۆیان لەو رووەوە بخاتە روو و وەک ئەرکێک بە رێبەریی داهاتووی بسپێرێ.
پێویستە کۆنگرەی سێهەمی یەکیەتیی ژنان زیاتر لە جاران پێداگری لە سەر پتەو کردنی پەیوەندی و هاوکاری رێکخراوەکانی ژنان بە گشتی و رێکخراوەکانی ژنانی کورد بە تایبەتی بکا.
لە کۆتاییدا سەرکەوتن بۆ کۆنگرە بە ئاوات دەخوازم و جارێکی دیکەش بەخێر بێن و هەر شاد و سەرکەوتوو بن.

# وتەکانی بەڕێز خالید عەزیزی

# لە ڕێوڕەسمی کردنەوەی کۆنگرەی سێهەمی

# یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان




میوانانی بەڕێز ئەندامان و لایەنگرانی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان

لەلایەن ڕێبەریی حیزبی دێموکراتی کوردستانەوە بە نیسبەت گرتنی کۆنگرەی سێهەمی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان پڕ بە دڵ پیرۆزباییتان لێ دە کەم .

هیوادارم کۆنگرەکەتان بە لە بەرچاوگرتنی ئەو ئاڵوگۆڕانەی لە ناوچە، ئێران و ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە ئارادایە بتوانێ کۆمەڵێک ئەرک و بڕیار بۆ داهاتوو دەستنیشان بکا. ئێوە کۆنگرەکەتان بە دروشمی «هەوڵدان بۆ پەرەپێدانی ڕۆحی هاوکاری و یەکیەتی «لە نێو ریزی ژنانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و ڕێکخراوەکانی ژنان دەستپێکرد کە بە حەق دەسنیشانکردن و لێدانەوەیەکی دروستە بەڵام هاوکات ئەرکێکی قورس دەخاتە سەر شانتان. دیارە ئێمە پێمان وایە ئەو ئەرکە بە کار و تێکۆشان دەستەبەر دەکرێ. ئاوڕدانەوەیەکی کورت بۆ بارودۆخی ئێران و ڕۆژهەڵاتی کوردستان ڕێک ئەو ڕاستیە دەردەخات کە ئێوە ئاماژەتان پێکردوە. ئێران وڵاتێکە کە لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست هەڵکەوتووە و جموجۆڵێکی بەربەرینی کۆمەڵانی خەڵک لەوێدا لە ئارادایە کە ژنانیش شانبەشانی پیاوان، کچانیش هاوشانی کوڕان لە هەموو بوارەکاندا تێدەکۆشن تا دێموکراسی و حکوومەتی وڵامدەر لە ئێراندا سەقامگیر بێ



و ماف له ئێراندا سەقامگیر بێ و ماف له ئێراندا نەهادینە بێ، ئەو کاتەیە کە مافی ژن و پیاو بە شێوەیەکی یەکسانی لە بەر چاو دەگیرێ و لە کۆمەڵگەیەکی بەمجورە دایە کە ژنان دەتوانن بەختەوەربن.

دیارە بە حوکمی فرەچەشنی ئایینی و نەتەوەیی وڵاتی ئێران سروشتییە کە چالاکییەکانی یەکیەتیی ژنانیش لەو چوارچێوەیەدا پێناسە بکرێ. پاش کۆنگرەی ٢ی ئێوە ئێران پتر لە جاران کەوتۆتە بەر سەرنجی جیهانی و ژنانیش پتر لە جاران بە شوێن مافەکانیان کەوتوون. دیارە یەکێک لەو ڕێگایانەی کە یارمەتی دەدات تا لە داهاتوودا ژنان و پیاوان مافی یەکسانیان هەبێ ئەوەیە کە پێوەندی نێوان ژنانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و ئێران بەهێزتر بکرێ. چالاکییەکانی ژنان بەتایبەت ژنانی تاران لە ئاستی نێودەوڵەتی دا دەنگی داوەتەوە کە دەکرێ ئەو وزە و توانایە بە دژی کۆماری ئیسلامی و بۆ سەقامگیری دێموکراسی کەڵکی لێوەربگیرێ. هیوادارم یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان مکانیزمی بەهێزتر کردنی پێوەندی لەگەڵ ژنانی ناوچەکانی دیکەی ئێران دەستنیشان بکات. بەداخەوە یەکێک لە هۆیەکانی مانەوەی کۆماری ئیسلامی سەرەڕای ئەوەی خەڵکی ئێران لەو ڕێژیمە وەزاڵە هاتووە ئەوەیە کە نەتەوەکان و حیزبە سیاسییەکان نەیانتوانیوە لە سەر لانیکەمی بەرنامەیەکی هاوبەش بۆ دوارۆژی ئێران ڕێک بکەون. هیوادارم یەکیەتیی ژنان هەر وەک لە دروشمەکەیان دەستنیشانیان کردوە، لە پێناو بەهێز کردنی روحی هاوکاری لە نێو ژنان و هێزەکانی دیکە پێشڕەو بن.

بۆ جارێکی دیکە پیرۆزباییتان لێ دەکەم و هیوای سەرکەوتنتان بۆ دەخوازم.

## پەیامی دەفتەری سیاسیی

# حیزبی دێموکڕاتی کوردستان

بەشدارانی سێهەمین کۆنگرەی یەکیەتیی ژنانی دیموکراتی کوردستان!

به بۆنەی پێکهاتنی سێهەمین کۆنگرەی یەکیەتییەکەتان، دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستان بە گەرمی پیرۆزبایی لە یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان و ئێوە ئەندامانی کۆنگرە دەکا و هیوادارین لە بەستنی کۆنگرەکەتان دا سەرکەوتوو بن.

هەروەک بۆخۆشتان دەزانن مێژووی یەکیەتیی ژنانی دیموکرات و ژیانی سیاسیی ئەو ڕێکخراوەیە لەگەڵ حیزبی دێموکراتی کوردستان ئاوێتە بووە. دەکرێ بڵێین یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان هەر لە کاتی دامەزراندنییەوە بە پێی دەرفەت بۆ بردنە پێشی داوا سینفییەکانی ژنان تێکۆشاوە و وەک ڕێکخراوێکی چالاکی سیاسییش بۆ وەدەستهێنانی مافی نەتەوایەتی گەلی کوردستان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان خەباتی بێ‌وچانی کردوە و لەو پێوەندییەدا هاوخەبات و یارمەتیدەرێکی زۆر باشی حیزبی دێموکراتی کوردستان بووە. حیزبی دێموکراتیش لە دەورانی ژیانی سیاسیی خۆی‌دا هەمیشە لە یارمەتیی و هێز و توانای ئینسانیی ئەو ڕێکخراوەیە بەهرەمەند بووە. ئەو ڕێکخراوەیە گەلێک ژنی تێکۆشەری پێگەیاندوە کە لە مەیدانی خەبات و تێکۆشانی نەتەوەیی و یەکسانیخوازیدا وەک ئەندام و کادری بەوەجی حیزبی دێموکرات تێکۆشاون و جێ پەنجەیان لە خەباتی سیاسیی حیزبی دێموکرات دا دیارە و تەنانەت لە ڕیزەکانی ئەم حیزبەدا گیانیان بەخشیوە. هەر بۆیە هەرچەند ئەو ڕێکخراوە لە ماوەی دوور و درێژی ژیانی سیاسی و سینفی‌دا سەربەخۆیی ڕێکخراوەیی و تەشکیلاتیی خۆی هەبووە بەڵام مێژووی هاوبەش، تێگەیشتنی سیاسیی هاوبەش و نزیکیی یەکیەتیی ژنان لە حیزبی دێموکراتی کوردستان وای لێ کردوە کە لێک جیاکردنەوەی حیزبی دێموکرات و یەکیەتیی ژنان بۆ هێندێک کەس کە بە باشی شارەزای پێوەندیی حیزبی دێموکرات و یەکیەتیی ژنان نین زەحمەت بێ. هەر بۆیە حیزبی دێموکراتی کوردستان کە لە مێژووی خەباتکارانەی ئەو ڕێکخراوەیەدا دەڕوانێ لە دوو بواردا شوێن و جێ پەنجەی ئەو ڕێکخراوەیە بەروونی هەست پێ‌دەکا. یەکەم: خەبات و تێکۆشانی لە پێناو وەدەستهێنانی مافی سینفیی ژنان لە ئێران بە گشتی و لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەتایبەتی، هەرچەند ئیمکانی هەیە ئاکامی ئەو خەبات و تێکۆشانە بە لەبەرچاوگرتنی بارودۆخی سیاسی و هەلومەرجی کۆمەڵایەتیی کۆمەڵی کوردەواری کەمتر بێ لەوەی چ لە دەورانی ڕێژیمی پێشوودا و چ لە سەردەمی کۆماری ئیسلامی دا بۆ تێکۆشانی چاوەڕوان دەکرا، بکرێ، بەو حاڵەش شوێنەواری زۆر پۆزێتیڤی لەسەر کۆمەڵگەی کوردەواری داناوە کە جێگەی ڕیزە.

دووهەم: لە بواری سیاسییەوە یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان لە سەردەمی کۆماری کوردستاندا دامەزراوە. هەر بۆیە لەو ماوە دوور و درێژەدا کە ئەو ڕێکخراوە تێکۆشانی سیاسیی هەیە



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org



و پێی ناوەتە نێو ژیانی سیاسیی بزووتنەوەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان زۆر هەوڵی داوە بۆ بەرەو پێشبردنی بزووتنەوەی ئازادیخوازانەی خەڵکی کوردستان و توانیویەتی شوێندانەر بێ لەسەر توێژی ژنان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و وەک ڕێکخراوێکی دیاری نێو بزووتنەوەی سیاسیی کوردستان جێگەی خۆی بکاتەوە.

دیارە مێژووی پڕ لە تێکۆشان و هەوڵی بە نرخ نابێ هیچ لایەکمان ڕازی بکا، بەڵکوو یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان پێویستە بەو هەموو ئەزموونە کە وەسەر یەکی ناوە، بە لەبەرچاوگرتنی هەلومەرجی ئێستا و پێویستیی سەردەم بەرنامەکانی چڕوپڕتر بکا بۆ خەباتی هەمەلایەنە و سەردەمیانە لە بواری سینفی و نەتەوەییدا و بۆ بەرەوپێش بردنی داوا سینفی و سیاسییەکانی تێ بکۆشێ. حیزبی دێموکراتی کوردستان وەک هەمیشە هاوکار و یارمەتیدەرتان دەبێ بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانتان.

بە دەرفەتیشی دەزانین بە ئاگاداریی کۆنگرەکەتانی بگەیەنین کۆنگرەی پازدەیەمی حیزب کە لە مانگی جۆزەردانی ڕابردوو بەڕێوەچوو، جارێکی دیکە لەسەر هەوڵدان بۆ بەشداریی ژنان لە ڕێبەریی حیزب و لە بەڕێوەبەریی ئۆرگانەکاندا پێی داگرتەوە.هەروەها دەنگی متمانەی بە کەڵکوەرگرتن لە هەڵاواردنی پۆزەتیڤ وەکوو میکانیزمێک بۆ دەستەبەر کردنی ئەو ئامانجەدا و پشتگیری لە پەیماننامە نێودەوڵەتییەکان و یەک لەوان کۆنڤانسیۆنی سڕینەوەی هەر چەشنە هەڵاواردنێک دژی ژنانی لە بەرنامەی حیزب دا گونجاند. جگە لەمەش هەم لە بواری ڕاگەیاندن و بایەخدانی پەروەردە و فێرکردنی حیزب بە ژنان و هەم لە پێوەندی لەگەڵ بەشدار کردنی زیاتری ژنان لە بەڕێوەبەری ئۆرگانەکانی حیزبدا، ڕێبەریی هەڵبژێردراوی کۆنگرەی پازدەیەم ئەرکدار کراوە. ئەمانە نیشاندەری ئەو ڕاستییەن کە حیزبی دێموکراتی کوردستان پرسی ژنان لە کۆمەڵدا و بەشداریی ژنان لە تێکۆشانی حیزبی و نەتەوەیی بە پرسی خۆی دەزانێ و بە ئەرکی خۆی دادەنێ کە کاری زیاتری بۆ بکا.

لە کۆتاییدا جارێکی دیکە سەرکەوتنی کۆنگرەکەتان لە ئەرکە دیاریکراوەکانیدا بە ئاوات دەخوازین و هیواداریین ئەم کۆنگرەیەتان ڕۆڵێکی دیاری هەبێ لە بەرەوپێشبردنی تێکۆشان و چالاکییەکانی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان لە ئاستی جۆراوجۆردا.

**حیزبی دێموکراتی کوردستان**
**دەفتەری سیاسی**



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# پەیامی بەڕێز عەبدوڵڵا حەسەن زادە

# بۆ کۆنگرەی سێیەمی

# یەکیەتیی ژنانی دێموکڕاتی کوردستان



بۆ بەڕێوەبەرایەتیی کۆنگرەی سێیەمی یەکیەتیی ژنانی دیموکراتی کوردستان

دەگەڵ ڕێزو سڵاوو ئاواتی سەرکەوتن

بەخۆشحاڵییەوە لەخەبەری دەست پێکردنی کاروباری کۆنگرەکەتان ئاگادار بووم. بەداخەوە لە کوردستان نیم تا بەچەپکەگوڵی ڕێزو وەفادارییەوە بەشداری ڕێورەسمی کرانەوەی کۆنگرەکەتان بم و لەنیزیکەوە پیرۆزبایی و دەست خۆشیتان پێشکێش بکەم. هەربۆیە لەدووریی هەزاران کیلۆمیتر ڕێگاوە دەست خۆشی لە ڕێکخەرانی کۆنگرەکەتان دەکەم و گەرمترین پیرۆزبایی پێشکێشی یەکە یەکی بەشدارانی کۆنگرەو لەڕێگەی وانەوە پێشکێشی هەموو ئەندامانی یەکیەتیی ژنانی دیموکرات و تێکڕای ژنانی کوردستان دەکەم.

خوشکانی بەڕێز!

ئەگەر بەگشتی ڕۆڵەکانی نەتەوەی کورد لەقۆناخی ئێستاماندا خەباتێکی شێلگیرانە لەڕێگای وەدەستهێنانی ماف و ئازادییەکانی گەلی کورددا بەڕێوە دەبەن،ژنانی کورد هەم لەو خەباتە ڕەوایەدا بەشدارییەکی چالاکانەیان هەیەو هەم هەرلەوکاتەدا سەرگەرمی خەبات بۆ وەدەستهێنانی مافی یەکسانی لەگەڵ پیاوان لە هەموو بوارەکانی ژیاندان. بەخۆشییەوە یەکیەتیی ژنانی دیموکڕاتی کوردستانیش بەشدارییەکی شیاوی ئافەرینی لە بەرەوپێش بردنی ئەو خەباتەدا هەیە.

هەر لە بەر ئەوە سەرکەوتن و پێشکەوتنی یەکیەتییە تێکۆشەرەکەتان ئاواتێکی پیرۆزی من و هەموو ئەو کەسانەیە کە بۆ ئازادی و یەکسانیی مرۆڤەکان تێ دەکۆشن. لێرەدا جارێکی دیکە هاوپێوەندیی خۆم دەگەڵ خەباتی یەکسانیخوازانەی ژنانی کوردو تێکۆشانی سەربەرزانەی یەکیەتییەکەتان ڕادەگەیەنم. پیرۆزو سەرکەوتوو بێ کۆنگرەی سێیەمی یەکیەتیی ژنانی دیموکڕاتی کوردستان.

**برای هاوخەباتتان**
**عەبدوڵڵا حەسەن زادە**

**٢٠١١/٨/٣**



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# پەیامی ناوەندی پشتیوانی لە ڕێکخراوە سینفی دێموکراتیکەکان

## بۆ سێهەمین کۆنگرەی یەکیەتیی ژنانی

## دێموکراتی کوردستان

ئەندامان و بەشداربووانی بەڕێزی سێهەمین کۆنگرەی یەکیەتیی ژنانی دیموکراتی کوردستان ویڕای سلاوێکی گەرم و شۆڕشگێرانە، بەبۆنەی پێکهێنانی سێهەمین گۆنگرەی یەکیەتیی ژنانی دیموکراتی کوردستانەوە پڕ بەدڵ پیرۆزبایتیان پێ دەڵێین و هیوای سەرکەوتن بۆ کونگرەکەتان دەخوازین.

بەڕێزان! هەروەک ئاگادارن لە ماوەی چەند مانگی رابردوودا تا ئێستا ڕۆژهەڵاتی ناوەراست گۆرانی بەرچاوی بەخۆوە بینیوەو شەپۆلێکی ئازادیخوازی زۆربەی ولاتانی ناوچەکەی گرتوتەوە و تەنگی بە دەسەڵاتە دیکتاتورە سەرەڕۆکانی ناوچەکە هەڵ چنیوە و بە چۆکی داهێناون.

ئەوەی کە جێگای باسەو لەکەس شاراوە نیە رۆڵی بەرچاو وپۆزەتیڤی ژنان و کچانی ئازادیخوازە لە سەرخستنی ئەم شەپولە ئازادیخوازیە داو پێکهێنانی ئالۆگۆری بنەڕەتی لە بنەمافیکری، سیاسی و ئیداری ناوچەکە دایە، بە لە بەر چاو گرتنی ئەوەی کە ژنان بەشی هەرەچەوساوەی کومەلگاکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستن و هاوکاتیش ئەوان بۆتانسیلی بە رچاون بۆ بەگژ دا چوونەوەی هەرچەشنە چەوسانەوەیەکی نەتەوایەتی رەگەزی و هتد...

هیوادارین هەروەک رابردوو لە داهاتووشدا هێزێکی جێگای باوەڕی چینە جیاجیاکانی کۆمەڵگای کوردی بن و کۆنگرەکەتان بتوانی ڕۆڵی کارا بگێڕێ لە ئالاهەڵکردنی خەباتی رزگاریخوازیی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان دا.

**بنیادی پشتیوانی لە**
**ڕێکخراوە دیموکراتیکەکانی**
**حیزبی دیموکراتی کوردستان**
**گەلاوێژ ۱۳۹۰**

# پەیامی ناوەندی یەکی کوردستان

## بەبۆنەی بەستنی کۆنگرەی سێهەمی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان

پیرۆزبایی خۆمان ئاراستەی ئێوەی بەڕێز و سەرجەم ژنانی تێکۆشەر کە هەردەم بۆ وەدیهاتنی ئامانجە پیرۆزەکانی گەلی کورد تێکۆشاون، دەکەین .بەڕێزان ئێوە لە هەل و مەرجێک دا کۆنگرە دەبەستن کە گەلی کورد زیاتر لە جاران پێویستی بە هاودەنگی سەرجەم ڕێکخراوەکانە .

هیوادارین ئێوەی ژنان لە چوارچێوەی هەرچی نوێتر کردنەوەی ڕێکخراوەکەتان و بەرەو پێش بردنی ئامانجەکانتان هەر وەک جاران زیاتر هەنگاو بنێن و بۆ بەستێن سازی و دروستکردنی ستراکتورێکی نوێ هاوچەرخ و هاودەنگ لەگەل حیزبە خۆشەویستەکەمان هەوڵ بدەن بۆ بەرەو پێش بردنی کاری ڕێکخراوەییەکەتان.

لە کۆتایی دا دووبارە هیوای سەرکەوتن بۆ کۆنگرەکەتان دە خوازین....

**بە سپاسەوە**
**ناوەندی یەکی کوردستان**
**۱۳۹۰/۵/۱۳ی هەتاوی**



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# پەیامی ئەنجومەنی بەرگری لە زیندانییە سیاسیەکانی رۆژهەڵاتی کوردستان

## بۆ سێهەمین کۆنگرەی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان

سڵاوێکی شۆڕشگێرانە !

یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان لە کاتێکدا کۆنگرەی سێهەمی خۆی دەبەستێ کە رۆژهەڵاتی ناوەراست بە گشتی و بە تایبەتی ئێران و کوردستان بە قۆناغێکی هەستیاردا تێ دەپەڕێ .

خەباتی چەندین ساڵەی ژنان لە جیهان بە تایبەتی ژنان لە کوردستان بۆ بەدەستهێنانی مافەکانیان جێگای سەرنج و دڵخۆشی یە .

ژنانی کورد بە تایبەتی لە ماوەی زیاتر لە سی ساڵی رابردوودا بۆ بە دەستهێنانی مافەکانیان لەگەڵ دواکەوتووترین حکوومەتی سەردەم واتە کۆماری ئیسلامی خەبات دەکەن و لەم رێگایەدا سەدان کەسیان شەهید و سەدان کەسی دیکە لە ژنانی کورد تووشی زیندان و ئەشکەنجە بوونەتەوە، بەڵام هەتا ئێستا کۆڵیان نەداوەو ئەم خەباتە هەروا درێژەی هەیە، هیوادارین لە سایەی خەبات و قوربانیدانی ژنان و هەموو چین و توێژەکانی کۆمەڵگای ئێران و کوردستان ئاڵوگۆڕی بنەڕەتی لە ئێرانی دیکتاتۆر لێدراو ئەنجام بدرێت و ئەو وڵاتەش ببێتە وڵاتێک کە لەودا مافی ژنان و هەموو چین و توێژێکی کۆمەڵگا رێزی لێ بگیرێ.

لە کۆتاییدا ئەنجومەنی بەرگری لە زیندانیە سیاسیەکانی رۆژهەڵاتی کوردستان جارێکی تر پشتیوانی خۆی لە خەباتی رەوای ژنان لە کوردستان دووپات دەکاتەوە.

کۆنگرەیەکی سەرکەوتوو بۆ هەمووتان بە ئاوات دەخوازین.

**ئەنجومەنی بەرگری لە زیندانیە سیاسیەکانی رۆژهەڵاتی کوردستان**
**١٣٩٠/٤/٢٩**



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# پەیامی یەکیەتیی لاوانی دێموکڕاتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان

## بۆ سێهەمین کۆنگرەی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان



ئەندامان و لایەنگرانی یەکیەتیی ژنانی دێموکڕاتی کوردستان.!

میوانە بەرێزەکان.!

بەشدارانی کۆنگرە.!

لە لایەن یەکیەتیی لاوانی دێموکڕاتی ڕۆژهەلاتی کوردستانەوە بە بۆنەی بەستنی سێهەمین کۆنگرەکەتان پیرۆزباییەکی گەرم پێشکەشی ژنانی کوردستان بەگشتی و ئەندامان ولایەنگرانی یەکیەتییەکەتان بە تایبەتی دەکەین و ئاواتە خوازین کۆنگرەکەتان بە سەرکەوتنەوە کۆتایی پێ بێت و ببێتە نوێنگەی ئیرادەیەکی بە هێز بۆ بەردەوامبوونی کاروانی خەباتی یەکسانیخوازی ئێوە ژنانی تێکۆشەر و هیوا و ئەزموونێکی گەورە و بەنرخ بۆ نەوەی نوێی گەلەکەمان.

بەشدارانی خۆشەویست!

زیاتر لە شەش دەیە بەربەرەکانی بێ پسانەوەی کاروانی خەباتی ڕێکخراوەکەتان دژی ڕێژیمەکانی ئیستبدادی، پاشایەتی و کۆنەپەرەستی کۆماری ئیسلامی ئێران و پێکهێنانی ئەزموون، هەوراز و نشێوەکانی خەبات بۆ یەکسانی، و دواکەوتن بە دوای ماف و ئازادیی ژنان دەرخەری ئەم ڕاستییە فەرامۆش نەکراوەیە کە یەکیەتیی ژنان توانیویەتی سەرەڕای ئاستەنگەکانی بەردەم تێکۆشانی خۆی، متمانەی کۆمەلانی خەلک وەدەست بێنێ و لە نێو ژنانی ڕۆژهەلاتی کوردستاندا شوێن دانەربێت و ببێتە نوێنەری ڕاستەقینەی خەباتی ژنان دژی زوڵم و ستەمی نەتەویی وچینایەتی.

بەتایبەتی لە ماوەی زیاتر لە سێ دەیەی ڕابردوودا یەکیەتیی ژنانی دێموکڕاتی کوردستان هەوڵی داوە کە کاروانی خەباتی ژنانی ڕۆژهەلاتی کوردستان بەشێوەیەکی مۆدێرن و سازماندراو لە گەڵ وەزعیەتی سیاسی و کۆمەلایەتی ئێستا ڕێک بخاو بۆ ئەرک وئامانجە گشتی‌یەکانی تێبکۆشێ و بەرەوپێشی بەرێ. بە درێژایی ئەم چەند ساڵە بە هەوڵ و هیممەتی ژنانی بوێر و جیابیر توانیویەتی جیا لە ئەرک و داخوازی‌یە سینفی‌یەکانی خۆیان وەک قەلایەکی بە هێز خزمەت بە بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانەی خەلکی کوردستان بکەن و خەباتی ڕزگاریخوازی گەلەکەمانیان بە هێزتر و پڕ جۆشتر



کردوە.

ژنانی کۆڵنەدەر!

ئێستا کە لە بەرەبەری دەستپێکی کۆنگرەکەتان دان ئاواتەخوازین بە یەک ڕیزی و یەکدەنگی بە هەموو هێز و تواناتانەوە بتوانن ڕێکخراوەکەتان بەرەوپێش بەرن و بە پێوەندی گرتن بە ژنانی ئازا و یەکسانیخواز لە ناو خۆی ڕۆژهەڵاتی کوردستان پردێکی بەهێز دابمەزرێنن و لە ئێستا زیاتر بەرنامە بۆ خەباتی ژنان لە گەڵ ڕێکخراوە هاوشێوەکانی تایبەت بە ژنان دابمەزرێنن تا بتوانن بزووتنەوەی ژنانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەردەوام لە گەشەدابێ وبەرەوپێش هەنگاو هەڵێنێ تا لە داهاتوویەکی نزیکدا ئەم بزووتنەوەیە ئازادی و یەکسانی بۆ ژنانی ڕۆژهەڵات بەرهەم بێنێ.

لە کۆتایی دا وێرای پیرۆزبایی هاوکاری و پشتیوانی خۆمانتان بۆ دووپات دەکەینەوە و ئامادەین هەر وەک هەمیشە هاوکار و هاوبیری یەکیەتیی‌یەکەتان بین.

**سەرکەوێ خەباتی یەکسانی خوازی ژنان.**

**سەرکەوێ سێهەمین کۆنگرەی یەکیەتیی ژنانی دێموکڕاتی کوردستان.**

**یەکیەتیی لاوانی دێموکڕاتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان**
**٢٧١١/٥/١٣ی کوردی**
**٢٠١١/٨/٣ی زایینی**



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# پەیامی یەکێتی نیشتمانی کوردستان مەکتەبی ڕێکخراوە دێموکڕاتیەکان ناوەندی کۆیە

## بۆ کۆنگرەی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان

بۆ بەڕێز/یەکێتی ژنانی دیموکراتی کوردستان

سڵاو....

بە خۆشحاڵیەوە نامەکەتانمان بەدەست گەیشت، وێڕای ئاوات خواستنمان بۆ سەرکەوتنی کۆنگرەکەتان، بە هیواین کۆنگرەکە ئەنجامێکی باشی هەبێت لە دەست نیشان کردنی کێشەکانی ڕێگای ژنان و بەربەستەکانیان و چارەسەری گونجاویان بۆ بدۆزێتەوە و بۆ ئەو بوارە بەرنامەی پەیڕەوو پرۆگرامی بە هێز دابڕێژرێت وە لەو پێناوەدا خەبات بکات بۆ لابردنی سەرجەم کۆسپ و تەگەرەکانی ڕێگر لە پێناو بە دەست هێنانی ئازادی تەواوی ژنانی گەلەکەمان،بە تایبەتی ئەگەر ڕەچاوی ئەوە بکەین ژنانی گەلەکەمان لە زۆربەی مافە سەرەتاییەکانی ئازادی وەک یەکی نێوان ژن و پیاو بێ بەشن.وە دەبێت ڕەچاوی ئەوە بکەن ژنی کورد لە کاتە سەختەکانی خەباتی شاخدا شان بە شانی هاوسەرو براکانیان لە شاخ جەنگاون،لە پرۆسەی بەدناوی ئەنفال خێزانەکانیان تاڵاوی سەختی ژیان و خەمی پەیداکردنی نان بۆ جگەرگۆشەکانیان و چەشنی ئازار و لە دەست دانی براو باوک و هاوسەرەکانیان قابیلی ئەوەیە لە بیر نەکرێن و نموونەی لە خۆبوردوویی قابیلی ئەوەن شانازیان پێوە بکەین و بیانکەین بە ڕەمز بۆ خەباتی ژنان،بە هیوای زمانی گفتوگۆ و سەردەمیانە بدۆزنەوە بۆ بنیاتنانی کۆمەڵگەی مەدەنی لە باشوری کوردستان،وە ڕۆڵی سەرەکی بگێڕن لەوبەشەی کوردستانی ئازیز و ئازاد و لێرەوی توری ڕێکخراوەکانی ژنان بە هێز بکەن تاک و بە شێوەیەکی دیموکراسیانە داگیرکەرانی کوردستان مەجبوری پێدانی مافەکانی گەلەکەمان بکەن،بە هیواین کۆنگرەی داهاتووتان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستانی ئازیز ببەستن، و ئامادەی سەرجەم هاوکاریەکین بۆ سەرخستنی کۆنگرەکەتان.

لەگەڵ ڕێزدا.........

**یەکێتی نیشتمانی کوردستان**
**مەکتەبی ڕێکخراوە**
**دیموکراتیەکان ناوەندی کۆیە**

## پەیامی ڕووناک ئەحمەد

## سکرتێری کۆمەڵەی ئافرەتانی کوردستان

بـۆ بەڕێز: یەکێتی ژنانی دیموکراتی کوردستان

بەناوی خۆم و کۆمەڵەی ئافرەتانی کوردستان لیژنەی ناوچەی کویە گەرمترین پیرۆزبایتان لێدەکەین و هیوادارم کۆنگرەکەتان سەرکەوتوو بێت و بتوانێ لە بوارەکانی کۆمەڵایەتی، سیاسی، ڕۆشنبیری لەسەر ئافرەتان قسە بکرێت و گفتوگۆی تێرو تەسەل لە خۆ بگرێت و ببێتە دەروازەیەک بۆ کەم کردنەوەی گرێ کوێرەکانی ژیانی ئافرەتان و ژنان چونکە ئافرەتانی کورد لەگەڵ ئەوەی قۆناغی ڕزگاری نیشتمانی لە کوردستانی باشوور پێی ناوەتە قۆناغێکی گرنگ و پێشکەوتوو هەندێ ئیشی زۆریش ماوە بۆ ڕزگارکردنی ناوچە کێشە لەسەرەکان بەڵام ئەمرۆ کوردستان پێشکەوتنی بە خۆوە بینیوە بەڵام دەبینین ڕێژەی تەڵاق وخۆسوتاندن و کوشتن و فرەژنی هەر ماوە ئەرکی سەر شانی هەمووانە تێبکۆشین بۆ نەهێشتنی ئەو دیاردە نەگریسانە.

دووبارە هیوای سەرکەوتن بۆ کۆنگرەکەتان دەخوازین

**ڕووناک ئەحمەد**
**سکرتێری کۆمەڵەی**
**ئافرەتانی کوردستان**
**لیژنەی ناوچەی کۆیە**



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# پەیامی یەکیەتیی ژنانی کوردستان

## بۆ کۆنگرەی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان



**بۆ کۆنگرەی سێیەمی یەکیەتیی ژنانی دێموکڕاتی کوردستان**

**هەموو کاتێکتان باش**

**ئامادەبووانی بەرێز**

خۆم بە خۆشحال ئەزانم ئەمجارەش بەشداری کۆنگرەکەتان بکەین ئومێدەوارین کۆنگرەکەتان بە چەندین بڕیاری بە پێزو خزمەتگوزاری بە ژنانی ڕێکخراوەکەتان دەربچێت ٠

دیارە ژنانی کوردستانیش بەشێکن لەژنانی جیهان بێبەش نین لە نەهامەتی و ستەمی کۆمەڵگا بۆیە پێویسە ژنانی هەر چوار پارچەی کوردستان و ژنانی ئاوارەی وڵاتانی دونیا بیروڕاکان یەک بخەن لە پێناو رزگار کردنی ژنان لە زوڵم وستەم ونایەکسانی و ماف و بەشە خوراوەکانیان٠

ئەمەوێت وەکو یەکێتی ژنانی کوردستان چەند پەیامێک بگەیەنم بەکۆنگرە بەرێزەکەتان بە مەبەستی خەبات کردن لە پێناو بەدیهێنانی مافە کۆمەڵایەتی و رۆشنبیری و یاساییەکانی تایبەت بەژنان٠

١- چڕکردنەوەی خەبات و تێکۆشان بۆ نزیک کردنەوەی ژنانی سەرجەم پارچەکانی کوردستان و ئاشنا بوون بەشێوازی کارکردن و خەبات کردن لە پێناو خزمەتی ژنانمان٠

٢- تێکۆشان لە پێناو نەهێشتنی توندوتیژی بەرامبەر بە رەگەزی مێینە٠ هەرچەند ئێستا مایەی خۆشحاڵییە پەرلەمانی کوردستان ئەم یاسایەی پەسند کردوە٠

ئومێدەوارین بچێتە بواری جێ بەجێکردن ٠

٣- هەوڵدان بۆ زیاتر توندوتۆل کردنی پەیوەندییەکانمان لەگەڵ ئەندامانی پەرلەمانی وڵاتانی جیهان بەگشتی و ئەو وڵاتانەی کە کوردستانی گەورەی بەسەردا دابەش بووە٠

٤- گرنگیدان بەباری تەندروستی خێزان

٥- ئاشنا کردنی ژنان بە مافە یاساییەکانیان بۆ پارێزگاری کردن لە خۆیان و مافەکانیان٠

٦- گرنگی دان بە پەروەردە کردنی منداڵان لەسەر بنەمای یەکسانی و دوور لە توندو تیژی٠

٧- کار کردن لەسەر توندو تیژی

پەیوەندی لە نێوان ژن و پیاو لە خێزان و کۆمەڵ دا٠

لە کۆتاییدا سەرکەوتن بۆ کۆنگرەکەتان ئەخوازم.

دووبارە پیرۆزبێت هەربژین بۆ خزمەتی گەل و نیشتمان

**چیمەن رفیق عبدالکریم**

**یەکێتی ژنانی کوردستان**



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# پەیامی ژنانی کۆمەڵەی
# زەحمەتکێشانی کوردستان

## بۆسێهەمین کۆنگرەی یەکیەتیی ژنانی دێمۆکراتی کوردستان

بەڕێزان، بەشداربووان و ئەندامانی کۆنگرە:

وێڕای سڵاو و ماندوو نەبوون، پیرۆزبایی بەستنی سێهەمین کۆنگرەتان لێدەکەین و هیواداریین کە بتوانن بە یەکریزی و یەکدڵی، کێشە و پرسی ژنانی ئێران بە گشتی و بە تایبەتی کوردستان لەم دۆخە بدەنە بەر باس و لێکدانەوە.

بەڕێزان:

ئێوە لە کاتێکدا سێهەمین کۆنگرەی خۆتان دەبەستن کە لە ئێرانی ژێر دەسەڵاتی ڕەشی کۆماری ئیسلامی ژمارەیەکی بەرچاو لە ژنانی چالاک لە نێو زیندانەکاندان و سزای قورسیان بە سەردا سەپاوە. دۆخی ژیانی ژنانی ئێران ڕۆژ لە گەڵ ڕۆژ بەرەو خراپتر بوون دەچێت و سیاسەتە هەڵەکانی کۆماری ئیسلامی زیاترین کاریگەری نێگەتیڤی لە سەر ژیانی ئەوان هەیە. پێشێل کردنی مافەکانی ژنان هەر لە سەرەتای هاتنە سەرکاری ئەم ڕژیمەوە تا ئێستا بووە بە پێناسەیەکی واقیعی و پێ دەناسرێتەوە. ژنانی کوردیش لەم نێوەدا بەردەوام لە خەبات دژی کۆیلەتی و بێ مافی ژنان بوون و وێڕای بەشداری لە بزووتنەوەی ڕزگاریخوازانەی گەلەکەیان،



تێکۆشاون بۆ یەکسانیی نێوان ژن و پیاو. بەڵام سەرەڕای ئەو هەموو قوربانی و فیداکارییەی ژنانی کورد، بە پێی پێویست ئاوڕیان لێنەدراوەتەوەو یان بە واتایەکی دیکە ئەو هەوڵانەش کە دراوە زۆر کەمە و وەڵامدەرەوەی خواستی ژنان نییە. بۆیە دەبێ ئەمە وەک خاڵێکی گرنگ بخرێتە بەر باس و لێکۆڵینەوە و چیتر ڕێگە نەدرێت پرسی ژن بخرێتە پەراوێزی پرسە گرنگەکانی دیکەوە. بوونی ژنان لە سەرکردایەتی حیزبە سیاسیەکانی کوردستان، خاڵێکی گرنگ کە ئەمڕۆ تا ڕادەیەک بە دی هاتووە، بەڵام هێشتاکە ژنان ئەو قورساییەیان لەم ناوەندانە نییە کە بتوانن بە بیرۆکەیەکی یەکسانیخوازی کاریگەریان هەبێت لە سەر دارشتنی سیاسەت و ستراتیژی حیزبەکان، بۆیە بایەخدان بەم مەسەلەش لە ئەستۆی هەمووی ژنانی خەباتکار و تێکۆشەری کوردە تا بتوانین لە داهاتووی ئازادی گەلەکەمان دەور و ڕۆڵی کاریگەرمان هەبێت. بزاڤی ژنی کورد و داخوازیەکانی ئەوان، ئەمڕۆ لە هەر کاتێکی دیکە زیاتر بەرچاوەو هیچ لایەن و حیزبێک بە بێ بایەخدان بە پرسی ژن ناتوانێت سەرکەوتن بە دەست بێنێت. لە هەمان کاتیشدا یەکریزی و یەکێتیی نێوان ژنانی کورد زامنی سەرکەوتنی خەباتی ژنانە. دووبارە بە هیوای سەرکەوتن بۆ هەموو لایەکتان.

**ژنانی کۆمەڵەی**
**زەحمەتکێشانی کوردستان**
**١٢ی گەلاوێژی ١٣٩٠**



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# پەیامی ڕێکخراوی ئازادیی ژنانی کوردستان – نینا

## بۆ کۆنگرەی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان

بەڕێز: لێژنەی ئامادەکاری کۆنگرەی سێی یەکێتی ژنانی دیمۆکراتی کوردستان

سڵاوێکی خوشکانەی گەرم!

بەبۆنەی گرێدانی سێهەمین کۆنگرەی یەکێتییەکەتان، بەناوی سەرجەم ئەندامانی ڕێکخراوی ئازادیی ژنانی کوردستان «نینا» پیرۆزباییەکی گەرم پێشکەشی بەڕێزتان و گشت ئەندامانی ڕیزەکانتان دەکەین.

ئاواتەخوازین بڕیارنامە و پەسندکراوەکانی کۆنگرەکەتان لە خزمەت جووڵانەوەی ڕەوای ژنانی وڵاتەکەمان و بەرژەوەندی خەباتی نەتەوەیی کورد و کوردستاندا بێ و پرسی خەباتی هاوبەشی ڕێکخراوەکانی ژنانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان تەوەرێکی سەرەکی کۆنگرەکەتان پێک بێنێ و ئێمەی ژنان ئەو شانازییە لە مێژوودا بۆ خۆمان تۆمار بکەین و لەو پرسەدا خاوەن سەرووەری و داهێنان بین.

بەڕێزان، کۆنگرەکەتان لە کاتێکدا پێکدێ کە دۆخی ژیانی ژنانی چەوساوەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان زیاتر لە هەموو کاتێک بەرەو ئاڵۆزی دەچێ و زوڵم و زۆر لە دژی ژنان و بنپێکردنی مافەکانی لە سێبەری دەسەڵاتی ڕەشی کۆماری ئیسلامیدا لەو پەڕی پەرەسەندن دایە.

ژنانی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان ئەگەر جارێک وەک هەر مرۆڤێکی دیکەی کورد لە ماف و ئازادییە سیاسی و نەتەوەییەکانی بێ بەشە، جارێکیش وەک ژن بە دەست داب و نەریتە کۆنەکانی کۆمەڵگاوە لە ژێر گوشار و چەوسانەوەدایە؛ بۆیە پێویستە زیاتر لە هەموو لایەک بە تین و گوڕێکی پترەوە بێنە مەیدان و لە پێناوی ئازادییەکانماندا تێبکۆشین.

بێگومان گەیشتنمان بە ئازادییە تایبەتییەکانمان وەک ژنان پەیوەستە بە ئازادیی و ڕزگاریی یەکجاریی وڵاتەکەمانەوە؛ بۆیە پێویستە خەباتەکەمان بە خەبات لە پێناو ڕزگاریی کوردستانەوە گرێ بدەین.

لە کۆتاییدا جارێکی دیکە پیرۆزبایی لە بەڕێزتان دەکەین و لەم دەرفەتە کەڵک وەردگرین و پێ لە سەر پتەوکردنەوەی پێوەندی نێوانمان ڕێکخراوی ئازادیی ژنانی کوردستان و یەکێتی ژنانی دیمۆکراتی کوردستان دادەگرینەوە و سەرکەوتن لە کۆنگرەکەتان بۆ بە ئاوات دەخوازین.

**ڕێکخراوی ئازادیی ژنانی کوردستان–نینا**
**٢٨ پووشپەڕی ٢٧١١**
**١٩ جولای ٢٠١١**



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# پەیامی ئەنجوومەنی ژنانی ئازادی پارتی چارەسەری دێموکراتی کوردستان PGDK

«ژن ژیانە و بە بێ ئازادیی ژن هیچ کۆمەڵگاییێک ئازاد نابێت»

«سێهەمین کۆنگرەی ژنانی حیزبی دێموکراتی کوردستان پیرۆز بێت»

بەرێزان بەشداربووان و ئەندامانی کۆنگرە،سەرەتا سڵاوی گەرمتان پێشکەش دەکەین و لە خەباتی کۆنگرەکەتاندا سەرکەوتنتان بۆ دەخوازین.وەک دەزانن،رۆژهەڵاتی ناوەراست بە قۆناغێکی هەستیار و بە قەیرانێکی سیاسی و ئابووری زۆر گەورەدا تێپەر دەبێت.ئەو قەیرانە ئەنجامی ئەو سیاسەتەیە کە سیستمی سەرمایەداری و رژێمە دیکتاتۆرەکانی هەرێمەکە،بە درێژایی تەمەنی خۆیان،لە پێناوی بەرژەوەندییەکانیان، خوێنی گەلانی هەرێمەکە دەمژن و ترس و ئەشکەنجە و دڵەراوکێ یان کردوەتە بەشێک لە ژیانی گەلان. لە کاتێکدا شەپۆلێکی فراوانی سەرهەڵدانی گەلانی هەرێمەکە لە دژی ئەو زوڵم و دیکتاتۆریە کە دەستییپێکردوە و هەر دەروات و پەرە دەستێنێت،هەر ئەو سیستمە جارێکی تر لە ژێر ناوی هێنانی دێموکراسی،لە هەوڵی ئەوەدایە کە بە چەمکی لیبرالیزمی نوێ کە هەمان منداڵی سیستمی پیاو سالاری و سەرمایەدارییە. دەست بە سەر نرخەکانی گەلانی هەرێمەکە دابگرن و جارێکی تر بە گۆرانکارییەکی ڕواڵەتی، دەسەڵاتی خۆی بسەپێنێت. ئەو رەوشە وەکوو بازرگانیەکی شارەزایانەیە کە هەموو چەشنە دەمامکێک بەکاردێنرێت. دیارە لە بەرامبەر ئەو هێرشە،وشیارییەکی دیموکراتیانە و ئایدۆلۆژێکی پێویست.هەمووومان دەزانین کە سیستمی لە سەرمایەداریدا، ژن وەکو کاڵاییێکی ریکلام و بازرگانی پێوەکردن بەکاردەهێنرێت.ئەوە لە کاتێکدایە کە ژنانی کورد ئەمرۆ لە گۆرەپانی سیاسی و کۆمەڵایەتی و کلتوری و لەشکەرکشیدا،رۆڵی پێشەنگایەتیان

بە ئەستۆگرتوە. نموونەی کرداری ئەو پێشەنگایەتیەش لە هەڵبژاردنەکانی ئەو دواییەی باکووری کوردستان، لە کۆی ٣٦ پارلەمانتار.١٣یان ژن بوون. هاوکات یەکەمین کۆنفرانسی نەتەوەیی ژنانی کورد کە ماوەیێک لەمەوبەر لە شاری ئامەدی باکووری کوردستان پێکهات، بوێری و لێهاتوویی و پێشەنگی ژنانی کوردی بە هەموو دونیای نیشاندا. ژنانی کورد سەلماندیان کە دەتوانن رێ لە بەر ئاشتی و چارەسەری دیموکراتیانەی پرسی کورد بکەنەوە و بەبێ گوێدانە هەر چەشنە پڕو پاگەندەییەک، بە هێزو ئیرادەی خۆیان ئەرکەکانی قۆناخ جێبەجێ بکەن و بەم شێوەیەش چەمک و عەقڵیەتی کلاسیک و رزیوی پیاو سالارییان شکاند.

لە مێژووی دوورو نزیکی شۆرشی ئازادیخوازی گەلەکەماندا، ژنانی تێکۆشەر و شۆرشگێر کە گیانی خۆیان لە پێناو ئازادی گەلەکەیان بەخت کردوە، سەرچاوەی مۆراڵ و ورەی گەلەکەمانن. شەهید لەیلا قاسم کە هەتا دوا هەناسەی تەسلیمی رژێمی فاشیستی بەعس نەبوو و دوایین داوای ئەوە بوو کە بە جلی کوردییەوە لە سێدارە بدرێت. هەروەها شەهید شیرین عەلەم هولی کە لە زیندانی رژێمی درندە و فاشیستی کۆماری ئیسلامیدا تەسلیم نەبوو لە پێناو شەرەف و کەرامەتی نەتەوەکەی و ئازادی ژناندا پەتی سێدارەی هەڵبژارد. شەهید ڤیان جاف کە لە تەڤگەری ئازادیخوازی گەلی کوردستاندا فەرماندەیەکی لێهاتوو و ژنە پێشەنگێکی راستەقینە بوو،



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

بە چالاکییە گیانبازییەکەی ناوی خۆی وەکوو ڕەمزی بەرگری لە شەرەف و کەرامەتی نەتەوەیی و ژنانی کورد لە پەلکە زێرینەکانی مێژووودا تۆمارکرد.

ڕۆڵ و پێشەنگایەتی ژنانی کورد لە هەموو گۆڕەپانەکانی تێکۆشاندا،ئیدی جێی خۆی کردوەتەوە و بە هەموو شێوەیەک خوی سەلماندوە. بۆیە پێویستە ژنانی کورد بە یەکدەنگی و هاوهەڵوێستی خۆیان، لە پێناوی یەکێتی نەتەوەیی و دیموکراتی گەلی کورد دا هەوڵ و تێکۆشانی خۆیان چڕ بکەنەوە. لە پێناودا ئامادەکاری بۆ بەستنی دووهەمین کۆنفرانسی نەتەوەیی ژنان لە هەولێر زۆر گرنگە و پێویستە هەمووومان هەوڵی بۆ بدەین. لە ئەمرۆی تێکۆشانی گەلی کورد دا ژن ئیدی ناوەندی بەرخۆدان و ئازادیخوازییە، بۆیە دەبێ خاوەندارێتی لەو ڕۆڵ و پێگەیە مێژووییەمان بکەین.

لە کۆتاییدا جارێکی تر ڕێز و خۆشەویستی خۆمان ئاراستەی ئێوەی بەڕێز دەکەین و هیوای سەرکەوتن بۆ کۆنگرەکەتان و سەرجەم ئەندامان و بەشداربووانی دەخوازین.

لە گەڵ سلاو و ڕێزی شۆرشگێری

**ئەنجوومەنی ژنانی ئازادی**
**پارتی چارەسەری دیموکراتی**
**کوردستان PGDK**
**٢٠١١/٨/٤**

# کۆمیتەی ژنانی کۆمەڵە _ پارتی سۆسیال دێموکراتی کوردستان

ئامادە بووانی خۆشەویست!

بەڕێزان، کادرو ئەندامانی تێکۆشەری یەکێتی ژنانی دێموکراتی کوردستان

لە لایەن کۆمیتەی ژنانی کۆمەڵە_ پارتی سۆسیال دێموکراتی کوردستانەوە گەرمترین پیرۆزباییتان ئاراستە دەکەین بە بۆنەی بەستنی سێهەمین کۆنگرەی یەکێتی ژنانی دێموکراتی کوردستان.

ئێوە لە کاتێکدا سێهەمین کۆنگرەی خۆتان دەبەستن کە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بە گشتی و کوردستان بە تایبەتی بەرەو گۆرانکاریەکی خێرا هەنگاو دەنێت. کاروانی بەرەو پێشچوون و پێشکەوتنی کۆمەڵگای مرۆڤایەتی قۆناغی زۆر سەخت و جۆراوجۆری بڕیوەو ژنان وەک نیوەی زیاتری کۆمەڵگا فیداکاری و گیانبازی بێ وێنەیان بۆ دەستەبەرکردنی ئەو پێشکەوتنانە کردووە. سەرەڕای ئەو بەرەوپێشچوونانە هۆکاری مێژووی ژێردەستەیی ژنان واتە توندوتیژی سیستماتیک و بەرنامە داڕێژراو لە دژی ژنان و هەروەها ئایین و هێما مێژووییەکانی دەسەڵاتی پیاوانە ڕۆژانە بە ملوێنان ژن لە جیهان دەچەوسێنێتەوە. شەڕ و کلتووری شەڕخوازانە،ئایین و لەمپەرە کۆمەڵایەتیەکان و بیری پیاو سالارانە ئەو هۆکارانەن کە زۆرترین زیانی جەستەیی و مەعنەوی دەگەیەنێتە ژنان. لە هەمانکاتدا دەسەڵاتە پیاوانەکان و ئەو ناوەندانەی کە بە مەبەستی پەرەپێدان بە دەسەڵاتی پیاوانەو پاراستنیان بنیاتنراون وەکوو ئامرازێک دەڕواننە ژنان و پێگەی کۆمەڵایەتی ژنان.

کۆماری ئیسلامی ئێرانیش وەکوو دەسەڵاتێکی ئایینی و پیاوسالارانە هەر لە سەرەتای هاتنە سەرکاریەوە سەرکوت کردنی ژنانی کردە یەکێک لە ئامانجە سەرەکیەکانی خۆی و دەستی لە هیچ چەشنە توندوتیژیەک دژ بە ژنان نەپاراست.هیچ جێی گومان نیە کە کۆماری ئیسلامی بە بەرنامەوە پلانی تایبەتەوە لە گەڵ کێشەی ژناندا ڕووبەڕوو بووەو هەر لە پۆششی زۆرەملێ ژنانەوە بیگرە تا هەڵاواردنی جنسی لە هەموو ئاستەکانی کۆمەڵگاو بەردباران و ڕێگە خۆش کردنی یاسایی بۆ کوشتنی ژنان لە ژێرناوی جۆراوجۆر، هەمووی بۆ سەرکوت کردنی ژنان و پەراوێز خستنی ژنان وەک نیوەی زیاتری کۆمەڵگا بووە و بۆ گەیشتن بەو ئامانجەی لە هیچ چەشنە تەندوتیژییەک درێغی نەکردووە و ئێستاش بۆ داڕشتنەوەی پەیکەری خۆی لە سەر بنەماکانی پێشوو پەلەقاژە دەکات و دڕنانە بۆ مانەوەی،تەواوی سنورەکانی ئەخلاقی و مافی مرۆڤی بەزاندووە.

لەم نێوەدا ژنانی کوردستان، بەتایبەتی لە بەرئەوەی چەوسانەوەی نەتەوەییان لە سەرە، مافەکانیان زۆر کەمتر و باری سەر شانیان زیاتر و ئازارەکانیان زۆر زیاترە. ژنانی کوردستان لە ئابووریی خراپی فەرزکراو و لە فەوزایەکی بێ خزمەتگوزاریی پلان بۆداڕێژراودا دەژین. دەوڵەتی داگیرکەری هەموو جۆرە شێوەیەکی سەرکوتکردن بە ئامانجی دواخستنی کاروانی پێشکەوتنی کۆمەڵگای کوردستان و لەوانە خەباتی ژنان، بە کار دەهێنن. دەوڵەتی داگیرکەری کۆماری ئیسلامی بە هەموو شێوەیەک هەوڵ دەدات ئەو فەزای وەحشەت و ترسە لە کوردستان



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

بهیلێتەوە. ژنان و منداڵان لەو فەزایەدا یەکەمین و گەورەترین قوربانیین. هەر لە بەر ئەو چەوساندنە نەتەوەیی و چینایەتیی و جنسییەیە کە ژنانیکوردستان سەربەرزە و پشت بەخۆ ئەستوور بە بەردەوامیی لە خەباتێکی سەخت و بێووچاندان. ژنان هەر وەکو پیاوان و بگرە زیاتریش لە سەنگەری خەباتی پێشمەرگانە و زیندان و سیاچاڵەکان و جۆرەکانی دیکەی خەبات هەڵسووڕاوی سیاسییان کردووە و دەیکەن.لەبەر ئەوە بە ئاسانیی ناتوانرێت نکۆڵی لە مافی بەرابەر و خەباتیان بۆ بە دەست هێنانی یەکسانی بکرێت.

ئەمڕۆکە بە دوای زیاتر لە سێ دەیە چالاکی سیاسی لە ژێردەستی داگیرکاری کۆماری ئیسلامی ئێراندا. دەتوانین دان بە بوونی بزووتنەوەیەکی خاوەن ئەزمونی ژنانی کورد دابنێین. بزووتنەوەیەک کە ئاشنایە بە پێناسەی خۆی. وەخەبەرهاتنێکی گەورەی کۆمەڵایەتی کە سەڵانێکی زۆرە لە ژێر عەباو چادری رەشی داسەپاودا، مەجالی دەنگ هەڵبڕینیان پێ نەدەدرا، نیشاندری ئەو راستییە کە بزوتنەوەی حەقخوازانە و بەرابەریخوازانەی ژنان بۆ پێداگری لە سەر مافەرەواکانیان، سەرسەختانەتر لە هەرکاتێک هەنگاوی کاریگەریان هەڵێناوە. ژنانی کوردستان بە ئارەقی نێوچەوان و بە خوێنی خۆیان ئەو مێژووەیان تۆمار کردووە. ژنانی کورد بە تایبەتی یەکێک لە دواژرترین و لە هەمان کاتدا پڕئەزموونترین سەردەمی خەباتی خۆیان تێپەرکرد.گیران و ئازارو ئەشکەنجە دران، گیانیان بەخت کرد بەڵام بەردەوام بوون لە دەنگ هەڵبرین و کۆڵ نەدان.

بەم جۆرە مۆری خەبات و کۆڵنەدانی خۆیان لە رەوتی رووداوەکان داو کاریگەری خۆیان لە سەرفەزای سیاسی و بردنە سەری ئاستی وشیاریو فەرهەنگیگشتی دانا کە شیاوی بایەخدانن.

ئەزموونە جیاوازەکان لە وڵاتانی دنیا نیشانی داوە کە بزووتنەوەی ژنان لە کاراکتێرە جیاوازەکانی فیکری و سیاسییێک هاتووە. ژنان جیاواز لەپلەی کۆمەڵایەتی، ئابووری و سیاسی و روانگەکانیان لە بەرەیەکدا کۆبوونەتەوەو بزووتنەوەیەکی بەربڵاوی کۆمەڵایەتیان هێناوەتە ئاراوە کە بۆ بە دەست هێنانی مافییەکسان، هەڵاواردن و یاسا نابەرابەرەکانیان هێناوەتە ژێر پرسیارەوە. گومان لەوەدا نیە کەژنان بە جیاوازییەکانیانەوە توانیویانە لە بزووتنەوەیەکی یەکسانیخوازیدا ئامانجی هاوبەش بدۆزنەوەو بۆ دۆزینەوەی رێگەی چارەسەری کێشەی هەڵاواردنی رەگەزی یەکگرتووتر بن. یەکیەتیی ژنان بە مانای هاوتەریب بوونی روانگە جیاوازەکانی کۆمەڵایەتی و سیاسی ئەوان نیە، بەڵکو هاودەنگی ژنانە کە سەرەرای جیاوازییەکانیان بۆ پێهکێنانی کۆمەڵگەیەکی یەکسان و نەمانی هەڵاواردنی جنسی شان بە شانییەک تێدەکۆشن. لە بزووتنەوەی گشتی ژنانی سێکۆلار و ئایینی، ژنانی مۆدێرن و سوننەتی سەرەرای جیاوازی سیاسی و فکری بەڵام پێکەوی و هاوشانی یەکتر لە بەرامبەر بیری یەکگرتووی و هاودەنگی و هاوخەباتی بن. ئەگەر حیزبەکانی کوردستان نەیانتوانیوە لە دەوری یەکگرتوویی و هاوبەستی کوردستانی کۆ ببنەوە ئەوەژنی کوردە دەبێ هاندەر و رێگەخۆشکەری هاودەنگی نیشتمانی بێ. هیواداریین لەم کۆنگرەیەدا سەرەرای ئەوەی خوێندنەوەی قوڵ و ئەمرۆیانە بۆ کێشەکانی ژنانی رۆژهەڵات بکرێ هیواداریین یەکیەتیی ژنانی دێموکراتیک هەنگاوی گەورەتر هەڵبگرێ بۆ یەکیەتییەکی گەورەتر لە نێوان سەرجەم ژنانی کوردستان بەگشتی و ژنانی رۆژهەڵاتی کوردستان بەتایبەتی.

جارێکتر پیرۆزباییتان لێدەکەین و هیوای سەرکەوتنتان بۆ بە ئاوات دەخوازین.

**کۆمیتەی ژنانی کۆمەڵە _ پارتی سوسیال دێموکراتی کوردستان**
**١٣ی گەلاوێژی ١٣٩٠ی هەتاوی**

# پەیامی رێکخراوی یەکگرتووی خوشکانی ئیسلامی کوردستان

«بە ناوی خودای گەورەو میهرەبان»

بابەت/ بروسکەی پیرۆزبایی

بە ناوی سەرجەم ئەندامانی رێکخراوی یەکگرتووی خوشکانی ئیسلامی کوردستای ناوچەی کۆیە/ پیرۆزبایی کۆنگرەی سێهەمی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان دەکەین.هیواداریین ئەم کۆنگرەیە زیاتر هەوڵی دەست نیشان کردنی میکانیزمی رێ و شوێنی باشترو گونجاو بۆ گەیشتن بە یەکسانیەکی دادپەروەرانە بدرێت و لە سایەی هەماهەنگی سەرجەم رێکخراوەکانی ژنانی کوردستان هەنگاوی باشتر بنرێت بۆ گەیشتن بە سەرجەم مافە رەواکانی ژنان.

بەهیوای سەرکەوتنی کۆنگرە

**رێکخراوی یەکگرتووی خوشکانی ئیسلامی کوردستان**
**ناوچەی کۆیە**
**٢٠١١/٨/٤**



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# پەیامی مەڵبەندی ١٤ی ڕێکخستنی کۆیە

بەڕێز/یەکێتی ژنانی دیموکراتی کوردستان
بەبۆنەی بەستنی سێهەمین کۆنگرەی یەکێتی یەکەتان، گەرمترین پیرۆزبایی و جوانترین چەپکە گوڵی وەفاداریمان پێشکەش ئەکەین بە هیواین کۆنگرەکەتان لە کارەکانی سەرکەوتوبێت و بە بڕیاری دروست کۆتایی بە کارەکانی بهێنێ، بە تایبەت ئێمڕۆ کە با هۆزی دیموکراسی و شنەبای گۆڕانکاری هەڵی کردوەو ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستی کوردستانی نیشتمانەوە گرتۆتەوە ئومێد ئەکەین خەباتگێران و هەڵسووڕوانی یەکێتی یەکەتان لە پێناو یەکسانی و مافی ژنان لە ئاستی بەرپرسیارەتی مێژوویی خۆیان دابن وە دووبارە سەرکەوتوو بێ سێهەمین کۆنگرەی یەکیەتیی ژنانی دیموکراتی کوردستان.

**مەڵبەندی ١٤ی**
**ڕێکخستنی کۆیە**

# پەیامی یەکێتی ماموٚستایانی کوردستان_کۆیە

پڕ بە دڵ پیرۆزبایی خۆمان ئاراستەی یەکێتی ژنانی دیموکراتی کوردستان دەکەین بە بۆنەی سێهەمین کۆنگرەیان.
هیوای سەرکەوتن و بەختەوەریان بۆ دەخوازین.
ئۆمێدەوارین ژنان هەردەم هۆشیار و ڕووناکبیر و دڵسۆزو خزمەتگوزار بن بۆ گەل و نیشتمان
ئیتر هەر سەربەرزو سەر بڵند بن.

**یەکێتی ماموٚستایانی**
**کوردستان_لقی کۆیە**
**٢٠١١/٨/٤**

# کۆمەڵەی کوردستانێکی سەوز_ناوەندی کۆیە

بەڕێزان ڕێکخەرانی سێهەمین کۆنگرەی یەکیەتیی ژنانی دیموکراتی کوردستان.
بەبۆنەی بەستنی کۆنگرەکەتانەوە ئێمەی ناوەندی کۆیەی کۆمەڵەی کوردستانێکی سەوز، دەستخۆشیتان لێ دەکەین و هیوای سەرکەوتن بۆ کۆنگرەکەتان دەخوازین.هەروەک پێزانینی خۆشمان بۆ ستافی پێشوو دەردەبرین کە پەیوەندی توند و تۆڵمان لە ڕێکخراوەکانی کۆیە دا هەبوو.
بۆستافی داهاتووش ئومێدی سەرکەوتنیان بۆ دەخوازین.

**لە گەڵ ڕێزماندا مافپەروەر:**
**رزگار فقی سلیم**
**ل.ناوەندی کۆیەی**
**کۆمەڵەی کوردستانێکی**
**سەوز**



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# پەیامی مامۆستا مومتاز حەیدەری



بەڕێزان: ئەندامانی سێهەمین کۆنگرەی
یەکێتیی ژنانی دیموکراتی کوردستان
سڵاوێکی دادپەروەرانە و ئازادیی ژنان
بە سوپاسێکی زۆرەوە نامەکەتانم بەدەست گەیشت. پێشەکی لە ناخەوە، لە روانگەی چەمکی مافی مرۆڤەوە، بەتایبەتی چەمکی مافی ژن، لەوەش رۆشنتر تێکڕای کچ و ژنانی کوردستان، بەتایبەتی ژنانی رۆژهەڵاتی کوردستان، کە بە دوو سەرە چەوسێنراون و دەچەوسێنرێنەوە، پیرۆزبایی لە کۆنگرەکەتان دەکەم، ئومێد دەکەم لەپێناو کامەرانی و یەکسانیی کۆمەڵایەتی و سەرفرازیی نەتەوەیی سەرکەوتن وەدەست بێنن.

بەڕێزان...
بێگومان زۆر رۆشن و ئاشکرایە، رەوشی سیاسی، نەتەوەیی، کۆمەڵایەتیی ئێوە زۆر سەختە، بۆیە کە ئەو رێگایەتان رێگای بەختیاری و ئازادیی ژن هەڵتان بژاردووە، رێگایەکی زۆر دژوارە و بە ئاسانی سەرکەوتن وەدەست ناهێنرێ، لەبەر ئەوە، زێدە مایەی شانازیی نەتەوەکەمانن، لێرەوە، دەبێ بەر لە هەموو شتێ، یەکڕیزیی جووڵانەوەی ژنانی کوردستان لەبەر رۆشنایی ئاسایشی نەتەوەییمان لەم کۆنگرەیە لەبەرچاو بێ...
هاوکات دەبێ لە هەموو دەرفەتێکی خەبات و چالاکیی هەمەجۆری فەرهەنگی، سیاسی، کۆمەڵایەتی، نەتەوەیی لەپێناو ئەنجامدانی پەیامە پیرۆزەکەتان بە قازانج وەربگیرێ.
دووبارە پیرۆزە.
لە کۆتاییدا، منیش لەلایەن خۆمەوە، وەک خاوەن قەڵەمێکی سەربەخۆ و خودان و سەرنووسەری گۆڤاری «لەیلا قاسم – لەیلا زانا» پشتگیریی تێکڕای هەوڵ و چالاکییەکانتان دەکەم و لاپەڕەکانی ئەم گۆڤارە بۆ ئێوەی تێکۆشەری رێگەی ئازادیی ژیان، والایە.

**سوپاس**
**سەرنووسەر**
**مومتاز حەیدەری**

# پەیامی منداڵپارێزی کوردستان

بەڕێز/یەکێتی ژنانی دیموکراتی کوردستان
بابەت/بروسکەی پیرۆزبایی
لە ناخی دڵمانەوە پیرۆزبایی بەستنی سێهەمین کۆنگرەی یەکیەتیەکەتان پێ ڕادەگەیەنین. دەمانهەوێت بڵێین یەکیەتیی ژنانی دیموکراتی کوردستان یەکێک بووە لەو ڕێکخراوانەی لە ریزی پێشەوەی گۆرەپانی کوردستان کەوا خزمەتێکی بێ پایانی ژنان و کچانی کوردستان بە گشتی کردوە. وە ئێمەش وەک سەنتەری چالاکی گەنجانی کۆیە هەمیشە خۆمان بە پاڵپشت دادەنێن بۆ بە دەستهێنانی گشت ئازادیەکان. بۆیە جێگای خۆیەتی دەست خۆشیی و هیوای سەرکەوتن بۆ ئەم ڕێکخراوە بخوازین. هیواداریین لە سێهەمین کۆنگرەدا بتوانرێت گشت مافە زەوت کراوەکانی ژنان دەستە بەربکرێت .
لە گەڵ ڕێزدا

**ئەمیر ئەحمەد**
**بەڕێوەبەری**
**سەنتەری چالاکی**
**گەنجانی کۆیە**
**٢٠١١/٨/٤**
**١٣٩٠/٥/١٣**



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# وتەکانی خاتوو کوردۆ عومەر

## بەڕێوەبەری بە دوا داچوونی توند و تیژییەکان و نوێنەری وەزارەتی ناوخۆی هەرێمی کوردستان



بەڕێزان!

ئامادەبووانی کۆنگرەی سێیەمی یەکیەتیی ژنانی دیموکراتی کوردستان پیرۆزباییەکی گەرمتان لێ دەکەم لە سەرجەم ژنانی کورد.

دیارە درووشمەکان هەموو ئەو درووشمانەی هەڵتان گرتووە درووشمی زۆر گەورەیە، کارەکانیشتان کاری زۆر گەورەیە و وەکوو خاتوو سۆهەیلا و کاک خالید ئاماژەیان پێ دا، ئەرکەکانتان قورسە بە تایبەتی کاتی بەستنی کۆنگرەکەتان کە کاتێکی دیارە زۆر گونجاوە بە هۆی هەڵکردنی شنەی بای دیموکڕاسی لە سەرجەم ڕۆژهەڵاتی ناوەراست و هەم بوونی دیکتاتۆرەکان لە ناو قەفەسی ئیتهام . دیارە ئەو خۆی لە خۆی دا خۆ ئامادەکردنێکی باشە بۆ ئێوەی ژنانی شۆڕشگێر بۆ داهاتووی ڕۆژهەلاتی کوردستان

بەڕێزان!

دیارە ئێمە چ ڕێکخراوەکانی یەکیەتیی ژنانی کوردستان چ ئافرەتان. هەموو ئەو ڕێکخراوانەی کە پێش و پێش رزگار کردنی باشووری کوردستان و دروستکردنی حکوومەتی هەرێم هەمان هەوڵی ئێوەیان داوە کۆمەڵێک هەوڵی زۆر گرینگیان داوە بۆ هەم پێگەیاندنی کادیری ژن و بۆ دەستەبەر کردنی مافە نەتەوایەتیەکان و هەم مافە چینایەتیەکان و مافی ژنان بۆ یەکسانی ژنان. دیارە بەڵام ئەوەی ئێمە داوا لە ئێوەی خۆشەویست دەکەین ئەوەیە کە پێگەیاندنی کادیری ژنی بە توانا بۆ خۆ ئامادە کردن بۆ دوای قۆناغی رزگاری کە ئەوە ئەرکێکی زۆر گرنگە کە ئێمە دەتوانین چ ڕێکخراوەکانی ژنان کە پێشوو هەولێکی زۆر جددیان دا، بەڵام نەمانتوانی وەکوو پێویست کۆمەڵێک کادیر بۆ سەرجەم دام و دەزگاکان ئامادە بکەین، ئەوە ئەرکێکی قورسی ئێوەیە و ئەرکێکی تری ئێوە وەکو ئێمە داواکارییەک لە ئێوەی خۆشەویست کە بە راستی ئەو پەیامەی یەکیەتیی ژنان دیاری کرد بۆ یەکگرتنەوەی سەرجەم ڕێکخراوەکانی ژنان ئەرکێکی قورسە و پێویستە ئیشی بۆ بکەن. بۆ یەکگرتنەوەی سەرجەم ڕێکخراوەکانی ژنانی ڕۆژهەڵات لە بەرەیەکی یەکگرتوو ئەوە کارێکی زۆر گرینگترە.

بەڕێزان!

ئێمە وەکوو حکوومەتی هەرێم توانیومانە بۆ ئەوەی ئێوەش لە ئایندە دا سوود لە تەجرووبە و لەو تاقی کردنەوەی ئێمە وەربگرن بۆ ئەوەی بە دیاری بکەین وەکوو دروستکردنی

بەڕێوەبەرایەتییەکانی گشتی بە دوا داچوونی توندوتیژی لە هەرێمی کوردستان کە کاری بە دوا داچوونی سەرجەم توند و تیژییەکان لە هەرێمی کوردستان و کاری کۆکردنەوەی ئاماری سەرجەم توندوتیژییەکانە بۆ خستە بەردەم رای گشتی و حکوومەتی هەرێم بۆ دانانی بەرنامەی گونجاو و کاری وشیار کردنەوەی ژنانە لە بواری یاساکان و کارێکی تریش ئەوەیە کە ئێمە هەموو ئەو فایل و کەیسانە هەڵ بدەینەوە کە پێشوو ئەو کەسانەی تاوانیان بەرامبەر بە ژنان کردووە و کە لە بەر دەم دادگا لێپرسینەوەیان لەگەڵ نەکراوە. بۆیە ئێستاکە کارەکانی ئێمە زۆر قورسە، بەڵام خۆشبەختانە حکوومەتی هەرێم هەنگاوی گرینگی هاویشتووە هەر لە دانانی لیژنەی خانمان بۆ گۆرینی برگەکان و یاسای باری کەسییەتی کە لێرەوە چ رێکخراوەکانی یەکیەتیی ژنان رێکخراوەکانی تر لێرەن کاری زۆر جددییان کردوە بۆ گۆرانکاری ئەو برگانە ئەوە خۆی لە خۆی دا دەسکەوتێکی گرنگە و لەم رۆژانەش پەرلەمانی کوردستان یاسای توند و تیژیی خێزانی کە لە دوای ئەوەی ئەم یاسایە دەرچوو، چاوەروانی ئەوە دەکەین لە لایەن سەرۆکی هەرێمی کوردستانەوە پەسەند بکرێ.

خۆی لە خۆی دا بە دەرچوونی ئەم یاسایە کۆمەڵێک کیشە و گیروگرفت و توندو تیژیی کە دەرهەق بە ژنان دەکرێ. دەتوانین لە بواری ئەو یاسا کە جێ کراوەتەوە پەسەند بکرێ و بچێتە بواری جێ بە جێ کردنەوە و بە دوا داچوونی بۆ بکرێ بۆیە بەرێزان من دووبارە پیرۆزبایی خۆم ئاراستەی یە کە یەکەی ژنانی شۆرشگێری هەموو رۆژهەڵاتی کوردستان و هەموو ئەندامانی کۆنگرە دەکەم و لێرەوە سەری رێز و نەوازش بۆ هەموو ئەو شەهیدانە دادەنوێنم کە لە پێناوی ئازادی و یەکسانی گیانی خۆیان بەخت کرد، بۆ ژنانی ناو زیندان دادەنەوێنین کە ئەو ژنانەی بە راستی قارەمانانە تا ئێستا خۆ راگر بوون.

لە کۆتایی سەرکەوتن بۆ کۆنگرەکەتان دەخوازم و هیوادارم کۆنگرەیەکی پڕ لە خێر و بەرەکەت بێت بۆ هەموو ژنانی کورد و ژنانی رۆژهەڵاتی کوردستان .

سوپا س بۆ ئێوەش .

# پەیامی بنەماڵەی شەهید (عمر دەبابە)



بە ناوی بنەماڵەی شەهید سەرکردە شەهید(عمر دەبابە) پڕ بە دڵ پیرۆزبایی سێ یەم کۆنگرەی یەکیتی ژنانتان لی دەکەین هیوادارین کە ژنان هەموو یەک بن بۆ تێکۆشان لە پێناو بەدی هێنانی مافەکانی ژنان،وە هیوادارین کۆنگرەی چوارەم لە شاری (پێشەوا قازی محمد)ببەسترێت.

داواکارین لێتان هەرگیز دریغی نەکەن لە تێکۆشان و پارێزگاری مافی ژنان چونکە ئێوە نیوەی کۆمەڵن و دایکی نیوەکەی ترن.

ئێتر هیوای یەک بوونەوەی کوردستانی گەورە نزیکە.

هەر سەرکەوتوبن.

**بە ناوی بنەماڵەی**
**شەهید (عمر دەبابە)**
**رووناک صادق**
**برازای شەهید سەرکردە**



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# وتەکانی خاتوو گوڵاڵە شەڕەفکەندی لە

# کردنەوەی کۆنگرەی سێهەمی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کورستان



لە پێش هەموو شتێک دا پیرۆزبایی کۆنگرەی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان لە ئێوە و لە خۆم و لە هەموو ئازیزان دەکەم. سوپاسی بەشداری ئێوە ئازیزان دەکەم ئەوەی کە لێرە بە یەکەوەین ئارەزووی کۆنگرەیەکی سەرکەوتوو دەکەم . گرینگ بۆ من ئەوەیە کاتێک لێرەم لە کۆنگرەی سێیەمی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان بۆ من چەند ئامانج، چەند پەیام سەرەکین . یەکیەتیی ژنانە بەڵام فەقەت یەکیەتیی ژنان نیە، یەکیەتیی ژنانی دێموکراتە، بەڵام فەقەت یەکیەتیی ژنانی دێموکرات نیە، یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستانە، هەرسێکیان دێنمە بەر چاو وە بە باسێک دەکەم کە ئەو سێ کەلیمە چ ئامانجێک و چ وەزیفەیەک بۆ ئەو یەکیەتییە بە سەری دا دەسەپێنێ و لە ئاسۆی کاری دا گرینگی هەیە و دەبێ لە بەر چاو بگیرێ. ئەگەر یەکیەتیی ژنانی کوردستانم هەم ئامانجی نەتەوەییم هەیە و هەم ئامانجی سیاسیم هەیە و هەم ئامانجی ژنان یان یەکسانی و بەرابەریم هەیە بۆ دەستەبەرکردنی ئەو ئامانجە یەکەمیان کە یەکسانی و گەیشتن بە کۆمەڵگایەکی یەکسانە، سریەک بەرنامەی کاری دەبێ دابنێم و بە ئەساسی ئەو بەرنامە کارییە حەرەکەت بکەم بۆ دەستەبەر کردنی ئەو شتەی کە پێی دەوترێ پێناسەی نەتەوەیی، پێناسەی نەتەوەیی بۆ من وەک ژن، وەک ژنی کورد دیسان سریەک ئامراز دەبێ لە بەرنامەی کاریم دا کەڵکیان لێ وەربگرم و بیگونجێنم بۆیە تەنیا رێکخراوەیەکی سینفی نیم . باسی بەرنامەی سیاسیی حیزبەکەم دەکەم لە بیری کۆمەڵگایەکی دادپەروەر و دێموکراتم ئەوەش گرینگی خۆی هەیە و کاتێکیش روو بە کۆمارێک وەک کۆماری دواکەوتووی ئیسلامی خەبات دەکەم موبارەزە بە دژی هەندێک بیر و بۆچوون کە ژنان لەو کۆمەڵگایە رێگری دەکەن لە بەرەو پێش بردنی ژنان، لە دەستەبەر کردنی مافەکانیان ئەویش لە بەرنامەی کاریم دا دەگونجێنم بۆیە ئەو خەباتەی



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

دەی کەم خەباتێکی چەند سوویە بۆ هەموو ئەوانە .

ئامانجی سەرەکی من لە ئێران داوای سیستەمێکی قانوونی دەکەم کە تێی دا سێ شت لە بەر چاو بگیرێ : حەمایەت لە ژنان، سزادانی ئەو کەسانەی کە تاوان دەکەن لە دژی ژنان، دەستەبەر کردنی یان هەبوونی سیستەمی قانوونی کە تێی دا یەکسانی و مافی بەرابەر بدرێ بە ژنان و بە پیاوان لە کۆمەڵگا دا.

کار دەکەم بۆ وەی کە لە کۆمەڵگا دا ژنان لە باری ئیقتسادیەوە تەوانی ئیقتسادیان هەبی. مادام تەوانی ئیقتسادیان هەبێ، هەمووومان دەزانین کە هەژارترین بەشەکانی کۆمەڵگا ژنانن. ئەگەر ئەمن بتوانم لە نەزەر ئیقتسادیەوە ژنان ڕێگایان بۆ پەیدا بکەم و واریدی بازاری کار بن، قودرەتی ئیقتسادیان هەبێ، تەبیعیە لەگەڵ هەژاری لە بەرامبەر هەژاری دا ڕاوەستاوم کارم کردووە ژنانم بە هێز کردووە بە هەمان نیسبەتیش تەئسیر دادەنێ لە سەر منداڵان کە زۆرتر لە کۆشی ژنان دا پەروەردە دەبن . کاتێک باسی فەرهەنگی دواکەوتوو یان مەسەلەی پیاو سالاری دەکەم نە رووم لە پیاوانە لە رووم لە ژنانە، رووم لە کۆمەڵگایە کۆمەڵگایەکی کە بە بۆچوونێکی نەخۆش بار هاتووە و زەجر دەبینی لەو نەخۆشیە وە پێ نازانێ و وا دەزانی کە لەو بەشە دا مادام ژنەکە زۆرتر تەحەمولی زەجرەکە دەکا وا بیر بکاتەوە کە ئەو زەجرە یان ئەو بێ بەشیە و مەینەتییە لە لایەن پیاوەکانەوە دێ، لەلایەن کولتورێک دێ کە پێی گەورە بووین.

ئەگەر کار دەکەین کاری هاوبەشە، شان بە شانە بۆ گۆڕینی ئەو کولتوورە.

ئایا کەڵک وەرگرتن لە واژەیەک بە نێوی یەکیەتیی ژنان تەنیا کاری ژنانە کە ئەو سیستمی فیکرییە و ئەو میتالیتە و زەمینیەتیەی کۆمەڵگا بگۆڕن، یان ئەگەر قەرارە بیگۆڕین دەبێ هەمووومان بە یەکەوە بیگۆڕین . پەس بەشێک لەو گۆرانکاریە یان ئاڵوگۆڕ لە شێوەی بیر کردنەوەمان و چۆنیەتی موبارەزەمان لە موقابیل ئەو نەخۆشییە دایە، ئەو نەخۆشییە فیکریە دایە.

دواتر باسی پەروەردەیە و نەسلی دوایە کە دەی هێنین و پەروەردەی دەکەین و وەک ژن ئەو نەخۆشیەی لەگەڵ نەبێ . ئەگەر ئەمن ئەو نەخۆشیەم لەگەڵ بێ چۆن منداڵێک پەروەردە بکەم و بە چ شێوەیەک پەروەردەی دەکەم مادام شێوەیەک غەیری ئەو شێوەیەی کە پێی پەروەردە کراوم نایناسم وەزیفەی کێیە کە شێوەیەکی دیکە بە من بناسێنێ جگە لەوەی کە پێی بار هاتووم . لەو بەشەش کە باسی هەبوونی بەرنامە بەو شێوەیەی کە پەروەردەی دەکەین دیسان دێتەوە . ئەوە دەبێتە مەسئولیەتی من وەک ئەندامیکی یەکیەتیی ژنان یان ئەو ڕێکخراوەیە .

دواتر دێمە سەر باسی ئەسڵی، باسی ئەوەی کە کاری سیاسی یان ڕێکخراوەیی لە کۆمەڵگای کوردی دا کە بە جێندەر کراوە جێندەر جنسی لەگەڵ پیاوانە لە جینسی پیاوانەیە . یانی گوفتومانەکەت قالبی سیاسیەکەت پۆلیسیە کە هەموو شتێک پیاوانەیە.

ئەمرۆ ئەگەر کۆنگرەی سێیەم دەگیرێ ئەگەر زانیاریم نەبێ کە پێویستە ئەو گوفتومانە بشکێ ئەو گوفتومانە لە زمانی منی ژن بێ . سیاسەت کردن بە قەوارە و بە بیرو میتالیتەی ژن بێ دۆراندوومە . دەبێ ئەوەی ئیحساس بکەم ئەگەر ئیحساسی بکەم بۆچوونی من وەک ژن دەبێ فکری لێ بکەمەوە بەرداشتی من سەبارەت بە ماف چیە؟ یەکەم سەبارەت بە ناسیۆنالیزم یان هۆویەت و ئایدەنتیتی نەتەوەییم چیە دووهەم سەبارەت بە مەسەلەی یەکسانی و بەرابەری لە زاویە و دیدی من چیە ئەوەی مونتەقیل بکەم و دواتر ئەوە لە کۆمەڵگای کوردەواری دایە ئەگەر لە وانە دەرچووم و موەفەق بووم ئەو چوار چێوەیە دەشکێنم دەست دەبەم، دەست درێژ دەکەم بۆ ڕێکخراوەکانی دیکە لە سەراسەری دونیا . وەختێک باسی تەعبیرێکی تازە لە ماف دروست کردنی کۆمەڵگایەکی تازە دەکەم ئەسڵی کارەکەم خەباتی سیاسی یان بە جۆرێک کردنەوەی ڕێگایەک بۆ بەرداشتێکی ژنانە بۆچوونی سیاسی. بۆیە ئەمن ڕێکخراوەیەکی سینفی نیم ڕێکخراوەیەکی سیاسی نیم . ژنێکم کە دەمهەوێ لە سەرڕا چوارچێوەی سیاسی حیزبی دێموکرات و تەنانەت سیاسیەت کردنە کەشی بە سیاسەت بکەم .



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org



هەموو دۆستان باسی هاوکارییان کرد هاوکارییەکەیان ئەوەکە ئێمە دەتوانین لە سەر سریەک خاڵ باسی مەینەتیی ژنان دەکەین موشتەرەکە . بەینی من ژن لە بەشی رۆژهەلات لەگەڵ ژنی باشووری کوردستان موشتەرەکە یان لە بەینی ئەو ئەحزابانەی کە رێکخراوی ژنانیان هەیە . رەنگە بۆچوونیان بۆ کۆمەڵگای داهاتوو یان ئەو سیستەمەی کە دوایی لەو وڵاتەی کە تێی دا دەژین جیاواز بێ لە سەر عەداڵەتی دادپەروەری ئیجتیماعی یان کۆمەڵایەتی یان شێوەی بەرێوەبەریی وڵاتەکە هەندێکمان تەفاوەت هەبێ، بەڵام ئێستاش لە سەر مافەکانی ژنان یان مەسائیلی دیکە یەکگرتووییمان هەیە .

بۆ وێنە هۆویەتی نەتەوەیی بۆیە وەختێک باسی سێداو کرا لە بەرنامە و پێڕەوی حیزبی دێموکرات، پێم وایە نەفەقەت لە پێڕەوی حیزبی دێموکرات لە هەموو ئەحزاب چ لە بەشی رۆژهەلات چ لە بەشەکانی دیکەی کوردستان و دواتر لە بەشی نێونەتەوەیی لانی کەم شتێکە کە دەتوانین لە سەری کاری موشتەرەک بکەین، دوو خاڵ کە دەمهەوێ ئیشارەیان پێ بکەم شتێک بۆ من زۆر گرنگە لە ماوەی ئەو ٦٥ ساڵەی خەباتی ژنان دا و مادام ئێستا پەرێوەی هەندەرانم و لە دەرەوەی وڵات دەژیم زۆر گرنگە، گرێدانەوەی ئەو لەت لەت و کوت کوتەی خەباتی ژنانە. چ بەو بەشەی کە لە شاخ بوو چەکی لە شان دابوو دەیانگوت ژنی پێشمەرگە و خوشکی پێشمەرگەیە نەیاندەگوت بۆخۆی پێشمەرگەیە و چەکی لە شان دایە . گرێ دانی وی لەگەڵ ئەو جێگایە کە شۆرشی گەلانی ئێران بوو لە خیابان بوو هاواری دەکرد. گرێ دانی وی لەگەڵ ئەو جێگایەی کە ئێستا کچان دەچنە دانیشگا و سەعی دەکەن لە کۆمەڵگای رۆشنبیری دا حزووریان هەبێ، گرێ وی لەگەڵ ئەو جێگایەی کە کەمپەینی یەک ملیۆن ئیمزا دەبێ. گرێ دانی وی لەگەڵ ئەو فەعالیەتەی کە لە دەرەوەی وڵات دەبێ لە چورا چێوەی ئە هاوارەی کە دەیکەن بۆ کۆر و کۆمەڵە نێو نەتەوەییەکان بۆ ئەو غەدرەی کە لە ژنی کورد و لە رۆژهەلاتی کوردستان دەکرێ چ وەک ژن چ وەک کورد هەمووی ئەوانە بگرێتەوە .

پەس بوو بە دوو شت: پەیوەندی ئەو لەت و کوتەی کە ئاوا نووسراوە، پەیوەندی ئەوەی کە لە نیوخۆ و دەرەوەی وڵات دەژین .پەیوەندی ئەوانەی کە بیری سیاسی جیاوازیان هەیە بەڵام بۆ مەسائیلی ژنان هەوڵ دەدەن .

پرسیاری ئاخر ئەوەیە: ئەمن رێکخراوەی ژنانم؟ رێکخراوەی ژنانی دیموکراتم؟ رێکخراوی ژنانی دیموکراتی کوردستانم.

سوپاس و کۆنگرەیەکی سەرکەوتوو .



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# پەیامی ڕێکخراوی مافی ژنی کورد

بەشدارانی ڕێزداری کۆنگرە
هاو خەباتانی ئازیز!

ڕێکخراوی مافی ژنی کورد، بە بۆنەی سێیەمین کۆنگرەی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان پیرۆزبایی لە هەموو ئەندامان و بەشدارانی کۆنگرە دەکات.

کۆنگرەی ئێوەی بەڕێز لە کاتێکدا دەگیرێ کە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست ماوەیەکە شایەدی گەلێ بزووتنەوە و ڕاپەڕین بووە و هەیە کە لە هەموواندا ژنان دەورێکی بەرجەستەیان بینیوە و دەبینن. لە هەمان کاتدا هەموومان شایەدین کە هەوڵێکی سیستماتیکیش لە ئارا دایە بۆ ئەوەی دوای سەرکەوتنی ئەم ڕاپەرینانە، ژنان بخرێنە پەراوێز و دووبارە لە مافە سەرەتاییەکانیش بێبەری بکرێن .

خۆشەویستان، ئێمە لە گەڵاڵەی پێشنیاری ڕێکخراوی مافی ژنی کورد لە پێناو پڵاتفۆرمێکی هاوبەشدا پەنجەمان بۆ ئەم خاڵانە راکێشاوە کەخەباتی ژنی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە هۆی هەلومەرجی تایبەتی خۆی،دەشێ هەوڵ بدات چەند ئاراستەی جیاوازی هەبێ و لەوان بتوانێ خەباتی خۆی لەدژی سیستمی پیاو سالارانە، لە دژی بندەستی نەتەوەیی و لە دژی یاسا و کولتوری کۆنەپەرستانەی کۆماری ئیسلامی لەگەڵ خەبات بۆ دادپەروەری کۆمەڵایەتی و یەکسانی مافی ژن و پیاو ئامێتە بکات. ئەم دیاردەیەی کە ئێستا ئێمە لە میسر بۆ پەراوێز خستنی ژنان و بەربەستیکردنی پێگە و شوێنەواری کار و چالاکییان دەبینین، سبەی بێگومان داوێنی ئێمەش دەگرێتەوە . ئێمە نابێ بە هیچ چەشنێ ئەنجامەکانی ستەمی نەتەوەیی، پێکهاتەی پیاو سالارانەی کۆمەڵگای کوردەواری و هەروەها سی ساڵ دەسەڵاتداری کۆماری ئیسلامی بە کەم بگرین. ئامێتەیەکی ئەم چەند فاکتەرە بۆتە هۆی تەشەنەکردن و جێگیربوونی فەرهەنگێکی دژ بە ژن نەک هەر لەلایەن حکومەتەوە پراکتیزی دەکرێ، بەڵکوو بە داخەوە سەرتاپای کۆمەڵگاو هۆشی کۆمەڵایەتی ئێمەی داگرتووە و لە هەموو بوارەکاندا ڕەنگدانەوەی هەیە.

هەر بۆیە، بۆ ئەوەی ئێمە بتوانین لە خەباتی خۆماندا کاریگەرتر بین، پێویستی خێراو راشکاومان بە هاوکاری یەکێتی هەموو ڕێکخراوەکانی ژنان و لایەنە دێموکراتییەکان هەیە. لەم ڕەوتەدا بێگومان ئێوە دەتوانن دەورێکی بەرچاوتان هەبێ و ڕۆڵێکی شیاو لە نزیکتر کردنەوەی لایەنە جیاوازەکان بگێڕن.

خوشکانی خۆشەویست !

خەباتی ئێمە بۆ سەروەری نەتەوەیی ئەرکێکی گرینگ و سەرەکییە، لە هەمان کاتیشدا ئەوەش ئەرکێکی گرینگە کە ئێمە داخواز و ویستەکانی خۆمان هاوکات و لەگەڵ ئەم خەباتە نەتەوەییە ئامێتە بکەین و بەم چەشنە هەم ئەجێندای سیاسی خۆمان هەبێت و هەمیش بتوانین تا رادەیەک مۆرکی خۆمان لە سەر ڕووداوەکان بدەین و دەورمان هەبێت لە سەر ناوەرۆکی جووڵانەوەی نەتەوەیی کە ئێستا بەداخەوە ناوەرۆکێکی باوکسالارانەی بەسەردا زاڵە .

ئێمە بەشداری ژنانی کورد لە بواری سیاسی و وەئەستۆ گرتنی دەوری سەرەکی لە خەباتی حیزبایەتیدا بە گشتی بە دەستکەوتێکی جوڵانەوەی یەکسانیخوازی ژنان دەزانین و هەربۆیە لێرەدا بە بۆنەی هەڵبژاردنی پێنج ژنی ئەندامی یەکیەتییەکەتان و بۆ کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دێموکراتی کوردستان، بەگەرمی پیرۆزباییتان لێدەکەین.

بەڕێزان و خۆشەویستان!

هەروەک ئاماژەمان پێکرد ڕێکخراوی مافی ژنی کورد،گەڵاڵەیەکی پێشنیارکراوی لە پێناو پڵاتفورمێکی هاوبەشدا ئامادەکردووە کە لە کۆنگرەی پێنجەمی ڕێکخراوەکەماندا پەسەندکراو بۆ نەزەردان و تەکمیل کردنی پێشکەشی ڕای گشتی و بەتایبەت ڕێکخراوە چالاکەکانی بواری یەکسانی کراوە. هیوادارین ئێوەی ڕێزداریش بە بەشداریتان لەم ڕەوتەدا هاورێمان بن بۆ ئەوەی هەمووومان بەیەکەوە پلاتفۆرمێکی هاوبەش گەڵاڵە بکەین و ئەم پلاتفۆرمە بکەینە سەکۆیەک بۆ ناساندن و سەقامگیرکردنی ویست و مافەکانی ژنان لە ناو حیزبەکان، دامودەزگاکان و کۆمەڵگەدا.

سەرکەوتنی کۆنگرەکەتان ئاوانە خوازین

**ڕێکخراوی مافی**
**ژنی کورد**
**ئاگوستی ٢٠١١**



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# بەشێک لە ڕاپۆرتی کۆمیتەی بەڕێوەبەری بۆ کۆنگرەی سێهەمی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان

**لەلایەن خاتوو سۆهەیلا قادرییەوە**



هاورێیانی خۆشەویست:

ژنانی خەباتکاری کوردستان !

میوانانی بەڕێز!

ئەندامانی تێکۆشەری کۆنگرە!

بە ناوی کۆمیتەی بەڕێوەبەریی گشتیی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستانەوە، پڕ بە دڵ بەخێرهاتنتان دەکەم و سەرکەوتنی کۆنگرەی سێهەمی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان بە ئاوات دەخوازم.

لە هەمان کات دا سڵاو دەنێرم بۆ ژنانی خەباتکاری کوردستان و یەکسانیخواز و هەموو ئەو ژنانەی کە لە سەر مافخوازی کەوتوونەتە زیندانەکانی کۆماری ئیسلامی و تووشی دڕندانەترین ئەشکەنجە دەبنەوە. هەروەها سڵاو دەنێرین بۆ ئەو مرۆڤە گیان لە پێناوانەی کە لە پێناوی بەختەوەریی مرۆڤایەتی و یەکسانیخوازیی دا گیانیان خستۆتە مەترسیەوە و هەموو ئەوانەی کە بوونەتە قوربانی « ناموسپارێزی».

سەری ڕێز و نەوازش دادەنەوێنین لە ئاست گیانی پاکی ئەو ژنە خەباتکارانەی لە پێناو ئازادی دا گیانیان بەخشی و بوونە چرای ڕووناکی دەری ڕێگەی خەبات بۆ یەکسانی.

بەشدارانی بەڕێز!

کۆنگرەی یەکیەتیی ژنان کە لە هەل و مەرجێکی زۆر تایبەتی و ناسک دا دەگیرێ ئەرکێکی قورسی دیکە کە دەکەوێتە سەرشان ئەویش دیتنەوەی ڕێگە چارەی قۆستنەوەی هەل و مەرجی تێکەوە پێچرانی دیکتاتۆرەکان و پلان دانان بۆ داهاتووی دەستەبەر کردنی ئازادییەکانی ژنان و بە یاساکردنی پرسی ژن لە چوارچێوەی ئەو ئاڵ و گۆڕانەی کە ڕەنگە لە داهاتوویەکی نزیک دا بەسەر یاسای وڵاتانی تازە گۆڕاو دابێت و ئەگەری ئەوە هەیە ئەو ئاڵ و گۆڕە ئێرانیش بگرێتەوە. چونکە ڕێژیمی دژە ژن و دژی هەر ئازادییەکی مرۆڤەکان یەکێک لەو ڕێژیمە لە دەسەڵاتانە دایە کە مێژوویەکی دوور و درێژی لە سەرکوتی ئازادی و توندوتیژی نواندن دەرحەق بە مرۆڤایەتی بە گشتی و ژنان بە تایبەتی هەیە. هەر بۆیە ئەرکی ئێمە وەک ڕێکخراوێکی چالاک لە بواری مافی ژنان و بەتایبەت ژنانی کورد ئەوەیە کە هەر وەک لە ڕابردوو دا نیشانمان داوە داکۆکی لە مافی مرۆڤ بە گشتی و ژنان بە تایبەتی بکەین و هەوڵ بدەین کە ژنان زیاتر لە هەر چینێکی کۆمەڵگا وشیارتر



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ببنەوە لە دەستەبەر کردنی مافەکانی خۆیان لە داهاتووی وڵات دا. هەوڵ بدەین نەهێڵین ژنی کورد چیدیکە وەک هاوڵاتی پلە دوو لە وڵاتەکەی دا و وەک مرۆڤی پلە دوو لە نێو نەتەوەکەی خۆی دا سەیری بکرێ و یاساکان بە دژی ژنان پەسەند بکرێن. بەڵکوو دەبێ لە ئێستاوە هەوڵ بدەین داواکاری و داخوازییەکانی ژنانی کورد سەرەتا لە هەر تاکێک و هەر هێزێکی سیاسی بگەیەنین و هەولیش بدەین لە ئاڵ و گۆڕەکانی دونیای ئەمرۆ دا کە دیکتاتۆرەکان یەک لە دوای یەک دەڕوخێن و خەڵک هەوڵ بۆ دابینکردنی سیستمێکی وەک یەک و بۆ هەمووان و دوور لە هەڵاواردن دەدەن.

ژنان جیا لەوە کە رۆڵی کاریگەریان لەم ئاڵ و گۆڕانەدا هەبێ، هەولیش بدرێ بۆ سەقامگیری سیستمێک کە لە یاسای باری کەسێتی دا ژن و پیاو لە هەموو بوارەکاندا وەک یەک سەیر بکرێن. لە حوکمرانی و حکومەت دا ژنان جێگە و پێگەی خۆیان بە پێی شارەزاییان هەبێت و هیچ بەربەستێک نەبێ لە ئاستی ئیدارەکردنی وڵات بۆ ژنان و پیاوان.

هەر بۆیە بەشدارانی بەڕێزی کۆنگرەی سێهەمی یەکیەتیی ژنانی دیموکراتی کوردستان بە هەست کردن بەم بارە ناسکەی کە رۆژهەڵاتی ناوین بە گشتی تێی کەوتووە و ئێرانیش یەکێک لەو وڵاتانەیە کە تێوەگلانی بە پێشێلکردنی مافی مرۆڤ، هەبوونی چەکی ناوکی، بوون بە زیندانی جیابیران، رۆژنامەنووسان، چالاکانی ژنان، کرێکاران و خوێندکاران و هتد. و تەنانەت نەبوونی متمانە لە نێوخۆی سەرانی رێژیمیش دا و ئەو قەیرانەی کە بە هۆی گەمارۆی ئابووری لە لایەن نەتەوەیەکگرتووەکانەوە و هتد، دەبێ چالاکتر و یەکگرتووتر لە پێشوو هەوڵ بدەین بۆ پەتەوتر کردنی خەباتی مافخوازی رەوامان و لێک نزیک کردنەوەی هەرچی زیاتر بیری ژنانی کورد بە تایبەت ژنانی خەباتکاری نێو ریزی هێزە سیاسیەکان تا بە هێزێکی زۆرترەوە بەرەو رووی رووداوەکانی داهاتوو ببینەوە. ئەوەش حاشا هەڵنەگرە کە دەستەبەر کردنی مافی نەتەوەیش بە بێ دابینبوونی مافی ژنان بە حەق نەگەیشتنی ئەوانە و نابێ ئەم دوو خەباتە لێک جیا بکرێنەوە و دەبێ بە یەکەوە بە ئامانج بگەن. هەر بەو بیرەوە یەکیەتیی ژنان بەو خوێندنەوەی لە خەباتی بەردەوامی خۆی کردوویەتی لە ژێر دروشمی ( بە هەوڵ و یەکگرتوویی ژنانی کورد هەنگاو بنێین بەرەو یەکسانی ) کۆنگرە دەکرێ ئەرک سەرشانی تەک تەکی ئەندامانی کۆنگرە لە پێناوی دا هەوڵ بدەن و چالاکانە لە داڕشتنەوەی ئەرک و بریار و راسپاردەکانی کۆنگرە دا بەشدار بن. بەشداریی چالاکانە و هەڵوێستی بەبڕشتی ئێوە ئەندامانی کۆنگرە دەبێتە هۆی ئەوە کە بریارنامەکان و بەرنامەی داهاتووی رێکخراوەکەمان قورس و قایمتر بێت و لەگەڵ هەل و مەرجی ئێستادا خۆی دەربخات.

بەرێزان!

یەکیەتیی ژنان کە دوای ٦٥ ساڵ خەباتی یەکسانیخوازی خۆی دا کە توانیویەتی تەنیا ٣ کۆنفرانس و ٢ کۆنگرە بگرێ، رەنگدانەوەی مێژوویی پڕ لە هەوراز و نشێو و هەر لەم کاتەش دا سەخت و ناهەموارەی کاری رێکخراوەیی ژنان لە رۆژهەڵاتی کوردستانە.

هەر لە جێ دا کاری رێکخراوەیی، رێکخراوێکی وەک یەکیەتیی ژنان بەرهەمی هەلومەرجی دیموکراتیکە کە هەر سینفێک و توێژێک دەتوانن ئازادانە رێکخراوی تایبەت بە خۆیان پێک بێنن، بەڵام ژنانی رۆژهەڵاتی کوردستان لە سایەی کۆماری ئیسلامی دا لەم هەل و مەرجە بێبەشن. تەنیا ئەو بەشە لە ژنان دەتوانن تێکۆشانی رێکخراوەییان هەبێ کە لە دەرەوەی وڵات یان لە ژێر سێبەری هێز ئازادیخوازەکانی رۆژهەڵاتی کوردستان دا بەسەر دەبەن.

ئەوەی لەم کۆنگرەیە دا پێویستە باسی لێوە بکرێ و رێگا چارەی پێویستی بۆ بدۆزرێتەوە ئەوەیە کە یەکیەتیی ژنانی دیموکراتی کوردستان لە پلەی یەکەم دا هەوڵ بدا پێوەندییەکی سیستماتیک و دۆستایەتی و هاوکارییەکی پتەو لە نێوان هەموو رێکخراوەکانی ژنان، چالاکانی بواری مافەکانی ژنان لە دەرەوەی وڵات دا پێک بێنێ. هەر کام لە



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ڕێکخراوەکان و کەسایەتییەکانی ژنان ئەگەر بە جیا و بە تەنیا بۆ خۆیان کار بکەن بەر لەوەی خزمەت بە بەرەو پێشچوونی مافی ژنان بکەن تەنیا دەتوانن خزمەت بە خۆیان بکەن، بەڵام هاوکاری و هەماهەنگی نێوانیان دەتوانێ رۆڵێکی کاریگەریان پێ ببەخشێ و ببێتە نموونە و سەرمەشق بۆ ژنانی رۆژهەڵاتی کوردستان و هیوایەکی گەش بە داهاتووی خەباتی ژنان دەبەخشێ.

بێگومان یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان دیارە وێرای رێکخراوەکانی دیکە ئەو کاتە بە کردەوە لە پێناو نەهێشتنی ستەم لەسەر ژنان و دابینکردنی مافەکانیان خزمەت بە ژنان بکەن کە لە وڵات دا ئازادانە بتوانن تێکۆشانیان هەبێ، بەڵام کۆنگرە لانی کەم دەتوانێ قامک لەسەر گرینگترین کێشەکانی ژنان و رێگا چارەکانیان دابنێ و بە ئاگاییەکی زیاترەوە لە بارەی ژنانی رۆژهەڵاتی کوردستان درێژە بە کار و تێکۆشانی خۆی بدا.

یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان لە کۆنگرەی سێهەمی خۆی دا وێرای دیاری کردنی رێبازی کار و تێکۆشانی داهاتووی خۆی، پێویستە بە روونی و راشکاوانە رابردووی خۆی هەڵ سەنگێنێ و بە شەفافییەتەوە قامک لەسەر کەم و کوڕیەکانی رابردووی دابنێ بۆ ئەوەی شێوە و مێتودی لەبارتر بگرێتە بەر و زیاتر خۆی لەگەڵ هەل و مەرجی نوێ و راستییەکانی ئەمڕۆ بگونجێنێ.

## ئاسۆی بزووتنەوەی رادیکاڵی ژنان لە ئێران

نەخش و جێگا و شوێنی ژنان لە خەبات و ناڕەزایەتییە جەماوەرییەکانی ئەم دواییانە دا

لە ماوەی چەند مانگی رابردوو دا، جیهان شایەتی حوزووری بەربڵاوی ژنان لە ریزی پێشەوەی خەبات لە دژی رژیمی ئیسلامی بوو. ژنانی ئێران دەرفەتێکیان بە دەست هێنا هەتا نەفرەتی پەنگ خواردووی دەیان ساڵەی خۆیان لە دژی رژیمی ئیسلامی و یاسا دژی ئینسانیەکانی نیشان بدەن. وێنەگر و هەواڵنێرەکان دیمەنگەلێکی پرشکۆیان لە حوزور، جەسارەت و هیوای ژنان بە رزگاری تۆمار کردووە. ژنان یەکەمین بەشی کۆمەڵگای نارازی بوون کە هەستیان بەوە کرد کە لە سیمای ئیسلاح خوازانی حکومەتی دا هیوایەک بۆ رزگاری بەدی ناکرێت. چونکە لە دورشم و داخوازی و هەڵسووکەوتی ئەوان هیچ شتێک لەوەی کە لە دڵی ژنان دا بوو و هیوایان دەخواست، پێ دی نەدەکرا.

لە ریزی پێشەوەی خۆپیشاندان، لە شەڕی سەرشەقامەکان،لە نارەزایەتیەکان لە بەر دەرکی زیندانەکان و سەرەنجام لە گرتووخانەکان و شکەنجەگاکان دا سیمای بە ورەی ژنانمان بینی کە ئیرادەی خۆیان نیشان دا بۆ ئەوەی، تا وەدیهاتنی تەواوی مافە ئینسانیەکانی خۆیان دەست لە خەبات هەڵنەگرن.

ژنانی ئێران لە ماوەی ٣ دەیەی رابردوو دا، زورترین مەینەتیان لە دەست رژیمی ئیسلامی چێشتووە. سوکایەتی پێ کردن و بێ مافی ژنان لە ئێرانی ژێر دەسەڵاتی رژیمی ئیسلامی، هیچ حەد و سنوورێک ناناسێت. کۆماری ئیسلامی هەوڵی زۆری دا تا لە کەڵک وەرگرتن لە باوەری مەزهەبی، ستەم بۆ سەر ژنان بکات بە بابەتێکی نێوخویی و بە جێگا و شوێنی ژێردەستەیی خۆیان رازیان بکات، بەڵام نە تەنیا لەم کارە دا سەرکەوتوو نەبوو، بەڵکوو ئاگری نەفرەت و بێزاری ئەوانی بڵێسەدار تر کرد. ئەوەی کە ئەمرۆ لە مەیدانی خەباتی سیاسی و کومەڵایەتی ئێران دا سەبارەت بە حوزوری بەربڵاوی ژنان دەیبینین، تەنیا بەشێکی بچووکە لەو شەپۆلە بەهێزەی کە بەرێوەیە. لە سەرەوە بوونی وشیاری کومەڵایەتی، بروا بەخۆ بوونێکی بە هێز و لێبڕاوییەکی بێ وێنە لە بزووتنەوەی رزگاری خوازانەی ژنان لە ئێران دا خەریکە شکڵ دەگرێت. ئەم بزووتنەوەیە لە پاڵ بزووتنەوەی چینەکانی دیکە کۆڵەکەی سەرەکی شۆڕشی داهاتوو لە ئێرانن، شۆڕشێک کە بە هەر هەنگاوێک لە پێشرەویەکانی خۆی، یەکێک لە بنەماکانی ستەم بۆ سەر ژنان دەرووخێنێت.

ئەوەی کە گرینگە ئەوەیە کە ئەم بزووتنەوەیە لە خەباتی ٣ دەیەی رابردووی خۆی و تەنگ و چەڵەمەکانی سەر رێگای دەرس وەربگرێت و لە داوی تەوەهوومی فریوکارانە، لیبرالی، نەتەوەیی و



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

مەزهەبی دا گرفتار نەبێت.
دابین کردنی بەرابەری ژن و پیاو لە هەموو بوارەکانی ژیانی سیاسی، ئابوری، کومەلایەتی و بنەماڵەیی، کاری دەست بە جێ و بێ ئەملاو ئەولای دەسەلاتە .

## شێوەکانی توندوتیژی دژ بە ژنان

وێڕای سەرهەڵدانی سەدەی بیست و یەک، لەگەڵ هەموو ئەو دەسکەوتانەی کە مرۆڤ لە بوارە جیاجیاکانی ژیاندا بەدەستی هێناوە و لە سەردەمی پێشکەوتن و بە جیهانی بووندا هێشتا نەتوانراوە مرۆڤایەتی بەرەو ڕێگای ئاشتی و خۆشەویستی و هاورییەتی هیدایەت بکرێت. لەم پێشکەوتنەی ئێستاشدا زۆرێک لە دیاردە کۆن و پاشماوەکانی سەردەمی رابردوو بەدی دەکرێت کە پێشتر کۆمەلگایان کۆت و قێزەون کردبوو. توندوتیژی بە شێوەی گشتی یەکێکە لە دیاردەکانی قێزەون و هەرەشە ئامێز سەبارەت بەو دەستکەوتانەی کە مرۆڤایەتی لە رابردوودا بەدەستی کەوتووە، لەوەش خراپتر ئەوەیە کە توندوتیژی ئەو سنوورە ببەزێنێت و دەستی بگاتە ئاستی چینەکانی کۆمەلگا، بۆ نموونە ژنان. توندوتیژی دژ بە ژنان یەکێکە لەو پرسیارانەی سەرنجی زۆرینەی شوێن کەوتووانی ڕووداوەکانی بۆ خۆی ڕاکێشاوە.

**١- خودی ژن:**

**٢- هۆکاری نەبوونی هۆشیاری:**

**٣- هۆکاری پەروەردەیی:**

**٤- داب و نەریتەکان:**

**٥- هۆکاری ئابووری:**

## سەرکوتی ژنان بە پێی یاسا لە رژێمی کۆماری ئیسلامی دا

توندوتیژی دژ بە ژنان لە ئێران هەم بە پێ شەرع و سونەت و هەم بە پێی فەرهەنگی پیاوسالارانە لایەنی جۆراوجۆری هەیە، بەلام توندوتیژی یاسایی وەک یەکێک لە ئامرازەکانی سەرەکی سەرکوتی دەوڵەتی لە دژی ژنان لە ئێران بەرێوە دەچێ. زۆرێک لەم یاسایانە لە ماوەی ٣٠ ساڵی رابردوو دا هەر لەم مەجلیسی شورای ئیسلامیە دا پەسەند کراون کە خانمی «ئێلاهیان» ئەندامیەتی. تەنانەت لە یاسای بنەرەتی کۆماری ئیسلامی دا کاتێک یاسادارێژەران هەوڵ دەدەن بە رواڵەت چەند خاڵێک بۆ دانی ئەمنیەت بە ژنانی تێدا بگونجێنن دەست بە جێ لە سەر «پێویستی گونجاوبوونیان لە گەڵ یاسا و رێساکانی ئیسلامی»





کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

پیداگری دەکەن و دەزانین کە گشت ڕیساکانی شەرعی، ژنان وەک ئینسانی پلەی ٢ چاو لێ دەکەن.

واقعیەت ئەوەیە کە کۆماری ئیسلامی بە پێی ناوەرۆکی خۆی ئیسلاح نابێت. توندوتیژی دژ بە ژنان بە شێوەیەک لە گەڵ ناوەرۆکی ئەم ڕژیمە، لە گەڵ ئایدولۆژیا، یاساکان، سیاسەتەکان و کردەوەکانی ئەم ڕژیمە تێکەڵ بووە، کە نە تەنیا ڕزگاریی ژنان لە کۆت و بەندی ستەمی جینسی و بە دەستهێنانی جێگا و شوێنی ئینسانی خۆیان، بەڵکوو تەنانەت ڕزگاری لە دەست کۆت و بەندی ئەم یاسا دواکەوتوو و دژی ژنانەی کۆماری ئیسلامیش بە شێوەیەکی حاشا هەڵنەگر بە ڕووخانی ئەم ڕژیمە گرێ دراوە

## لایەحەی «پشتیوانی لە بنەماڵە» سیمایەکی دژی ژنی کۆماری ئیسلامی

ڕۆژی ٣١ی گەلاوێژ مەجلیسی شورای ئیسلامی سێ ماددە لە «لایەحەی پشتیوانی لە بنەماڵەی» پەسەند کرد. ئەم لایەحەیە کە ٥٩ ماددە و ٦ فەسڵ لە خۆدەگرێت، لایەحەیەکی دژی ژن و بە تەواوی دواکەوتوانەیە و تا ئێستا نارەزایەتی زۆری لێ کەوتۆتەوە. ئەگەر ئەم لایەحەیە پەسەند بکرێت بەهرەمەند بوونی ژنان لە پشتیوانی یاسایی لە ئاستی ئێستاش زیاتر دێتە خوارێ. یەکێک لە تەوەرەکانی ئەم لایەحەیە بەشی پەیوەندی دار بە چەند ژنەیە. ئەم بەشە بە شێوەیەک ئامادە کراوە کە بە ئاشکرا هەبوونی چەند ژن بە شێوەی هاوکات بۆ پیاوان تەبلیغ دەکات. ئەو مەرجانەی کە بۆ هەبوونی چەند ژن بە شێوەی هاوکات بۆ پیاوان دیاری کراوە بە کردەوە دەستی پیاوان لە هەر هەل و مەرجێک دا بۆ هەبوونی ژنی دوهەم و سێهەم ئاواڵە دەکات و هەموو جۆرە ئاسانکارییەکیان لەم بابەتەوە بۆ دەکات.

دەوڵەتی ئەحمەدی نەژاد ٣ ساڵ لەمەوپێش بە هۆی نارەزایەتی هەمە لایەنە ئەم لایەحەیەی ڕاگرت و ئەوەی کە ئەم ڕژیمە دژی ژنە بۆچی لەم کاتە دا و جارێکی دیکە ئەم لایەحە کۆنەپەرەستانەیەی خستوتە دەستوری کاری خۆیەوە هۆکاری سیاسی هەیە. ئەمڕۆکە خەباتی ژنان بۆ ئازادی و بەرابەری بۆتە یەکێک لە بنەماکانی خەبات لە دژی ڕژیمی کۆماری ئیسلامی. ژنانی ئازادیخوازی ئێران لە هەموو شوێنێک لە ڕیزی پێشەوەی خەبات دان و نموونەی لێبراوی و ماندووی نەناسی لە بەدواداچوونەوەی داخوازیەکانی بەرحەقی خۆیان. ڕژیمی کۆماری ئیسلامی کە بە تایبەت بەشداری بەربڵاو و بوێرانەی ژنانی حەقخوازی لە نارەزایەتیەکانی جەماوەری یەک ساڵی ڕابردوو دا بینیوە، هیچ هیوایەکی بەوە نیە کە بتوانێت لە ناو جەماوەری ژنان دا لایەنگرانێک بۆ خۆی بدوزێتەوە. لەم ڕووەوە بە پێداگری لە سەر پەسەند کردنی وەها لایەحەیەک لە ژێر ناوی فریوکارانەی «پشتیوانی لە بنەماڵە» دەیهەوێت لە ناو پیاوانی چینە داراکان و لە ناو کەسانێک کە مەشغەڵەی نانی شەویان نیە، بە وروژاندنی مەیلی هەوسەبازانەی ئەوان پێگەیەک بۆ خۆی دەستە بەر بکات.

## ژنان قوربانیانی نایەکسانی لە بازاڕی کاردا

هەموو کەس مافی هەیە بە بێ جیاوازی، لەبەرانبەر کاری وەک یەکدا مووچەی وەک یەک وەربگرێ. هەرکەس کە کار دەکا مافی ئەوەی هەیە مووچەیەکی عادڵانە بۆ بژیوی ژیانی خۆی و بنەماڵەکەی وەربگرێ«.....

ئەمڕۆ یەکێک لە تایبەتمەندییەکانی گەشەسەندوویی هەر وڵاتێک بەشداریی بەرچاوی ژنانە لە بازاڕی کاردا. بەشداریی ژنان لە بازاڕی کاردا، خواستی هاوبەشی تەواوی فیمینیستەکان و لایەنگرانی مافی یەکسانیی ژنان و پیاوانە. تێکۆشانی ئابووری ژنان دەبێتە هۆی بەهێزبوونی ژنان و بواری بەربەرەکانی دژی نایەکسانیی نێو بنەماڵە و دەرەوەی بنەماڵە بۆ ژنان خۆش دەکا. بەم چەشنە ژنان ئاسانتر دەتوانن لە بەرامبەر پێشێلکردنی مافەکانیاندا بەربەرەکانی بکەن و مل بۆ ستەم ڕانەکێشن و، هەروەها بۆ بەرهەمهێنان و پێشکەوتوویی وڵاتیش پێویستە ئەم هێزە کەڵکی لێوەربگیرێ.

ڕۆزا لوکزامبورک ژنە خەباتکاری جووڵانەوەی پرۆلیتاریا، ژنانی هاندەدا بچنە بازاڕی کارەوەو هیچ



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org



ئیمتیازێکیشیان نەوێ.

ئەمڕۆ لەگەڵ ئەوەی ڕێژەی ژنان لە بازاڕی کاری ئێراندا لە پەرەسەندن دایە، بەڵام بە هۆی ئەو گیروگرفتانەی ئێستاش ژنان لەسەر ڕێگەیانە، وەک کولتووری کۆمەڵگە، کە ئێستاش لەودا راگەیشتن بە بنەماڵەو ئەرکی دایکایەتی بە ئەرکی سەرەکیی ژنان دەزانێ، ناچارن زۆرتر ئەو کارانە هەڵ بژێرن کە لە باری کۆمەڵایەتییەوە بەهایەکی کەمتریان هەیەو کاتێکی زیاتریان بۆ دیڵێتەوە بۆ راگەیشتن بە منداڵ و لەم چەشنە کارانەش دا بوار بۆ رکەبەرایەتی و پێشکەوتن لاوازە.

## کورەخانەکان و کاری تاقەت پڕوکێن

کورەخانەکان بە گشتی لە دەرەوەی شارەکان و لە شوێنگەلێکی دوور لە ئاو و ئاوەدانی دا هەڵکەوتوون. خاوەنی ئەم شوێنانە بەدوور لە هەر چەشنە بەزەیی و رەفتارێکی مرۆڤانە لەگەڵ کرێکارانیان هەڵس و کەوت دەکەن و سەرەڕای ئەوەیکە بە بێ رەچاو کردنی هەر چەشنە یاسا و رێسایەک، بە دانی کەمترین حەقدەست دەیانچەوسێنەوە. لە کورەخانەکان دا تەنانەت تەمەنی یاسایی کارکردنیش پەیرەو ناکرێت و بە دەیان هەزار ژنان و منداڵی ژێر تەمەنی یاسایی کار

واتە ١٥ ساڵ بە حەقدەستێکی زۆر کەم، کاری تاقەت پڕوکێنیان پێ دەسپێردرێت و کەسیش خۆی بە بەرپرسیار نازانێت.

ژنانی کرێکار لە کورەخانەکان کاتی پشوودانیان بۆ نامێنێتەوە. چونکە لە کاتی پشوودانی ئەوانی تردا هەر کار دەکەن، بۆ نموونە کاتێک کە هەموو ئەندامانی خێزانەکە کۆدەبنەوە بۆ نان و چای خواردن و پشوودان، ژنەکان دەبێت خەریکی قاپ و کەوچک شۆردن و ماڵ خاوێن کردنەوە بن و جارێکی تر دەبێت خەریکی ئامادەکردنی شتومەک بۆ سەرلەنوێ دەست پێکردنەوەی کار. هەروەها ڕۆژانی هەینی کە هەموو کرێکارەکان تەعتیڵن وخەریکی پشوودانن، ژنان ئەو ڕۆژەش لە بەیانییەوە تا ئێوارە خەریکی جل شۆردن و ماڵ خاوێن کردنەوە و لەم جۆرە کارانە دەبن و زۆرێک لەو ژنانە هاوکات لەگەڵ کارەکاندا دەبێت کاری منداڵداریش بکەن. هەندێک لەو ژنانەی کە دوو گیانن و لە کورەخانە کاردەکەن، نەک هەر لە پشوودان و خواردنی گونجاو بێبەشەن، بەڵکوو لە تەواوی دەورانی دووگیانیان دا تا منداڵ بوونیان و دواتریش لەهەموو چاوەدێرییەکی پزیشکیش بێبەشن.

بێگومان ئەو گوشارانەی کە لە سەر ژنانی کرێکارە دەگەڕێتەوە بۆ ئەو نابەرابەرییەی کە لە کۆمەڵگای ئێران دا لە نێوان ژنان و پیاودا هەیە. ئەو نابەرابەرییەی کە لە کومەڵگای ئێران دایە بێ شک لە ناو کوڕ و کۆمەڵی کرێکاریشدا دەور و نەخشی خۆی دەبینێت. نابێت ئەوە لە بیر بکەین کە بۆ نەهێشتنی ئەو نابەرابەرییە و بۆ بەدەستهێنانی مافی یەکسان لە نێوان ژنان و پیاوان ئەوە خودی ژنانن کە دەبێت لە مەیدانە جۆراوجۆرەکانی کار و ژیانیان‌دا هەوڵ بدەن و خەباتی بۆ بکەن.

## قاچاغی کچان و ژنانی ئێرانی و بۆمبێک لە چاوەڕوانیی تەقینەوەدا

هەڵلا و هەنگامە سیاسییەکانی ئێستای ئێران وای کردوە کە کۆمەڵێک کێشەی کۆمەڵایەتیی هەستیاری ئێستای کۆمەڵگای ئێران کەمتر بخرێنە بەر باس و بە تێپەڕین لەو کێشانە هەل و دەرفەتی خەسارناسی و پلانڕێژی بۆ چارەسەر کردنیشیان یا بە تەواوی لە بیر بکرێ، یان دەنا وەدوا بخرێ.

ڕاستییەکانی پێوەندیدار بە قاچاغی ژنان و کچانی ئێرانی بۆ وڵاتە شێخ نشینەکانی دراوسێی ئێران و تەنانەت وڵاتانی ئورووپا تاڵتر لەوەن کە تەنیا وەک یەکێک لە دیاردەکانی بەرهەمی دەسەڵاتدارەتیی نەشیاو و دژە گەلییانەی کۆماری ئیسلامی باسی لێ بکرێ و بە ئاسانی هەموو ئاکام و خەسارەکانی ئەو دیاردەیە بخرێتە پشت گوێ و باسی لێ نەکرێ.

ئەوڕۆکە قاچاغی کچان و ژنان و منداڵان بە مەبەستی بازرگانیی پۆرنۆ پڕ داهاتترین پیشە لە دنیا دا دوای قاچاغی چەکوچۆڵ و ماددە هۆشبەرەکانە، کە ئەو قازانجە زۆرە ماددییانە بە قیمەتی زیان و شکانی کەسایەتیی رووحی و مەعنەویی کچان و ژنان، کە بە هۆکاری جۆراوجۆر کەوتوونەتە داوی ئەو باندانەوە، دەڕژێتە گیرفانی مافیاکانی قاچاغی کچان و ژنانەوە.

## ڕژیمی دژ بە ژن لە دامەزراوی «ژنانی ڕێکخراوەی نەتەوە یەکگرتووەکاندا»

ئەمساڵ لە ٢٦مین کۆبوونەوەی گشتیی ڕێکخراوەی نەتەوە یەکگرتووەکاندا، پێکهاتنی دامەزراویەک بە ناوی « ژنانی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان»، بە تێکرای دەنگ پەسەند کرا. بە پێی ئەم پەسەندکراوە بڕیارە دەستەی بەڕێوەبەریی ئەم دامەزراوەکە لە ٤١ وڵات پێک بێت کە ٣٦ وڵاتیان نوێنەرایەتی دامەزراوەکە لە بەشە جۆراوجۆرەکانی دونیا دەکەن و ٥ ئەندامیش نوێنەری ئەو وڵاتانە دەبن کە پشتگری دارایی لەم دامەزراوە دەکەن. ئەم ٤١ ئەندامە لە لایەن «شۆرای کۆمەڵایەتی و ئابووری ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکانەوە، هەڵدەبژێردرێن. ڕژیمی کۆماری ئیسلامی لە لایەن دەوڵەتانی ئاسیاییەوە بۆ ئەندامەتی لەم دامەزراوەدا کاندید کراوە و دەوڵەتی عەرەبستانی سعودیش وەکوو ئەندامی پشتیوانی دارایی دیاری کراوە. کاندیدکردنی کۆماری ئیسلامی ئێران بۆ بوون بە ئەندامی ئەم دامەزراوە، کاردانەوەی جۆراوجۆری لە



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

لایەن دامەزراوەکانی پارێزەری مافی مرۆڤ و لایەنگرانی مافی ژنان بەدواوە بوو و کاربەدستانی رەسمی برێک لە وڵاتەکان نارِەزایەتی خۆیان لەم بابەتەوە دەربرِی.

برێک لە دامەزراوەکانی سەر بە رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان بەرهەمی رەوتی خەباتی درێژماوەی پێشکەوتن خوازی کۆمەڵایەتی لە وڵاتانی جۆراوجۆرن و نەفسی ئەوەی کە وڵاتێکی دیاری کراو لە رێگەی بە ئەندام بوون لە وەها رێکخراوێکدا بە یاسا و رێساکانی ئەم رێکخراوەیە پابەند بێ و بەرێوەیان بەرێت جێگای ئیراد نیە. بەڵام ئایا بە ئەندامبوونی کۆماری ئیسلامی لەوەها دامەزراو گەلێکدا بەو ئاراستەیە دایە ئاکامێکی ئینسانی لێ دەکەوێتەوە؟

ئەمە یەکەم جار نیە کە کۆماری ئیسلامی ئێران دەبێ بە ئەندامی دامەزراوەیەکی نێونەتەوەیی و پەیماننامەکانی ئیمزا دەکات. بۆ وێنە دەتوانین ئاماژە بۆ ئەندامیەتی ئەو رژیمە لە رێکخراوی جیهانی کار، واتە «ئای.ئێل.ئۆ» و لە کۆنوانسیۆنی مافی منداڵاندا بکەین. کۆماری ئیسلامی لە ساڵی ١٣٧٣ی هەتاویوە پەیماننامەی کۆنوانسیۆنی مافی منداڵانی ئیمزا کردووە، بەڵام تاکوو ئێستا نەک هەر بە خاڵەکانی ئەم کۆنوانسیۆنە پابەند نەبووە بەڵکوو لە ریزی یەکەمی ئەو دەوڵەتانە دایە کە مافی منداڵان پێشێل دەکات و تەنانەت منداڵان ئێعدام دەکات.

ئەو رژیمە پەیماننامەی رێکخراوی جیهانی کاری مۆر کردووە. بەڵام بەردەوام نارەواترین بێ مافی بە سەر کرێکاراندا سەپاندووە و هیچ خاڵێکی ئەو پەیماننامەیە بەرِێوە نابات.

رژێمێک کە هیچ باوەرێکی بە یەکسانی ژن و پیاو نیە و بە رێوەبردنی کۆمەلێک یاسای دژ بە ژن، بە جیاکردنەوەی جنسی ئینسانەکان لە شوێنە ئاموزش و ئیدارییەکان، بە یاسا کردنی ئێزدواجی منالان، بە یاساکردنی چەند ژنە، بە داسەپاندنی حیجابی زۆرەملێ بە سەر ژنان دا، بێبەش کردنی ژنان لە مافی سەرپەرەستی منالەکانی لە کاتی جیابووەدا، بێبەش کردنی ژنان لە مافی قەزاوەت و دەیان نموونەی دیکە و بەرێوە بردنی هەموو ئەو بێ مافیانە بەزەبر و زەنگ نەواندن و کوشت و برِ، هەڵاواردنی و بێ ماف کردنی ژنانی تێکەلاو بە هەموو ئان و ساتەکانی ژیانی ئەو کۆمەڵگایە کردووە و دژایەتی لەگەڵ ژن بۆتە بەشێک لە پێناسەی ئەو رژیمە، وەها رژێمێک بۆچی دەبێ رێگەی ئەوەی پێ بدرێ بێ بە ئەندامی دامەزراوێک کە بە پێ ناسنامەی راگەیاندراوی خۆی، برِیار وایە پارێزەری مافی یەکسانی ژن و پیاو بێت.

کۆماری ئیسلامی لە حالێکدا دەبێ بە ئەندامی «دامەزراوی ژنانی رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان» کە بەڵگەی هەزاران ژنی ئێعدام کراو، قەساس و سەنگسار کراو لە «پەروانەی فروهەر» لە ناو ماڵەکەیدا و «زەهرا بەنی یەعقوب» لە زیندانی هەمەدان و «زەهرا کازمی» لە زیندانی ئێڤین شیرین عەلەم هولی و زینەب جەلالییان و سەدان کەسی بێ ناونیشان لە سەرە. ئەم رژیمە لە حالێکدا دەبێ بە ئەندامی وەها ناوەندێک کە ئێستاش کە ئێستایە دیتنی دیمەنی خوێناوی و مەعسومی ندا ئاقاسولتان و تەرانەی موسەوی ویژدانی ملیۆنها کەس لە سەرتاسەری جیهان ئازار دەدات. ئەو رژیمە لە حالێکدا دەبێ بە ئەندامی رێکخراوی ژنانی نەتەوە یەکگرتووەکان کە هێشتا حوکمی سەنگسار کردنی سەکینە محەممەدی و دەیان ژنی چارە رەشی دیکە، هەڵنەوەشاوەتەوە.

ئەم هەڵویستەی رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان، بە واتای چاو پۆشی کردن لە هەموو ئەو بێ مافی و جینایەتانەیە کە لە ئێران بەڵکوو پێویستە لە دادگایەکی نێونەتەوەییدا بە تاوانی پێشلکردنی سەرەتاییترین مافەکانی ژنان و سووکایەتی کردن بە کەسایەتی ژنانی ئێران و ژنانی سەرتاسەری جیهان، مەحاکەمە بکرێ.

**ئەندامەتی کۆماری ئیسلامی لە کۆمیسیۆنی «پێگەی ژن» دا!**

لە مانگی فێوریەی ئەمساڵدا ئێران خۆی بۆ ئەندامەتی لە شوورای مافی مرۆڤ پاڵاوت، بەڵام بە هۆی نارِەزایەتی هێندێک وڵاتان و پارێزەرانی مافەکانی مرۆڤ، لەسەر خۆپاڵاوتنی ئێران بۆ ئەم شوورایە، ئێران ناچار بوو پێش ئەوەی هەڵبژاردنەکە



بکرێ بۆخۆی کشایەوە. بێگومان ئەمەش سەرکەوتنێک بوو بۆ لایەنگران و پارێزەرانی مافی مرۆڤ لە ئێراندا و شکستێکی سیاسیش بوو بۆ ڕێژیمی ئێران. بەڵام بۆ قەرەبووکردنەوەی ئەو شکستەی هات خۆی بۆ ئەندامی کومیسیۆنی پێگەی ژن پاڵاوت، تاکوو وا بنوێنێ کە لە کۆمەڵگەی نێونەتەوەیی دانەبڕاوە و دانابڕێ .

## خەسارە کۆمەڵایەتییەکانی ئێران

لە دەیەی دووهەمی دەسەڵاتدارەتیی کۆماری ئیسلامی را تاکوو ئێستا توێژەرە کۆمەڵایەتییەکان، دەروونناس و کۆمەڵناس و بەرپرسە ئیدارییە دەروەستەکان لە ئێران بەردەوام سەرهەڵدان و پەرەسەندنی دیاردە کۆمەڵایەتییەکانیان وەبیر بەرپرسان و دامودەزگا حکوومییەکانی پێوەندیدار هێناوەتەوەو ئەوانیان لە تەقینەوەی ئاسەوارە زیانبارەکانی ئەو دیاردانە وریا کردۆتەوە.

بەڵام ئەگەر لە لایەک کێشەو بابەتە سیاسییەکان بە قورسایی زیاترەوە، سێبەریان خستۆتە سەر کێشە کۆمەڵایەتییەکان و لەم سۆنگەیەوە دیاردە و خەسارە کۆمەڵایەتییەکان بەردەوام پشتگوێ خراون، لە لایەکی دیکەشەوە نەبوونی ئامارێکی وردو گشتگیر کە لە لایەن خودی بەرپرسان و بنیاتە



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

حکوومییەکانەوە پشتڕاست کرابێتەوە بەردەوام ئەو گومانەی دروست کردوە کە لەوانەیە جۆرێک گەورەکردنەوەی کێشەو قەیرانەکان لەو واقعانە کرابێ تا بەمجۆرە رەخنەو گازندەیەکی زیاتر ئاراستەی بەرپرسە دەوڵەتییەکان کرابێ و کفایەت و جۆری بەڕێوەبەریی وڵات لە لایەن ئەوانەوە خرابێتە ژێر پرسیارەوە. بەڵام لەو ماوەیەدا کۆمەڵە ئامارێک لە زمانی بەرپرسانی پایەبەرزی ئیدارات و دەزگاکانی رێژیم بڵاو بوونەوە کە هەموو ئیددیعا و ئامارەکانی رۆژنامەنووسان و توێژەرە کۆمەڵایەتییەکان پشتڕاست دەکەنەوە.

بڵاڤۆکی «مێهری نوێ» سەر بە رێکخراوی بێهزیستی ئێران لە ژمارە ٥ی خۆیدا کۆمەڵە ئامارو زانیارییەکی جێی سەرنجی بڵاو کردۆتەوە.

ئەوەی کە تەمەنی تووشبوون بە ئێعتیاد بۆ خوار ١٤ ساڵ دابەزیوەو ئەو دیاردەیە خەریکە لە قوتابخانەکانیش دا پەرەدەستێنێ، ئەوەی کە زیاتر لە ٤ میلیۆن کەس لە ئێران دا ماددەی هۆشبەر بەکار دێنن، ئەوەی کە لە سۆنگەی پەرەسەندنی دیاردەی ئێعتیادو بێکارییەوە ئاماری تەڵاق ٣٠٪ لە چاو ساڵی رابردوو زیادی کردوە.

هەر بە پێی ئەو راپۆرتە تەمەنی لەشفرۆشی بۆ خوار ١٦ ساڵ دابەزیوەو ئەوەی کە بەشی هەرە زۆری ئەو ژنانە نەخوێندەوار نین و خاوەن مێردو منداڵن.

هەموو ئەوانە لە ئێرانێکدا روو دەدەن کە سەرکۆمارەکەی ئیدیعا دەکا وڵاتەکەی ئازادترین وڵات، خەڵکەکەی بەختەوەرترین خەڵکی دنیاو دەسەڵاتەکەی و دەوڵەتەکەی دیموکراتیک ترین نیزامی دنیایەو وڵاتانی دیکەشی راسپاردوە کە تیتۆڵێک لە ئێران دادرن و رایگەیاندوە کە ئامادەن مودیرییەت و بەڕێوەبەریی دنیاش بگرنە دەست.

## دیاردەی لەشفرۆشی لە ئێرانی ژێر دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامیدا

بە پێی دوایین لێکۆڵینەوەکان کە لە میدیا فەرمییەکانی ئێراندا بڵاو کراوەتەوە، تەمەنی دەست پێکردنی لەشفرۆشی لەو وڵاتە بۆ تەمەنی دوازدە ساڵان دابەزیوە و ئەوەش بە پێی پێوەرە نێودەوڵەتییەکان بە دەست درێژی زۆرەملی بۆ سەر منداڵان دەزانرێ.

لەشفرۆشی دیاردەیەکی قێزەونی کۆمەڵایەتییەو پسپۆران وکارناسان لە بابەت بیرکردنەوە لە هەل و مەرج و بارودۆخی ئەو لەشفرۆشانە بە هۆی بوونی یاساگەلی جۆربەجۆر و دید و تێڕوانینە تەقلیدییەکان لە گەڵ کۆسپێکی زۆر رووبەڕوو دەبنەوە. هەندێک لە شارەزایان پێیان وایە کە دەبێت هاوکاری ئەو ژنانە بکرێت بە شێوەیەک لە شێوەکان بەر بە پەرەسەندنی ئەو دیاردەیە بگیردرێت بەڵام لە هەمان کاتدا هەندێکی تر پێیان وایە هەر چەشنە هاوکاری کردنێکی ئەو لەشفرۆشانە بە مانای هاندانیانە لە سەر ئەو کارە.

## تۆمار کرانی ناوی ٢٠ هەزار و ١٣٠ کەسی تووشبوو بە نەخۆشی ئیدز لە ئێراندا

بە پێی ئەو ئامارانەی کە زانکۆکانی زانستە پزیشکەکانی ئێران لە هەموو پارێزگاکانی ئێران کۆیان کردۆتەوە، ٢٠ هەزار و ١٣٠ کەس لە خەڵکی ئێران تا سەرەتای رەزبەری ٨٨ ی هەتاوی تووشی نەخۆشیی ئیدز هاتوون و ناوەکانیان لە ئیدارەی بێهداشتی وڵات تۆمار کراوە.

لەو نێوەدا راگەیەندراوە کە تا ئێستاش ٣ هەزار و ٤٠٩ کەس لە ئێراندا بە هۆی تووشبوون بەو نەخۆشییە گیانیان لە دەست داوە.

لەو راپۆرتەدا ئاشکرا کراوە کە ٩٣٪ ی توشبووان بە ئیدز لە ئێران پیاوان و ژنان ٧٪ ی ئەو حەشیمەتە پێک دێنن.

## خەتەنە کردن و دەرەنجامە خراپەکانی

مێژووی خەتەنەکردنی ژنان بۆ ٢٠٠ ساڵ پێش لە دایکبوونی مەسیح دەگەڕێتەوەو بە یەکێکی دیکە لە چەشنەکانی دەسەڵات و هێز نواندنی پیاوان بەسەر ژنان لە کۆمەڵگاکانی پیاو سالاردا دەژمێردرێ کە تائێستاش لە زۆر لە کۆمەڵگا مرۆیی یەکاندا هەروا بەردەوامە. دەمارگرژیی ئایینی، دواکەوتوویی کلتووری، نەبوونی زانیاری لە سەر دەرەنجامەکانی خەتەنەو بەستنەوەی خەتەنەی



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

کچان بە نەریتە ئایینی و نەتەوەییەکان هۆکارگەلی بەردەوامیی خەتەنەکردنی کچان لە سەردەمی ئێستا دان. بەپێی دوایین ئامارەکانی ڕێکخراوی جیهانیی بێهداشت ١٦٠ میلون کچ و ژنی خەتەنەکراو لە جیهان دا هەن و لە ساڵدا پتر لە ٣ میلیۆن کچی دیکەش لە تەمەنی ٢تا٤ ساڵی دا خەتەنە دەکرین.

ئەم دیاردەیە لە نێو نەتەوەی کورد لە هەموو بەشەکانی کوردستانیش دا دیاردەیەکی باوەو و لە ژێر باندۆر و کارتێکەرییە نەریتی و ئایینییەکاندا هەروا قوربانی وەردەگرێ.

## ئامانجەکانی خەتەنە کردنی کچان

- بەجێ گەیاندنی ئەرکێکی ئایینی وەک ئەوەی کە خەتەنەکردن سوننەتی عایشێ و فاتمەیە.
- کۆنترۆڵکردنی ئێشتیاو ویستەجینسی یەکانی کچان بەر لە شووکردن
- پاراستن و نیشاندانی پاک داوێنی کچان بەهاوسەرانی داهاتوویان!!

## زیان و دەرەنجامەکانی خەتەنەکردن:

خەتەنەکردنی کوڕان ئەگەر لە قازانجی کوڕان و پرسێکی پزیشکی و بێهداشتی یە، بەڵام خەتەنەکردنی کچان سەقەت کردنی ئەوان و بەهەر بیانوو و مەبەستێک بێ جینایەتێکی دژەمرۆیی یە.

کۆی زیانە جەستەیی و دەروونییەکانی کچان و ژنانی خەتەنەکراو و چوونە سەری پلەی زانیاری و وشیاریی کۆمەڵاتی خەڵک وای کردووە کە وردە وردە خەڵک بیرلەوە بکەنەوە کە خەتەنەکردنی کچان نەک پێگە و کەسایەتیی ئەوان بەرز ناکاتەوە و متمانە و دڵنیاییان پێ نابەخشێ، بەڵکوو جینایەتێک و کردەوەیەکی دژەمرۆیییە کە دەرحەق ئەوان ئەنجام دەدرێ. بەڵام تاگەیشتن بە بنەبڕکردنی ئەو دیاردەیە ڕێگەیەکی دووروودرێژ و پڕ لە کەندو لەندمان لە بەردەم دایە.

ئەمرۆکە لایەنەکانی پاراستنی مافی مرۆڤ ومافی ژنان خەتەنەکردن بە یەکێک لە خاڵە گرینگەکانی توندوتیژیی دژی ژنان ناو دەبەن و کۆمەڵگای ڕۆژئاواش بە قەدەغە کردنی قانوونی، ئەو ڕەفتارەیان بە دژەمرۆیی و گەڕانەوە بۆ سەدەکانی ناڤین باس کردوە. لە ئێران و کوردستانیش دا پێویستە خەتەنەکردنی کچان و ژنان بەرەسمی وەک توندو تیژیی ناموسی بناسرێ و بە شێوەی یاسایی بڕیاری قەدەغە کردنی بدرێ. پێویستە مامۆستایان ئایینی فتوای خەتەنە نەکردنی کچان دەربکەن و بە پەرورەو فێرکردنی بەردەوام لە بنەماڵە، قوتابخانەو خوێندنگاو کۆمەڵگا دا هەوڵ بۆ بنەبڕکردنی بدرێ. سزادان و سەپاندنی سزای قورس بەسەر بکەرانی ئەو ڕەفتارە چ ئەندامانی خێزان یان ماماکان و ناوەندە پزیشکی یەسەرپێچیکەرەکانیش دەتوانێ هەنگاوی جیددی و لیبڕاو بۆ کەمکردنەوەی ئەو دیاردەیەبێ.

## تاوانی ژیان لە کەلەبەرەکانی خۆکوژی دا

خۆکوژی وەک دیاردەیەکی کۆنباوی کۆمەڵایەتی و جیهانی کە دەرەنجامی کێشە کۆمەڵایەتی و تێکچوونە دەروونییەکانی مرۆڤەکانە، ئەمرۆکە یەکێک لە هەرە کێشە گرینگەکانی کۆمەڵگای کوردستانە و نووسین لەسەر ئەو بابەتە هەستیارەو خەسارناسیی ئەو دیاردەیە هەر لە جێ دا سەخت و دژوارە، چونکی ئامارێکی وردو دەقیق لەسەر ئەژماری ئەو کەسانەی پەنا بۆ خۆکوژی دەبەن لە بەردەست دا نیە و ئێستاش بە هۆی نادیارەوە ئاماری خۆکوژییەکان لە ئێراندا وەک زۆر دیاردەی دیکەی کۆمەڵایەتی نهێنی و زۆر ئاڵۆزو تەنانەت پارادۆکسە.

لە گشتییەتی خۆی دا هۆکارە کۆمەڵایەتییەکانی وەک بێکاری، هەژاری، تەڵاق، لە دەستدانی کەسانی زۆر خۆشەویست، لە دەستدانی پشتیوانی و سۆزی بنەماڵەو خێزان و هۆکارە دەروونییەکانی وەک ناهومێدی، خەمۆکی، هەست بە شکست کردن، ئیعتیاد بە ماددە ئەلکۆلی و هۆشبەرەکان، هەست کردن بە پووچی لە ژیاندا، نەمانی ترووسکەی هیواو قەیرانی عاتفی و سۆزداری زنجیرە هۆکارێکی پاڵنەر و بەستێنێکی لەبار بۆ پەنابردنە بەر خۆکوژین.

جیا لەو هۆکارانە خۆکوژی هەڵگری کۆمەڵە واتایەکی دیکەشە، وەک دۆزینەوەی



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org



ڕێگەچارەیەک بۆ دەرباز بوون لە کێشەو قەیرانەکان، یان هاوارو دەربڕینێکی واتادار بۆ یارمەتی وەرگرتن و بەهاناوە چوون و یان دەنا ڕاکێشانی سەرنج و بینینی ئەو کەسانەی بۆ تاکی خۆکوژ زۆر گرینگن. بەڵام گرینگتر لە هەموو ئەوانە ئەوەیە کە خۆکوژی چ کاریگەرییەک لەسەر پاکژی ڕەوانینی کۆمەڵگادا دەنێ و بەرز بوونەوەی ئەژمارو ئاماری خۆکوژی چ جۆرە خەسارێکی لێ دەکەوێتەوەو وڵامی ئەو پرسیارانەشە کە نیگەرانیی زۆر بۆ کۆمەڵناسان و توێژەرە کۆمەڵایەتییەکان و کۆمەڵانی خەڵک دروست کردوە.

**گرینگیی خەسارناسیی ئیعتیاد لە نێوان ژنانی موعتاددا**

لە خەسارناسیی دیاردە کۆمەڵایەتییەکان و لێکدانەوەی خەسارە کۆمەڵایەتییەکاندا زۆر جار تووشی جۆری هەڵە تێگەیشتن دەبین وەک ئەوەی بڵێی کە زۆربەی ئەو دیاردانە پیاوانە بن و خەسارناسی و ڕۆچوون بە ناخی هۆکارو دەرەنجامەکانیش دا زۆرتر لە بازنەی زێهنییەتێکی پیاوانەدا قەتیس ماونەتەوە، لە حاڵێک دا ژنان بەپێی پێگەو جێو شوێنیان لە پێکهاتەی خێزانی دا یەکەمین و سەرەکیترین قوربانیانی دیاردە و خەسارە کۆمەڵایەتییەکانن.

ئێعتیاد بە مادده هۆشبەرەکان یەکێک لەو خەسارە کۆمەڵایەتییانەیە کە زۆرتر بە پێناسەیەکی پیاوانەوە باسی لێکراوەو زۆربەی زۆری خەڵکی پێیان وایە کە مادده هۆشبەرەکان و تووشبوون و بەکارهێنانیان جۆرە لادانێکە کە زۆرتر پیاوان تووشی دەبن و ژنان کەمتر دەکەونە داوی ئێعتیادەوە، تەنانەت



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

جگەرەکێشانی کچان و ژنان لە کۆمەڵگای ئێران و کوردستاندا بە دژەباو و ڕەوشت خراپیی ژنان لێک دەدرێتەوە کەهۆکارەکەی بۆ بنەما نەریتی و نۆرمە جیکەوتووەکانی کۆمەڵگاکەمان دەگەڕێتەوە. بەڵام شاراوە مانەوەی دیاردەی ئێعتیاد لە نێو ژنان دا هەم بواری بۆ پەرەسەندنی ئەو دیاردەیە لە نێو ژنان دا خۆش کردووە هەمیش ئەوەی کە ئەم بوارەی نەداوە تا لە پانتاییەکی تایبەت دا خەسارناسی بکرێو لە ئەو هۆکارو دەرەنجامانەی تووشبوونی ژنان بە ئێعتیاد بکۆڵدرێتەوە کە بە نیسبەت ئێعتیاد لە نێو پیاوان دا هەم جیاوازەو هەم تایبەت.

ئێعتیاد لە نێو ژنان دا باسێک نیە کە بتوانین بە خێرایی بە تەنیشتی دا تێ بپەڕین. بە بڕوای زۆربەی کارناسەکان خەسار و زیانەکانی تووشبوونی ژنان بە مادده هۆشبەرەکان زۆر زیاتر لەو زیانەیە کە لە سۆنگەی ئێعتیادی پیاوانەوە تووشی کۆمەڵگا دەبێ، لەبەر ئەوەی کە تووشبوونی ژنان بە داوی ئێعتیاد زۆر خەسارو دیاردەی دیکەی لێدەکەوێتەوە کە توندوتیژی و ڕاکردن لە ماڵ و پەنا بردنە بەر دزی و لەشفرۆشی تەنیا بەشێک لەو دەرەنجامانەیە کە لەو سۆنگەیەوە ژنانی موعتاد تووشی دەبن.

دوا وتە ئەوەیە کە سەرنجدان و بایەخ پێنەدان بە پرس و کێشەی ئێعتیاد لە نێو ژنان داو پلانرێژی و دانانی ڕێوشوێن و مکانیزم بۆ کۆنترۆڵ و بەرەو ڕووبوونەوەی ئەم دیاردەیە لە داهاتوویەکی زۆر نیزیک دا کۆمەڵگای ئێران تووشی خەسارو قەیرانێکی زۆر قووڵ دەکا.

لە ئاکامدا دەبێ ئەوە بڵێین کە یەکیەتیی ژنان دەبێ ڕوو بە داهاتووی پرسی ژنان بە گشتی و ژنی کورد بەتایبەتی بە هەنگاوی بە بڕشت و بەوپەڕی لە خۆبردوویی و فیداکارییەوە هەنگاو بنێ بۆ نەهێشتنی هەر جۆرە پێشێلکارییەک کە دەرحەق بە هەموو ماف و ئازادییەکانی ژن دەکرێ لە هەر بوارێک لەو بوارانەی کە لە پێشدا ئاماژەمان پێ دا. ئێمە دەبێ بۆ جێگیر کردنی یەکسانی و مافی بەرابەری لە کۆمەڵگەدا دژی هەر جۆرە هەڵاواردنێک خەبات بکەین و هۆشیاریی کۆمەڵگەکەمان مەرجی ئەساسی بە ئاکام گەیشتنی ئەو خەباتەیە.

کۆنگرەی سێهەمی یەکیەتیی ژنان دەبێ لە بەرنامەی کاری خۆی دا دەستنیشانی خاڵە لاوازو بە هێزەکانی ئەو خەباتە بکات کە خەباتی ڕەوای ژنانە بۆ نەهێشتنی هەر جۆرە جیاوازییەک و خاشە برکردنی نۆرمە ناپەسندەکانی کۆمەڵگا کە زەربە لە ژنان و لە بوونیان دەدات.

**«بە هەوڵی یەکگرتووی ژنانی کورد هەنگاو بنێین بەرەو یەکسانی»**



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

نەسرین حەداد:

# ژنی کورد هەمیشە ئازادی و رزگاریی خۆی لە گرەوی ئازادی میللەتەکەی دا بینیوە

لە ڕێکەوتی ١٣٩٠/٥/١٣دا یەکیەتیی ژنانی دیموکراتی کوردستان سێهەمین کۆنگرەی خۆی گرت. کە لەم کۆنگرەیەدا خاتوو نەسرین حەداد بە سکرتێری ئەم یەکیەتییە هەڵ بژێردرا. بۆ تاوتوێ کردنی بابەت و مەسەلەکانی پێوەندیدار بە کۆنگرە وتووێژێکمان لەگەڵ خاتوو نەسرین حەداد پێک هێناوە کە سەرنجتان بۆ لای ئەم وتووێژە ڕادەکێشین.

**دیمانە: نەسرین حەسەن زادە**



**پرسیار : وێڕای پیرۆزبایی بە بۆنەی گرتنی کۆنگرەی ٣ی یەکیەتیی ژنانی دیموکراتی کوردستان و هەڵبژێرانی جەنابت بە سکرتێری ئەم ڕێکخراوە، تکایە هەڵسەنگاندنێکی کارەکانی ئەو کۆنگرەیەمان بۆ بکە.**

وڵام: لە پێش دا سپاسی ئێوە بەڕێوەبەرانی گۆڤاری ژنان دەکەم کە ئەو هەلەتان بۆ ڕەخساندم و دەست خۆشیتان پێ دەڵێم، هەروەک ئاگادارن ڕۆژی ١٣٩٠/٥/١٣ی هەتاوی بەرامبەر بە ٤ی ئاگۆست سێهەمین کۆنگرەی یەکیەتیی ژنانی دیموکراتی کوردستان بە دروشمی « بە هەوڵی یەکگرتوویی ژنانی کورد هەنگاو بنێین بەرەو یەکسانی»دەستی پێ کرد،ئەندامان بە شێوەیەکی چالاک و زۆر بەرچاو ڕاپۆرتەکەیان خستە بەرباس و لێدوان، لە لایەن ئەندامانی کۆنگرە بە تێکرای دەنگ بە دەسکاریەوە پەسەندکراو، بەشەکەی دیکەی کۆنگرەکە تەرخان کرابوو بۆ پێداچوونەوەی بەرنامەو پەیرەوی ناوخۆی یەکیەتیی ژنان لەویش دا هەندێک خاڵ دەستکاری کران کە بە تێکرای دەنگ پەسەند کرا،دوایین بەشی دیکەی کۆنگرە بریتی بوو لە باس و ڕاوێژ لە ڕەخنە و پێشنیار و کارو تێکۆشانی لە رابردوو و لە داهاتوو، هەروەها هەڵبژاردنی ئەندامانی ئەسلی و جێگری بەڕێوبەری،لەم بەشەدا کاندیداکان بە دەنگی نهێنی هەڵبژێردران.

**پرسیار: بۆ ئەم دەورەیە لە کار و تێکۆشانی یەکیەتیی ژنان چ بەرنامەیەکتان هەیە و دەتانهەوێ زۆرتر گرنگی بە کام بوارەکان بدەن؟**

وڵام: هەروەک لە باسەکان دا هاتە گۆڕێ یەکیەتیی ژنان دەبێ زیاتر لە پێشوو تێکۆشی و خەباتی خۆی لە گەڵ ڕێکخراوەکانی کورد و ئێرانی گرێ بدا بە تایبەت چالاکوانان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، هەروەها ئێمە یەکیەتیی ژنان هەوڵ دەدەین بۆ سرینەوەی هەر چەشنە توندوتیژی دژی ژنان دەبێ هەوڵ بدەین بەیاننامەی مافی مرۆڤ و کۆنڤانسیۆنی نەهێشتنی جیاوازی لە سەر ژنان کە لە ساڵی ١٩٧٩ ی زایینی لە نەتەوە یەکگرتوەکان پەسەندکراوە بکەینە سەرمەشقی بیروبۆچوونی خۆمان.........

**پرسیار: زۆر جار گوتراوە کە پێویستە ژنان زیاتر پەروەردە**



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

**بکرێن بۆ بەشداری لە کارو باری سیاسی دا. کەچی بە داخەوە هێشتا ئاستی حزووری ژنان لە بەڕێوبردنی ڕێکخراوە سیاسیەکاندا و یەک لە وان لە حیزبی دێموکرات دا لاوازە. ئایا ئێوە بەرنامەتان چیە لە بواری پەروەرەی سیاسیی ژناندا؟**

وەڵام: یەکیەتیی ژنان هەردەم هەوڵ دەدا بۆ پێگەیاندن و بردنە سەری سەتحی زانیاری ژنانی کوردستان و زیاتر ئاشنا کردنیان بە مافە ڕەواو ئینسانیەکان. ئەگەر چاو لە ساڵانی رابردوو بکەین بە نسبەت ئەو کاتەوە زۆربەیان لە باری سیاسی و کۆمەڵایەتیەوە ئاڵ و گۆڕیان بەسەردا هاتووە، بەڵام تەنیا شتێک کە ڕێگرە ئەوەیە کە ئەو ژنانە کە ئێستا لە حیزب دا هەن سەوادی کلاسیکیان کەمە بەڵام بەپێی تەجرووبەکە کەسبیان کردووە باشترن.

هەندێک لەو ژنانە هەیە کە سەتحی سەوادیان لە سەرێیە بەشداریان لە سەتحی ڕێبەرایەتی حیزب دا هەیە و پۆستی گرینگیان لە ئەستۆیە دەبێ بڵێم بە خۆشییەوە لە کارەکانیشیان دا سەرکەوتوون. دیسانیش ئێمە وەک یەکیەتیی ژنان هەرگیز دەستەوەستان نابین بۆ پەروەردە کردنی ژنان هەرچی کاری یەکیەتیی ژنانە بە خۆیان دەسپێرین.

**پرسیار: جەنابت جیا لە بەرپرسیارییەتی یەکیەتیی ژنان، بەرپرسیارییەتی بنیادی پشتیوانی لە ڕێخراوە سینفییەکانیشت لە سەر شانە، پشتیوانی حدک لەو ڕێکخراوانە چۆن هەڵدەسەنگێنی و تا چەند پێتوایە پێوەندی نێوان حدک و یەکیەتیی ژنان دەبێ چۆن بێ؟**

وەڵام: ڕاستە ئەو ڕێکخراوانە سنفین بەڵام هەرکات دەبێ پشتیوانێک هەبێت بۆ ڕاپەراندنی کارەکانیان هەم لە باری مەعنەوی و هەم لە باری مادییەوە، لە لایەکی دیکەوە ئەو ڕێکخراوانە سەربەخۆن بۆ خۆیان کارەکانیان رادەپەڕێنن بەڵام دەستی هاوکاری لە هەموو بارێکەوە بۆ حیزب درێژ دەکات، لە زۆربەی کاتەکاندا حیزب حەلالی موشکیلات بۆ ئەو ڕێکخراوە بوو دیسانیش هەر کات پێویست بوو یەکیەتیی ژنان چاوەڕوانی زیاتری هەیە لە حیزب بۆ هاوکاری کردنی.

**پرسیار: ئەوەندەی دەگەڕێتەوە سەر خودی یەکیەتیی ژنان لەو باوەڕەدایە کە ئەم ڕێکخراوەیە دەبێ وەک ڕێکخراوێکی سینفی ژنان بجووڵێتەوە ئایا لەم باروودۆخەدا دەبێ وەک ڕێکخراوێکی سیاسییش بجوڵێتەوە؟**

وەڵام: ڕاستە ئەو ڕێکخراوەیە سینفیە بەڵام ژنانی کورد بە جیاواز لە ژنانی نەتەوەکانی دیکە مجبورن کە لە دوو بەرەدا خەبات بکەن یەکەم بۆ ڕزگاری خۆیان لە چەوساندنەوە و دەستەبەر بوونی مافە ڕەواکانیان. دووهەم خەبات بۆ نەتەوەکەیان، کە وایە تابتوانن تەنیا وەک ڕێکخراوەیەکی سینفی چاویان لێ بکرێ چونکە وەک هەموو ژنانی نەتەوەکانی دیکە لە مەیدانی خەبات دا هەن و بوون، بۆیە ژنی کورد هەمیشە ئازادی و ڕزگاری خۆی لە گرەوی ئازادی میللەتەکەی دا بینیوە بۆیە دەبێ لە دوولاوە خەبات بکا و لە دوولاوە دەجوڵێتەوە.

دیارە پێم خۆشە ئاماژە بەوەش بکەم کە زۆر جار لە میدیاکان دا دەبینین کە ڕەخنە لە ڕێکخراوەکانی ژنان دەگیرێ و بە پاشکۆی حیزبەکانیان ناو دەبەن و ڕەخنەیان لێ دەگیرێ کە لە ژێر هێژموونی پیاوسالاری دا کار دەکەن و تەنیا ڕوخسارێکی ڕواڵەتییە کە بە حیزبەکانیان داوە، بەڵام بە ئێتمینانەوە دەڵێم کە ئەو خاڵانە لە ناو حیزب و ڕێکخراوەکەمان دەستمان بۆ دەرکردنی زۆر بڕیار و ڕاگەیاندراو کە تایبەتن بە پرسی ژنان لە قۆناغی ئێستاکەی خەباتی ژنان دا ئاوەڵەیە و حیزب ڕێگرمان ناکات.

**پرسیار: ئەوەی تا ئێستا ڕێکخراوەکانی ژنانی ڕۆژهەڵات لە بواری کاری هاوبەشی دا پێکەوە ئەنجامی داوە لە ئاستی نێوان خوودی حیزبەکانی ڕۆژهەڵات دا ئەنجام نەدراوە پێت وایە ڕێکخراوەکانی ژنان لەو بوارەدا دەبێ چ پرۆژەیەکییان هەبێ؟**

وەڵام: یەکیەتیی ژنان هەردەم باوەڕی بە پێوەندیی هاوفکری ڕێکخراوەکان و حیزبەکان هەیە هەردەم هەوڵ دەدا بە پێوەندی گرتن لە گەڵ لایەنەکانی ئێرانی و کوردستانی و جیهانی،لە داهاتووش دا زەمینەی زیاتر بۆ ئەم هاوکاری و پێوەندییانە ڕێک دەخا.هیوادارم ئێمەی ژن لە هەموو حیزب و ڕێکخراوەکانی تایبەت بە ژنان بتوانین زۆر پتەوتر لە رابردوو یەکدەنگ و یەکریزبین و تا ئەو جێگایەی بچینە پێشێ کە تەنانەت حیزبەکانیش وەک سمبوولی هەوڵ بۆ یەکڕیزی بڕواننە چالاکیەکانمان.

**پرسیار: لە کۆتایی دا چ پەیامێکت بۆ ئەندامانی ڕێکخراوەکەتان بە تایبەتی و ژنانی کورد بە گشتی هەیە، فەرموو**

وەڵام: من خۆم لەو ئاستە دا نابینم کە پەیامم بۆیان هەبێت بەڵام داوای هاوکاری زیاتر و جیدی تر دەکەم هەروەها هیوای سەرکەوتن بۆ خەباتی ڕێکخراوەکانی ژنان بۆ داکۆکی زیاتر لە مافە ڕەواکانیان بە ئاوات دەخوازم.

– زۆر سوپاس لەوەی وەڵامی پرسیارەکەت دامەوە

زۆر سوپاس بۆ ئێوەش



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# کۆنگره له روانگەی بەشێک له ئەندامانی کۆنگرەی سێهەمی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان


کوێستان فتووحی


عیسمەت نستانی


خەجیج پوورمەند


مینا سوڵتانزاده


فەریبا وەیسی


گەلاوێژ پەیڕەوان


ئایشێ عیسانژاد


ڕۆژە عەزیزی


نەشمیل قادری


مەندانه حەبیب زاده



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

یەکیەتیی ژنانی دیموکراتی کوردستان لە ماوەی ڕۆژانی ١٣ تا ١٤ی گەلاوێژی ١٣٩٠ی هەتاوی واتە ٤ تا ٦ی ئاگوستی ٢٠١١ی زایینی دا سێهەمین کۆنگرەی خۆی لە ژێر دروشمی «بە هەوڵی یەکگرتوویی ژنانی کورد هەنگاو بنێین بەرەو یەکسانی» بەڕێوە برد. بۆ تاوتوێ و هەڵسەنگاندنی کارەکانی ئەم کۆنگرەیە کۆمەڵێک پرسیارمان لە چەند کەسێک لە ئەندامانی بەشدار لەم کۆنگرەیەدا هێناوەتە بەرباس و ڕیپۆرتاژێکمان بەم جۆرە ئامادە کردوە.

**دیمانە و ئامادە کردن: حەلیمە ڕەسوولی**

**پرسیار: دەکرێ بفەرمووی کە گرینگترین باسەکانی سێهەمین کۆنگرەی یەکیەتیی ژنان لەسەر چی بوون؟**

**کوێستان فتووحی:**



لە کۆنگرەدا زۆر باسی گرینگ هاتنە گۆڕێ. بۆنموونە ئێمە چۆن دەتوانین دەنگی مافخوازانەی ژنی کورد تێکەڵ بە بزووتنەوەی یە کسا نیخو ا ز ی ژنانی ئێران و هەروەها بزووتنەوەی فیمینیستی لە ئاستی نێونەتەوییدا بکەین. کێشە و بێ مافییەکانی ژنان پرسێکی جیهانییە و تایبەت نیە تەنیا بە ئێمەی کوردەوە. بۆیە باس لەوە کرا بۆ ئەوەی خەباتی یەکسانیخوازیی ئێمەش لە کۆمەڵگەی جیهانی دانەبڕێ، پێویستە یەکیەتیی ژنان بەو ئاراستەیەدا کار بکا. سرنجی کۆروکۆمەڵە جیهانییەکانی مافی مرۆڤ بۆلای بێ مافییەکانی ژنانی کورد و خەباتەکانیان ڕابکێشێ.

پاشان پرسی ژنان تایبەتە بە هەموو کۆمەڵگەوە، بۆئەمەش ئێمە دەبێ مرۆڤسالاری بکەینە ئالتەرناتیڤی پیاوسالاری، لەم پێناوەشدا ئێمەش دەبێ زیاتر خۆماندوو بکەین. لە کوردستان هەوڵ هەیە بۆ سڕینەوەی هێندێک دیاردەی کۆمەڵایەتی دژ بە ژنان، ئەمە نابێتە ئەوەی کە پێمان وابێ ڕێبازی مرۆڤسالاری و دادپەروەری وەک فکر لە کۆمەڵگەدا جێیان گرتوە.

مەسەلەیەکی دیکە کە لە باسەکاندا دەهاتە گۆڕێ، ئەمە بوو کە چۆن کار بکەین بۆ لێک نزیکبوونەوە و کاری هاوبەش لە نێوان ڕێکخراوەکانی ژنان لە کوردستان، لە پێناوی ئامانجە سەرەکییەکانمان کە یەکسانیی و دادپەروەرییە لە کۆمەڵگەدا. ئەمەش یەکێک بوو لەو باسە گرنگانەی کۆنگرە. بەشداران لەسەر ئەم خاڵەش ڕوانگەی خۆیان باس کرد و بەڕێوەبەریی هەڵبژێردراوی کۆنگرەی سێهەمیان ڕاسپارد کە دەبێ لە پرۆژەی کاری داهاتووی ئەم بەڕێوەبەرییەدا بگونجێ کە ئەو زەمینەیە خۆش بکا بۆ لێکنزیک بوونەوە و کاری هابەش. هەروەها قسەوباسێکی زۆر لەسەر ئەساسنامەی یەکیەتیی ژنان بۆ ئاڵوگۆڕ لە هێندێک خاڵیدا و ئەم خاڵانە و زۆر باسی تر بە وردی لە لایەن بەشدارانەوە گفتۆگۆیان لەسەر کرا و دواتر لە کۆی هەموو باسەکان بڕیارنامەیەک پەسند کرا.

**عیسمەت نستانی:**



دیارە لە هەر کۆنگرەو کۆنفرانسێکدا چەندین باسی جیاواز دێنە گۆڕێ و نوێنەرانی کۆنگرەو بیروبۆچوونەکانیان لە سەری دەردەبڕن. ئەو باسانە دەبێ وڵامی ئەو کەموکووڕی و کەلێنانە بدەنەوە کە ڕێکخراوەکە لە پێناوی دا تێدەکۆشێ. دەبێ هەڵسەنگاندنێکی واقیعبینانە لە کۆمەڵگا بێ بە مەبەستی داڕشتنی پلان و بەرنامەی کاری ڕێکخراوەکە.

لە بەڵگەنامەکانی کۆنگرەی سێهەمی یەکیەتیی ژنان



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

دا پرسی ژنان و پێگەیان لە ئاستی ژیانی کۆمەڵایەتی و بنەماڵەیی دا لە سەر ئاستەکانی جیهان و ئێران و کوردستان هاتە گۆڕێ و ئاڵوگۆڕی بیرو ڕای لە سەر کرا. بە پێی نەریتی کۆنگرەکانی یەکیەتیی ژنان، ڕاپۆرتی سیاسیی هەیئەتی بەڕێوەبەری و بەرنامە و پێڕەو لە سەرەکیترین و گرینگترین بەشەکانی کۆنگرە بوون کە بەرهەمی ڕوانگە و بیروبۆچوونی ئەندامانی ڕێکخراو بە گشتی و ئەندامانی کۆنگرە بە تایبەتی بوو.

بەشێکی دیکەی کۆنگرە باسی ئازاد بوو کە زیاتر پێوەندی بە پێگەی ژنانی کورد لە ڕووی کۆمەڵایەتی و سیاسی و، هەروەها لە سەر هاوکاری و پەیوەندیی ڕێکخراوەکانی ژنانی کوردەوە هەبوو و ئاوڕێکیش لە بارودۆخی نێوخۆیی ڕێکخراوەکە درایەوە کە نوێنەران لەو ڕووەوە پێشنیاراتی خۆیان خستنە ڕوو.

**فەریبا وەیسی:**



باسەکانی کۆنگرە یەکجار زۆرو جالب بوون، بەڵام گرینگترین باسەکان بە بڕوای من لەسەر پەروەردە کردنی ژنان و جیاوازی نەکردن لە نێوان ڕەگەزی نێر و مێ دا و بەشداریی ژنان لە مەیدانی خەبات و بەربەرەکانی دژی داب و نەریتە کۆنەکان کە لە دژی چەوساندنەوەی ژنان و هەنگاو نانیان بەرەو یەکسانی و کۆمەڵگەیەکی ئاسوودە و بەختەوەر. چونکە تا ژن بە مافەکانی نەگا، کۆمەڵ بەختەوەر نابێ.

**خەجیج پوورمەند:**

دەکرێ بڵێم گرنگترین باسەکانی کۆنگرە لە سەر پەروەردەو خۆپێگەیاندنی ژنان بوو، چونکە بەردی بناغەی هەر دەستپێکێک دەبێ لە پێش دا شارەزایی لەگەڵ بێ ئەگەر ژنان بۆ هەر هەنگاوێک بەرەو پێش چوون بە هوشیاریەوە هەنگاو نەنێن ناتوانن تێیدا سەرکەوتوو بن چونکە بەربەستەکانی سەر ڕێگای ژنان یەکجار زۆرن بۆیە کۆنگرەی سێهەمی یەکیەتیی ژنان زۆر جەختی لەسەر ئەوە کردوە کە دەبێ یەکیەتیی ژنان زۆر لەوە زیاتر کار لەسەر لایەنی پەروەردە کردنی ژنان بکات.

**نەشمیل قادری :**

گرینگترین باسەکانی کە لەم کۆنگرەدا باسکران بریتی بوون لە هەوڵدان بۆ دروست کردنی پێوەندییەکی یەکگرتوو و پتەو لە نێوان ڕێکخراوەکانی ژنان و هەروەها هەموارکردن و پێداچوونەوەی پێڕەوی نێوخۆی یەکیەتیی ژنان و لێکدانەوەی ڕاپۆرتی کۆنگرە و ئەو ڕەخنەو پێشنیارانەی لەسەر ڕاپۆرتەکە هەبوون باس کران و بە پێی پێویست گونجێنران هەروەها باس لەسەر گرینگترین کێشەکانی ژنان و دەست نیشان کردنی ڕێگاچارەکانیان. وە باس کردنی ئەو پێشنیارانەی کە ئاراستەی بەڕێوەبەریی داهاتوو واتە (هەڵبژێردراوی کۆنگرەی ٣ی یەکیەتیی ژنان) کران بۆ باشتر کردنی کارەکانیان لە داهاتوودا.

**مینا سوڵتانزادە :**



سەرەتا پیرۆزبایی بەستنی سێهەمین کۆنگرەی یەکیەتیی ژنانی دیموکراتی کوردستان لە هەموو ئەندامانی ئەو یەکیەتییە دەکەم. ئاشکرایە کە لە هەر گۆنگرەیەک دا و ئی هەر سازمان و ڕێکخراوێک بێ گرینگترین بابەتەکانی پێوەندیدار بە خۆی و هەروەها دەوروبەری و بە گشتی ناوچەکە و جیهان دەورووژێنێ. لە کۆنگرەی یەکیەتیی ژنانیش کۆمەڵێک پرس و بابەتی پێوەندیدار بە ژنان و ئاستی چالاکییان هاتە بەر باس کە گرینگترینیان بریتی بوون لە:

١ـ خەباتی ژنان بۆ دەستەبەر کردنی ماف و ئازادییەکانیان لە ماوەی نێوان دوو کۆنگرەی ٢ و ٣ی یەکیەتیی ژنانەوە بوو باسیان کرا کە چۆن لە ڕیزی



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

هەرە پێشەوەی نارەزایەتییەکان دا بوون و ڕۆڵی کارایان لە لەقاودانی سیاسەتە دژی مرۆییەکانی ڕێژیم دا گێڕاوە و هەوڵ دان بۆ بەردەوامی ئەم خەباتە.
٢- حوزووری بەرچاوی ژنان لە سیاسەت داو بینینی ڕۆڵی کارا لە پێوەندی نێوان چین و توێژەکانی ئەم کۆمەڵگەیە و هەنگاو هەڵێنان بۆ بە دەستەوە گرتنی دەسەڵات.
٣- بردنە سەری ئاستی هۆشیاری کۆمەڵگە بە گشتی و ژنان بە تایبەتی بۆ جێ کەوتنی سڕینەوەی فەرهەنگی پیاوسالاری و نایەکسانی لە بنەماڵەدا.
٤- کار بکرێ بۆ نەهێشتنی توندو تیژی لە بنەماڵەدا.
٥- کار بکرێ بۆ پەروەردەیەکی باش لە نێو بنەماڵەدا بۆ جیاوازی دانەنان لە نێوان نێرو مێ دا.
٦- یەکیەتیی ژنان هەوڵ بدا بۆ نەمانی هەر جۆرە هەڵاواردنێک لە کۆمەڵگەداو پابەند بوونی بە بڕیارنامەی نێونەتەوەیی «سیداو» کە دژی هەر جۆرە هەڵاواردنێکە.
٧- باسێکی چڕ و پڕ لەسەر بابەتەکانی ئێعتیاد، ئیدز، لەش فرۆشی، خەتەنە کردن، ژنان لە بازاڕی کاردا،و.. زۆر بابەتی دیکە کە دەبێ بۆ نەهێشتنیان کار بکرێ و تەنانەت بڕیار بۆ خاشەبڕ کردنیان بدرێ کە لە ڕاپۆرتەکە گونجێنرابوون.
٨- هەوڵ دان بۆ هەرچی لێک نزیککردنەوەی ڕێکخراوەکانی ژنانی ڕۆژهەڵات بەتایبەتی و ژنی کورد بە گشتی بۆ کۆدەنگی لە بەرامبەر ڕووداوو پێشهاتەکان و یەکگرتوویی زیاتر لە نێوانیان دا.

٩- هەوڵدان بۆ نزیک بوونەوەو پێوەندی لە نێوان هێزە ئێرانییەکانی کە کار بۆ مافی مرۆڤ و بەتایبەت مافی ژنان دەکەن و .. هتد.

**گەلاوێژ پەیڕەوان :**



لە پێش دا پیرۆزبایی گرتنی کۆنگرەی سێهەم لە هەموو ئەندامان و لایەنگرانی یەکیەتیی ژنانی دیموکراتی کوردستان دەکەم و بەو هیوایەی کە کۆنگرەی داهاتووی خۆمان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە نێو کۆڕی دایکان و خوشکانمان بگرین.
هەروەها دەست خۆشی لە دەستەی نووسەرانی گۆڤاری ژنان دەکەم بۆ ئەم دەرفەتە و هیوای سەرکەوتنیان بۆ بە ئاوات دەخوازم.
دەبێت بڵێم کە باسەکانی کۆنگرە جۆراوجۆر بوون، بەڵام دەتوانم بڵێم کە گرینگترینیان ئەمانە بوون:
١- باسی ڕاپۆرت بوو کە دوای باسێکی تێرو تەسەل بە تێکرای دەنگ پەسند کرا.
٢- باسێکی گشتی لەسەر پێڕەوی یەکیەتیی ژنان کرا و ئەو جێگایانەی کە پێویست بوو ئاڵو گۆری بەسەر دا هات.
٣- باسێک لە سەر گۆڕینی ئارم بوو کە ئایا پێویستە گۆڕانکاری تێدا هەبێ، ئەویش دوای قسەو باسێکی زۆری نوێنەران وا بە باش زانرا کە ئەو کارە بە بەرێوەبەریی تازە بسپێردرێ و ئەگەر بە پێویست زانرا لە نێوان کۆنگرەی سێهەم و چوارەم دا ئەو کارە بکرێت.

**ڕۆژە عەزیزی:**
سەرەتا پیرۆزبایی سەرکەوتنی کۆنگرەی سێهەمی یەکیەتیی ژنانی دیموکراتی کوردستان لە هەموو ئەندامان دەکەم و سپاس بۆ دەستەی بەرێوەبەریی گۆڤار کە ئەم هەلەیان بۆ ڕەخساندین کە بەکورتی باسێک لە کۆنگرەکە بکەین.
کۆنگرەی سێهەمی یەکیەتیی ژنانی دیموکراتی کوردستان چەند باسێکی گرینگی لە خۆ گرتبوو کە گرینگترینیان بریتی بوون لە باسەکانی تایبەت بە ڕاپۆرتی سیاسی و هەروەها بەرنامە و پێڕەوی یەکیەتی ژنان. هەروەها باس لە چەند پلانێک کرا کە بۆ کاری داهاتووی یەکیەتیی ژنان دابندرێت.
لە لایان بەشدارانی کۆنگرە ئەمانە چەندین باسی گرینگی کۆنگرە بوون کە گفتوگۆیان لە سەر کرا و بۆ چەند بابەتیش دەنگ وەرگیرا.

**ئایشێ عیسازادە :**
دیارە باسەکان زۆر بوون، بەڵام بە بیروڕای من گرینگترین باسەکان: یەکەم ڕاپۆرتی کونگرە بوو کە بە وردی تیشکی خستبووە سەر هەموو جۆرە توندوتیژییەکان

دژی ژنان لە ئێران بەگشتی و لە کوردستان بە تایبەتی .

هەروەها ئەو دروشمەی کە یەکیەتیی ژنان بۆ کۆنگرەی سێهەم هەڵی گرتبوو، «بە هەوڵی یەکگرتوویی ژنان هەنگاو بنێن بەرەو یەکسانی» بە کردەوە هەوڵی بۆ بدرێ

**مەندانە حەبیب زادە:**



گرینگترین باسەکانی کۆنگرەی سێیەمی یەکیەتیی ژنان باس لە سەر خەتەنە کردنی ژنان و ئیعتیاد و شێوەکانی توند و تیژی بەرامبەر بە ژن و کار کردنی ژنان لە دەرەوەی ماڵ و هەروەها باسی خۆ سووتاندنی ژنان و ئەندام گیری لە ناوخۆی کوردستان بوو.

**پرسیار: جەنابت کە لە کۆنگرەی دووهەم دا بەشداریت کردوە جیاوازییەکانی کۆنگرەی دووهەم و سێهەمی یەکیەتیی ژنانی دێموکرات لەچی دا دەبینی؟**

**عیسمەت نستانی:**

گرتنی هەر کۆنگرەیەک لە کات و زەمەنی جیاوازدا هەڵگری کۆمەڵێک پەیام و باسی جیاوازە، بە نیسبەت کۆنگرەی سێهەم لەگەڵ هی دووەم چەندین جیاوازی هەبوو کە تەنیا ئاماژە بە گرینگترینیان دەکەم: بۆ وێنە سەرەڕای ڕێژەی کەمتری نوێنەر لە کۆنگرەی سێهەم بە نیسبەت کۆنگرەی دووهەم، دەتوانم بڵێم نوێنەرانی کۆنگرەی سێهەم زیاتر لە توێژی گەنجان و خوێندەوار بوو کە زۆربەیان خوێندەواریان لە ئاستی ڕاهنەمایی، دیپلۆم، فەوقی دیپلۆم و لیسانس دا بوو کە ئەوە بووە هۆی ئەوەی کە کۆنگرەیەکی زیندوو بێ و نوێنەران بەشداری چالاکانە لە باسەکانی کۆنگرەدا بکەن.

**فەریبا وەیسی:**

بە پێی ئەزموونی من ئەو کۆنگرەیە لەگەڵ کۆنگرەکانی پێشوو جیاوازی هەبوو، لە کۆنگرەی دووهەم دا ئاستی زانیاری نوێنەران لە خوارتر بوو، بۆیە کۆنگرەیەکی بێدەنگتر بوو. باسەکان لە ئاستێکی زۆر باش دا نەبوون. ئاڵوگۆڕێکی ئەوتۆ لە پەیرەو نەکرا، بەڵام لە کۆنگرەی سێهەم دا چ لە سەر ڕاپۆرت و چ لە کاروباری کۆمیتەی بەڕێوەبەری باسێکی تێر و تەسەل کراو هەیئەتێک ڕاسپێردرا کە لەسەر هەموو ئەو باسانە پێداچوونەوە بکا.

**خەجیج پوورمەند:**

لە کۆنگرەی دووهەم و سێهەم دا بەشدار بووم جیاوازییان هەبوو کۆنگرەی سێهەم لە چاو کۆنگرەی دووهەم ئاستی زانیاری و بەشداری ژنان زۆر لە سەرەوەتر بوو دەتوانم بڵێم کۆنگرەیەکی پڕنێوەرۆک بوو باسەکان لە ئاستێکی بەرزدا بوون ئاڵوگۆڕێکی بەرچاو لە ڕاپۆرتی کۆمیتەی بەرێوەبەری و پەیرەوی ناوخۆی یەکیەتیی ژناندا کرا.

**ڕۆژە عەزیزی:**

من وەک نوێنەر شانازی ئەوەم بووە کە لە دوو کۆنگرەی دووهەم و سێهەم بەشدار بم. بە ڕای من هەر دوو کۆنگرەکە گرینگی تایبەتی خۆی هەبووە، بەڵام لە هەندێک لە باسەکاندا کۆنگرەی سێهەم دەوڵەمەندتر و پڕ ناوەرۆک تر بوو. بۆ نموونە ڕاپۆرتی سیاسی لە کۆنگرەی سێهەم دا زیاتر باسی لە سەر کراو بەشدارانی کۆنگرە بە گشتی قسەیان لە سەر کرد و چەند خاڵی بە تێبینیەوە پێوە زیاد کرا یا خود لێ کەم کرایەوە. بە گشتی بەرای من کۆنگرەی سێهەم پڕ باس و پڕ بۆچوونتر بوو.

**ئایشێ عیسانژاد:**

بە سەراحەتەوە دەڵێم کە کۆنگرەی سێهەم زۆر سەر کەوتووتر بوو. باسەکان زۆر زیندوو بوون. بە تایبەت لە سەر پێرەوی نێوخۆی یەکیەتیی ژنان کە چەند خاڵێکی پێوە زیاد کرا ئەو جێگایانەی کە پێویست بوو دەسکاری کران.

**پرسیار: هەڵسەنگاندنی کۆنگرەکەتان بۆ هەلومەرجی ئێستاکەی ژنان بەگشتیی و ژنانی کوردستان بەتایبەتی چی**



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

بوو؟

**کوێستان فتوحی:**

کۆنگرە پێی وابوو ئاسۆی خەباتی یەکسانیخوازی روونە و ژنان بەگشتی لە ئاکامی خەبات و تێکۆشانی خۆیان لە جیهاندا زۆر دەسکەوتی بەنرخیان وەدەست هێناوە. لەگەڵ ئەمەشدا ڕێگەیەکی دوور و درێژ لەپێشمانە بۆ گەیشتن بە کۆمەڵگەیەک کە لەوێدا مرۆڤەکان بە هۆی ڕەگەزەوە پلەبەندی نەکرێن. خەباتی یەکسانیخوازی لە جیهاندا ئەمرۆ گرنگی خۆی هەیە و سرنجی کۆڕ و کۆمەڵەکانی مافی مرۆڤی بۆلای خۆی ڕاکێشاوە. ژنی کوردیش دابڕاو نیە لەم خەباتە و دەسکەوتەکانی. بەڵام بە هۆی ئەوەی کوردستان لە زۆر بوارەوە لە دواکەوتوویدا ماوەتەوە و ژنی کوردیش لەم دواکەوتووییەدا لە گەڵ ڕەنج و بێمافی زۆرتر بەرەوڕوویە. پێویستی بە هاوکاری و پشتیوانیی کۆڕ و کۆمەڵە جیهانییەکانی مافی مرۆڤ هەیە. یەکێک لە ئامرازەکانی خەباتی یەکسانیخوازییش لە هەلومەرجی ئێستادا بۆ ژنی کورد پێوەندییە بە ڕێکخراوە جیهانییەکانیی مافی مرۆڤەوە. بەڵام پێویستە بە وشیارییەوە لەم ئامرازە کەڵک وەربگرێ. ئەم باسانە گرنگن و لە کۆنگرەی سێهەمیشدا قسەو باسیان لەسەر کرا.

**فەریبا وەیسی:**

لە کۆنگرەی سێهەم دا زۆر باس لە کێشە و گرفتەکانی بەردەم ژنان کرا. بۆیە کۆنگرە جەختی لەسەر خەباتی ژنان و هەوڵ و تێکۆشانیانی کردەوە کە پێوەندی و هاوکاری ڕێکخراوەکانی ژنان لەگەڵ یەکترزیاتر بێ بۆ ئەوەی دەنگیان یەک بێ و بە دەنگی هەمووان ئازادی و یەکسانی دابین بێ. هەر وەک لە دروشمەکەش داهاتوو بوو « بە هەوڵی یەکگرتوویی ژنان هەنگاو بنێین بەرەو یەکسانی»

**خەجیج پوورمەند؛**



دەکرێ بڵێم ئێمە وەک یەکیەتیی ژنانی دیموکراتی کوردستان و کۆنگرەکەشمان پێمان وایە کە کێشەی ژنان کێشەیەکی گشتیە تایبەت نیە بە وڵاتێک یان نەتەوەیەک بۆیە هەڵسەنگاندنی کۆنگرە ئەوە بوو کە،لە هەلوومەرجی ئێستادا ژنان دەبێت پەیوەندی و هاوکاری زیاتریان هەبێ و لە کۆمەڵگادا کار بکەن بۆ ئەوەی پیاوان باشتر لە ئامانجی ڕێکخراوەکانی ژنان تێبگەن و ژنان زیاتر بچنە ئاستی دەسەڵات و بڕیار دان،بە تایبەت ژنی کورد کە لە بواری نەتەوەی و ڕەگەزیەوە زوڵمی لێ کراوە.

**نەشمیل قادری:**

سەبارەت بە هەڵسەنگاندنی کۆنگرە بۆ هەلومەرجی ئێستای ژنان بە گشتی و ژنانی کوردستان بەتایبەتی لەگەڵ ئەوەی کە مرۆڤ دەستکەوت و پێشکەوتنی زۆری لە بوارەکانی ژیاندا بەدەست هێناوە. بەڵام لەگەڵ ئەم پێشکەوتنەش دا ئێستاش ئەو توندوتیژیانەی کە بەرامبەر بە ژنان دەکران هەر بەردەوامن. و زۆربەی ئەو کەسانەی کە توندوتیژیان بەرامبەر دەکرێت لە جیهاندا، ژنانن. ئەگەر باس لە ژنانی کوردستان بکەین ئەوە ئەوانیش وەک ژنانی جیهان بەڵکوو زیاتریش لەوان ڕووبەڕووی توندوتیژی دەبنەوە و چونکە لە کوردستاندا کورد ئازاد نەبووە و ژێردەستە. تەنیا لە یەک پارچەی نەبێت کە تا ڕادەیەک ئازادی بە دەست هاتوە کە کوردستانی باشووره، بۆیە لە هەر سێ پارچەکەی‌تری کوردستان نەتەنیا مافی ژنان بەڵکوو مافی هەموو چینەکانی کۆمەڵ پێشێل دەکرێ بەڵام لە ناو ئەوانیش دا ژنان زیاتر دەچەوسێنەوە و توندوتیژیان بەرامبەر دەکرێت، ئەمانە و زۆر خاڵی دیکە لە کۆنگرەکەماندا باسیان لێ کراو تاوتوێ کران.

**مینا سوڵتانزادە:**

کۆنگرەی سێهەمی یەکیەتیی ژنانی دیموکراتی کوردستان بە هەڵسەنگاندنی هەلومەرجی ئێستای ژنان بە گشتی پێی وابوو کە ژنان نەخشی بەرچاوو کارایان لە گۆڕینی دەسەڵات لە ناوچەکە دا دەبێ هەروەک چۆن لە

ریزی هەرە پێشەوەی حەرەکەتە ئیعترازییەکاندا بوون دەتوانن لە دامەزراندنەوەی دەسەڵاتەکاندا رۆڵی کاریگەر بگێرن. ژنان دەتوانن بە چوونە ناو لیژنەکانی نۆژەنکردنەوەی حکوومەتەکان و لە دارشتنەوەی قانوونی ئەو وڵاتانەدا بە قازانجی ژنان کار بکەن. بە نیسبەت ژنی کوردیش بەدەر لەو ئاڵ و گۆرانە نین و لە چاو ساڵانی رابردوو چالاکتر و ئەکتیڤتر دێنە بەرچاو. ئەگەر چاو لە هێزە سیاسییەکان بکەین بەو رێژەیەی کە ژنان لە ریزی خەباتەکەدا بەشدارن توانیویانە تا ئاستی سەرکردایەتی و زۆریش چالاک بچنە پێشێ و نیشان بدەن کە دەتوانن دەسەڵاتی ئیدارەکردنی ئۆرگان و بەرپرسایەتی لە ئاستی باڵادا وەربگرن. لە ئاستی ژنانی کوردستانیش لە هەموو مەیدان و مەجالەکاندا واتە، ئەدەبی، فەرهەنگی، سیاسی، رووناکبیری و هتد.. حوزووریان هەبێ و سیاچاڵەکان و پەتەکانی ئێعدامیش کە بوونەتە مەکۆی جیابیران و ئازادیخوازان لە ئێراندا بێ بەش نین واتە ژنان لە هەموو ئاستەکاندا دیارو بەرچاون کە ئەوە خۆی خاڵێکی هەرە گرینگە کە لە کۆنگرەی ئێمە دا قامکی لەسەر دانرا.

**گەلاوێژ پەیرەوان:**

کۆنگرە پێی وابوو کە ژنان بە گشتی لە هەلومەرجی ئێستادا زۆر پێشکەوتنیان بە خۆیانەوە بینیوەو زۆر کەندو کۆسپیان لە سەر رێگەی خۆیان بریوە بەڵام ئێستاش زۆر شت هەیە کە ژنان پێویستە بۆ وەدەست هێنانیان خەباتی بێ وچان بکەن.

لە کوردستانیش ژنان بە شێوەیەکی باش لە ماڵ هاتوونە دەر تا بیسەلمێنن ئەگەر ژن ئازاد بێت و مەیدانی پێ بدرێت هیچی لە پیاوان کەمتر نیە و دەتوانێت تاکێکی چالاک بێت بۆ کۆمەڵگاکەی، هەربۆیە خەباتی هەمە لایانەیان دەست پێ کردووە هەر ئێستاکە ژنان لە بوارە جۆراو جۆرەکانی ژیانی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابوری ... چالاکیان هەیە.

**رۆژە عەزیزی:**



هەر وەک لە دروشمەکەی کۆنگرەی سێهەمی یەکیەتی ژنان دا هاتوە ( بە هەوڵی یەکگرتوویی ژنانی کورد هەنگاو بنێین بەرەو یەکسانی) هەر بۆیە کۆنگرەکەمان هەڵسەنگاندنی بۆ هەلومەرجی ئێستاکەی ژنان بریتی بوو لە هەرچی زیاتر هەوڵدان بۆ یەکگرتوویی نێوان ژنانی کورد و هەروەها سەرجەم ژنان لە جیهان دا و بە یەکگرتوویی ژنان بتوانین کۆمەڵگەیەکی یەکسان بنیاد بنێین و هەوڵ بدەین بۆ دەستەبەر کردنی مافەکانی ژنان.

**ئایشێ عیسانژاد:**



هەڵسەنگاندنی کۆنگرە بۆ هەلوومەرجی ئێستای ژنان ئەوە بوو کە ئامانج و سیاسەتەکانی رێکخراوی نێونەتەوەیی لە کارەکانیاندا تێیدا رەنگ بداتەوە بە پێی بەندەکانی ئەم رێکخراوە کار بکەن.

**مەندانە حەبیب زادە:**

پلان دانان بۆ داهاتوو بە مەبەستی وەدیهێنانی ئازادییەکانی ژنان و بە یاسا کردنی پرسی ژن لە چوار چێوەی ئەو ئاڵو گۆرانەی کە رەنگە لە داهاتوویەکی نزیک دا بە سەر یاسای وڵاتانی تازە گۆڕاو دابێت هەروەها بە هەمووان هەوڵ بدەین ژنی کورد چی دیکە وەک هاووڵاتی پلە دوو لە وڵاتەکەی دا وەک مرۆڤی پلە دوو لە نێو نەتەوەکەی خۆی دا سەیر نەکرێ و بە بەردەوامی یاسا بە دژی ژنان پەسەند نەکرێ.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

**پرسیار: بەڕێزتان چ پێشنیارێکتان بۆ بەڕێوەبەریی ئێستاکەی یەکیەتیی ژنان هەیە؟**

**کوێستان فتووحی:**

پێشنیارەکانم: بەڕێوەبەریی یەکیەتیی ژنان، پێویستە بە بەرنامە و پرۆژەوە کارەکانی بەڕێوە بەرێ. زۆر گرنگە بۆ هەر کارێک کە دەتەوێ بیکەیە بەرنامەیەکی دیاریکراوت بۆی هەبێ. بەبێ بەرنامە و پرۆژە و کارەکان بەباشی ناڕۆنە پێش. ڕێکخراوێک کە دەیەوێ ئاڵوگۆڕ لە فەرهەنگ و نەریتی کۆمەڵگەدا دروست بکا و بۆ تێکدانی سیستمی پیاوسالاری تێ بکۆشێ، بە ڕەمەکی ناکرێ. پێویستت بە پرۆژە و بەرنامەی روون هەیە. بۆ ئەمەش دەبێ یارمەتی لە پسپۆرو شارەزایانی بواری خۆی وەربگرێ.

ئایا ئەم بەڕێوەبەرییە بۆ ئەندامەکانی خۆی چ بەرنامەیەکی هەیە؟ یان بۆ نموونە تۆ دەتەوێ بۆ ساڵی ١٣٩٠ چی بکەی و چ کارێک لە ئەولەوییەتدا دادەنێی. هەرکارێک دەسپێکێکی هەیە و کۆتاییشی هەیە. زۆر گرنگە چۆن دەست پێدەکەی. پاشان ئازایەتیت هەبێ بۆ بەڕێوەبردنی بەرنامەکەت. بەتایبەت کار بۆ پرسی یەکسانی لە کۆمەڵگەی کوردستاندا هێندێک دژوارە. بۆ نموونە تێڕوانینی نادروست بەرانبەر بە ژن لە کۆمەڵگەدا هەیە. وەک ئەوەی ژن «موڵکی پیاوە»، «ناموسی پیاوە«! «تاکەی ئێمەی ژنان لەگەڵ ئەو تێڕوانینە غەڵەتانە دەڕۆینە پێشەوە و بێدەنگین لە ئاستیاندا؟

کێ بەرپرسیارە لە سڕینەوەیاندا؟ دەبێ یەکیەتیی ژنان و ئەو بەڕێوەبەرییە ئەو ئازایەتییەیان هەبێ کە بۆ کۆمەڵگە و ئەوانەی وابیردەکەنەوە، شی بکەنەو کە ژن دەبێ رزگار بکرێ لەو قالبەی بۆی کراوە. جگە لەوەی ئەرکی تاکەکان، نیهاد و ئۆرگانە پەروەردەییەکان، حکوومەت، قانوون و... ئەرکی ڕێکخراوێکی ژنانیشە بەرەنگاربوونەوە لەگەڵ پێناسە و پێوەرە پیاوسالارییەکان. بەتایبەتی کە وڵاتی ئێمە حکوومەتێکی دژە ژن و کۆنەپەرست دەسەڵاتدارەتیی دەکا و هەروەها ئایین ڕۆڵ دەگێڕێ لە دروستکردنی پێوەر و پێناسەکان ئەو پێوەر و پێناسانەی دژایەتییان هەیە لە گەڵ یەکسانیی نێوان ژن و پیاو، سڕینەوەی ئەمانە لە وڵاتی ئێمەدا هێندێک دژوارە، بەڵام ڕێکخراوی ژنان لەمبارەیەوە دەبێ بە بەرنامە، وشیاری و ئازایەتییەوە کارەکانی بەرەوپێشەوە بەرێ.

راستە ئەمڕۆ شوێنی تێکۆشانی یەکیەتیی ژنان دڵخوازی ئێمە نیە واتە بەجۆرێک دوورە لە کۆمەڵگەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، ئەمە خۆی کارەکان ئەوەندەی تر دژوارتر دەکا، بەڵام پێویستە بەڕێوەبەریی یەکیەتیی ژنان بیر لە ڕێگە چارەی گونجاو بکاتەوە تاکوو ئەم کەلێنە پڕ بکاتەوە. ئەمەش دەکرێ بە بەشداریی و حوزوور لە کاناڵە جۆراوجۆرەکانی ڕاگەیاندن دا ڕۆڵ بگێڕێ. هەروەها لە بوارەکانی دیکەشدا وەک پێوەندی گرتن بە چالاکانی مافەکانی مرۆڤ و ئەنجومەن و ڕێکخراوە مەدەنییەکانی نێوخۆی کوردستان خۆی ئاکتیڤ بکا. ژنان مێژوویەکی دوور و درێژە ستەمیان لێدەکرێ، کار کردن بۆ سرینەوەی ئەو ستەمە لە نێو ناخی ژنانیشدا ئەرکێکی قورسە و نابێ یەکیەتیی ژنان خۆی لێبدزێتەوە.! ئەمە بە هاوکاری لەگەڵ چالاکان، ئەنجومەن و ڕێکخراوە مەدەنییەکانی نێوخۆی کوردستان دەکرێ. ئەمانە هەمووی بە بەرنامەوە دەکرێ.

**عیسمەت نستانی:**

یەکێک لە پایەکانی بەهێزبوونی هەر ڕێکخراوێک پاراستنی یەکگرتوویی و وەدیهێنانی ڕۆحی تەبایی و هاوکارییە. بەڕێوەبەریی داهاتوو دەبێ هەوڵ بدا ئەوە بەدی بێنێ تا بتوانێ هەنگاوەکانی دواتری بە دڵنیایی هەڵێنێتەوە و ئەو تەبایی و یەکگرتووییە بکاتە فەرهەنگێک و لە پەیوەندی لەگەڵ ڕێکخراوەکانی هاوشێوە و هاوئامانجی خۆی بە کار بێنێ و بتوانێ زیاترین ڕێکخراوەکانی داکۆکیکاری مافەکانی ژن لە ژێر ئاڵای بەرابەری خوازی و بەرەنگاربوونەوە لەگەڵ دیاردەی چەوسانەوەی ژنان کۆ بکاتەوە کە ئەو ئەرکە لە دروشمی کۆنگرەش دا ڕەنگی دابۆوە .

دەبێ هەوڵ بدرێ لە پێناوی پەروەردەی سەردەمیانەی ژنان و کچان و هێنانە مەیدانیان و چالاک کردنیان و یان تێوەگلاندنیان لە هەموو بوارەکانی سیاسی و کۆمەڵایەتی و فەرهەنگی و ئابووری و . . . بۆ ئەوەی نەوەی داهاتوو ئاشنا و وشیار بێ بە

نیسبەت مافەکانی خۆی.

### فەریبا وەیسی:

وەک پێشنیار بۆ بەڕێوەبەریی هەڵبژێردراوی کۆنگرەی سێهەم من کە لە دەورەکانی رابردوودا ئەندامی بەڕێوەبەری بووم کۆمەڵێک ئەزموونم لە کارەکانی یەکیەتیی ژنان دا وەرگرت، مرۆڤ لە هەر بوارێک دا کار بکات دەبێ خۆی بۆ زۆر گیر و گرفت ئامادە بکات، چونکە تۆ تا کار نەکەی دیار نابی و لەگەڵ تاکەکانی کۆمەڵگە رووبەروو نابی. ئەگەر هاتە نێو مەیدانی کاری چاوێک دەبێ بە چەندین چاو، لە لایەکی دیکە لە کاری رێکخراوەییش بە تایبەتی رێکخراوی ژنان لەگەڵ هەموو تاکەکانی کۆمەڵگە بەرەورووو دەبێتەوە، بۆیە دەبێ زۆر بە تێبینی و بە هەست بە بەرپرسیارەتی و دووربینییەوە تێکۆشانی خۆیان بەرەو پێش بەرن. شتێکی دیکە کە پێویستە لە بەڕێوەبەری دا هەبێ، سەمیمیەت و راستگۆییە. ئەو شتە دەبێتە مایەی پشت بە یەکەوە بەستن لە ریزەکانی یەکیەتیی ژنان و پێکهێنانی شوێنێکی لەبار بۆ کارکردن و بە ئەنجام گەیاندنی ئەو ئەرکانەی کە لە کۆنگرەدا دیاری کراون و ئەو بڕیارنامەیەی کە پەسند کراوە.

### خەجیج پوورمەند:

وەک پێشنیار بۆ بەڕێوەبەریی هەڵبژێردراوی ئەم کۆنگرەیە پێویستە لە ناو بەڕێوەبەریدا هاوکاری و راستگۆی و شەفافیەت هەبێت و دەبێت ئەو ئەرکانەی کە لە کۆنگرەدا بۆیان دەستنیشان کراوە بە پێی تواناو ئیمکان کاریان بۆ بکات.

### نەشمیل قادری:



هەوڵ بدات بۆ هەرچی زیاتر خزمەت کردنی ژنان لە هەموو بوارەکانەوە و جێبەجێ کردن و کارکردن بەو بڕیارانەی کە لە کۆنگرەدا پەسەند کراون.

### مینا سوڵتانزادە:

لەگەڵ داوای سەرکەوتن بۆ بەڕێوەبەریی هەڵبژێردراوی کۆنگرەی سێهەمی یەکیەتیی ژنان و دەستخۆشی و بەردەوامی بۆ بەڕێوەبەریی پێشوودا دەکرێ بڵێم بەپێی ئەو هەلو مەرجەی کە ئێمە کۆنگرەمان تێدا گرت هەنگاوەکان نەک هەر شل نەکەینەوە، بەڵکوو بە بڕشتیشیان بکەین. بەڕێوەبەریی داهاتوو دەبێ لە ئاست هەموو ئەو بەرپرسایەتییانەدا بێ کە کۆنگرە خستوویەتە سەرشانی. لەو پێوەندییەدا چەند پێشنیار دەخەمە بەردەم ئەم بەڕێزانە:

١- بردنە پێشی چالاکییەکانی ژنانی کورد لە ئاستی گشتی داو بەتایبەت لە بواری پێوەندی گرتن لەگەڵ رێکخراوەکانی دیکەی ژنان.

٢- بەردەوام بوون لە نێو بازنەی کاری سیاسی و سنفی دا و خۆ بەخەم کردن لە گرفتەکانی ژنان چ لە ئاستی سیاسی و چ ئاستی کۆمەڵایەتی دا.

٣- پێوەندی توند و توڵ و باشی لەگەڵ بژاردەکانی نێوخۆی وڵات بەتایبەت ئەو ژنە چالاکانەی کوردستان دا هەبێ.

٤- پێوەندی و بوونی هاوفکری بەردەوام لەگەڵ ئەو ژنە چالاکانەی کە لەگەڵ یەک پێشتر کاری رێکخراوەیی و حیزبیان کردوەو کەڵک وەرگرتن لە تواناکانیان.

٥- هەبوونی هاوفکری لەگەڵ دەرەوەی بازنەی چالاکانی ژنان وەک کۆمەڵێک لەو پیاوە دڵسۆزو خەمخۆرانەی کە بۆ یەکسانی تێ دەکۆشن.

٦- پێگەیاندنی کچان و ژنانی لاو ئەگەر لەهەر بوارێک دا کە ئیدە و فکر و بەرنامەیەکیان هەبێ و خەلاقیەتێکیان هەبێ دەستیان بگرن.

### گەلاوێژ پەیرەوان:

پێشنیارم ئەوەیە بۆیان کە بۆخۆیشم یەکێکم لەوان کە هەوڵ بدەن زیاتر ژنان بە مافە رەواکانی خۆیان ئاشنا بکەن و پیاوانیش دڵنیا بکەنەوە لەوەی کە یەکیەتیی ژنان بەرەی لە رووی ئەوان دا پێک نەهێناوە بەڵکوو یەکیەتیی ژنان کار دەکا بۆ دەستەبەربوونی مافی بەرابەریی ژن و پیاو چونکە هەر



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

کۆمەڵگەیەک ئەگەر مافی بەرابەری ئەو دوو رەگەزەی تێدا پیادە نەبێ، ئەوە ئەو کۆمەڵگەیە بەختەوەر نابێت و بەرەو پێش ناچێت.
هەروەک لە دروشمی سەر ئارمی یەکیەتیی ژنان دا نووسراوە ئازادی بۆ ژن و بەختیاری بۆ کۆمەڵ. واتە هەتاکوو ژن ئازاد نەبێ کۆمەڵگاش بەختەوەر نابێ.

**رۆژە عەزیزی:**

پێشنیاری من ئەوەیە کە بە هاوکاری ئەندامانی یەکیەتیی ژنان و هەروەها بەڕێبەری ئەو رێکخراوەیە دەتوانین رێکخراوەکەمان سەرکەوتووتر بکەین. هەوڵ بدەین بۆ لێکنزیک بوونەوەی ژنانی هەموو پارچەکانی کوردستان لە یەکتر و دانانی پلانی هاوبەش بۆهاریکاری یەکتر.

**ئایشێ عیسانژاد:**

پێشنیارم هەیە کە بەرێوەبەریی ئێستاکەی یەکیەتیی ژنان بە هەوڵ و تیکۆشانی جیددی ئەرکەکانیان بەرەو پێشتر بەرن و داهاتوویەکی بەرچاو لە سەحنەی سیاسی دا بۆ ژنان مسۆگەر بکرێ.

**مەندانە حەبیب زادە:**

من پێم وایە بەرێوەبەریی ئێستای یەکیەتیی ژنان دەبێ بە بەرنامەوە بێتە مەیدان و دەبێ شتی باش و تازەیان پێ بێ و دەبێ لە باری ئاموزشەوە چالاک بن هەروەها من پێم وایە ژنانی رێکخراوەکەمان لە باری رۆشنبیرییەوە زۆر لاوازن دەبێ یەکیەتیی ژنان چەندین کلاس دانێ بۆ هۆشیار کردنەوەی ژنان و بەتایبەتی سەبارەت بە مافەکانی ژنان و هەروەها کلاسی سیاسی و کۆمەڵگای مەدەنی رێکخراوە مەدەنییەکان مێژووی کورد، مێژووی حیزبی دێموکراتی کوردستان و جوغرافیای کوردستان بەشی سەرەکی کلاسە سیاسیەکان پێک بێنن .

**پرسیار: سێهەمین کۆنگرەی یەکیەتیی ژنان چ پلان و بەرنامەیەک یان ئەولەویەتێکی کاری بۆ ئەو رێکخراوەیە دیاری کردوە؟**

**کوێستان فتووحی:**

من پێم وایە ئەولەوییەتەکان زۆرن و پێویستە هیچیان پشت گوێ نەخرێن. هەروەک لە دروشمی کۆنگرەشدا هاتبوو، (هەوڵدان بۆ لێک نزیکبوونەوەی رێکخراوەکانی ژنان) یەکێکە لەو ئەولەوییەتانە. لێک نزیکبوونەوە هەر ئەوە نیە چەند دیدار لەگەڵیان بکرێ و بڵێن: «دیداری دۆستانەی هەیئەتی یەکیەتیی ژنان لەگەڵ فلان رێکخراو»! بۆچی و لە پێناو چی دا دیدار کرا؟ بێگومان ئەوە ئاشکرایە رێکخراوەکانی ژنان بەشی زۆریان ئامانجی هاوبەشیان هەیە، لە پێناو ئەو ئامانجە هاوبەشەدا (یەکسانی و مرۆڤسالاری) ئەم دیدارانە دەبێ بکرێن. سەردەمی دروشمدان بەتەنیا بەسەر چووە، خەڵک کردەوەی لەگەڵی دەوێ. پێکهێنانی کەشی تایبەتی بۆ لێک نزیکبوونەوە، پێکهێنانی کۆڕ و سمیناری هاوبەش بۆ قسەکردن لەسەر پرسی یەکسانی، قسەکردن لەسەر دیتنەوەی رێگەی جۆراوجۆری خەباتەکەمان بۆ زیاتر کاریگەر بوونمان لەسەر کۆمەڵگەی کوردستان، هەڵسەنگاندنی ئەزموون و کەموکورتییەکانی رێکخراوەکانی ژنان و بیرکردنەوە لە شتی نوێ و... ئەمانە ئەرکێکی قورس دەخاتە سەر ئەو رێکخراوە کە دروشمەکەی هەڵگرتوە.
بۆیە بەکردەوە کارکردن بۆ دروشمی کۆنگرەکە یەکێکە لە ئەولەوییەتەکانی کاری یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان.
مەسەلەیەکی دیکە کە کۆنگرە پێی وابوو رێکخراوی یەکیەتیی ژنان لە راگەیانەکاندا حوزووری کەمە بۆ ئەمەش بەرێوەبەری راسپێردراوە کە لەم بوارەشدا پێویستە ئاکتیڤ بێ. راگەیاندن یەکێکە لە ئامرازەکانی پێوەندی گرتن لە گەڵ کۆمەڵگە. بەڵام چ راگەیاندنێک؟ راگەیاندنێکی کاریگەر. هەموو ئەمانە گرنگییان هەیە و بەرێوەبەرانی یەکیەتیی ژنان دەبێ بەرنامەیان بۆی هەبێ، هیوادارم هەمووڵایەک چالاکانە بە ئامراز و فکری نوێ کار بکەین بۆ وەدیهاتنی ئامانجەکانمان کە یەکسانیی و دادپەروەری لە کۆمەڵگەدا.

**عیسمەت نستانی:**

کۆنگرە لە ماوەی چەند رۆژ کاری بەردەوامی خۆیدا چەند پەیام و راسپاردەیەکی بە رێبەرایەتیی نوێی یەکیەتیی ژنان سپاردوە کە لە داهاتوودا هەوڵ بۆ جێبەجێ کردنیان بدا و بیانخاتە



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

بەرنامەی کاریی خۆیەوە. بۆ وێنە کار کردن و ڕەچاو کردنی هەموو ئەو بەیاننامە نێونەتەوەییانە کە داکۆکی لە مافەکانی ژنان دەکەن کە دیارترینیان ڕێکەوتننامەی «سیداو»ە کە وەک خاڵێک لە بەرنامەی ڕێکخراودا گونجێندرا. دیارە دروشمی کۆنگرە بە ڕوونی ئەولەویەتەکانی کاری کۆنگرەی دیاری کردبوو: هەوڵدان بۆ پتەو کردن و بەرفراوان کردنی پەیوەندییەکان لە گەڵ ڕێکخراوەکانی ژنان بە تایبەت لە سەر ئاستی کوردستان و هەروەها چالاکانی بواری ژنان.

هەروەک پێشتریش ئاماژەم پێکرد لە کۆنگرەدا گرینگیەکی تایبەت درا بە ڕاهێنان و پەروەردەی ژنان و کچان لە بنەماڵە و کۆمەڵگەدا و وەک بەردی بناغەی بزووتنەوەی مافخوازانە و یەکسانی خوازانەی ژنان لە قەڵەم درا.

**فەریبا وەیسی:**

هەر وەک لە دروشمی کۆنگرەی سێهەم دا هاتبوو (بە هەوڵی یەکگرتوویی ژنانی کورد هەنگاو بنێین بەرەو یەکسانی)، ئێمە لە پێش هەموو شتێک دا پێویستیمان بە هاوکاری و هاودەنگی هەیە. هاوکاری و هاودەنگی بەو مانایە کە دەبێ لەسەر مەسەلەکان باس و موناقشەی تێر و تەسەل بکەین، هەتا بگەینە دەرەنجامێکی باش و بڕیارێکی دروست. ئینجا بەیەکەوە هەوڵ بدەین بۆ بەڕێوەبردنی هەرچی باشتری ئەو بڕیارە، دیسان دووپاتی دەکەمەوە خۆپێگەیاندن بۆ هەر تاکێکی ژن دەبێ ئەرکێکی سەرەکی بێ.

**\خەجیج پوورمەند:**

هەروەک لە درووشمی کۆنگرەی سێهەمدا زۆر بە ڕوونی ئاماژەی پێ کرابوو ئێمە دەبێ و پێویستە لە پێناو یەکگرتوویی ڕیزەکانی بزووتنەوەی ژناندا یەکگرتوویی و هاو ئاهەنگی پێک بێنین ئەگەر چی تا ئێستاش کاری بۆ کراوە و بەڵام دەبێت بە شێوەیەکی چڕو پڕتر لە ئاستێکی بەربڵاوتردا کاری بۆ بکردرێ،ئەرکێکی دیکە کە کۆنگرە دەست نیشانی کردبوو کارکردن لە سەر لایەنی وشیار کردنەوەو پەروەردەو پێگەیاندنی ژنانە کە دەبێت گرینگی پێ بدرێ.

بە هیوای سەرکەوتن

**نەشمیل قادری:**

بەرنامەی کاری یەکیەتیی ژنان کە لەم کۆنگرەیەدا دیاری کردووە بریتی بوون لە هەوڵدان و کارکردن بۆ دروست کردنی پێوەندییەکی یەکگرتوو لە نێوان ڕێکخراوەکانی ژنان دا و دروست کردنی پێوەندی لەگەڵ ژنانی ناوخۆی وڵات و پتەوکردنی پێوەندی یەکیەتیی ژنان لەگەڵ دەرەوەی وڵات. گرتنی سمینار و کۆبوونەوە بۆ بردنە سەری ئاستی ڕۆشنبیری و زیاتر ئاشنا بوون بە مافەکانیان. هێنانە ناوی ئەندامان بۆ بەشداری فەعاڵ لە یەکیەتیی ژناندا. لێپرسینەوە و وەجواب هاتن لەسەر ئەو ژنانەی کە توندوتیژی و زوڵمیان بەرامبەر دەکرێ. دانانی وێبسایتێک بۆ یەکیەتیی ژنان و هەبوونی بەرنامەیەکی تەلەفزیۆنی و بە پێی پێویست گۆڕینی ئارمی یەکیەتیی ژنان تا کۆنگرەی داهاتوو. هەڵبەت ئەمانەی کە ئاماژەم پێدان چەند خاڵ لەو بەرنامانە و پرۆژانەن کە دیاری کراوە و لەو ناوەش دا پێداگری لەسەر بەربڵاوکردنەوەی لایەنی پەروەردەیی ژنانی ئەندامەکەدا کە بە تێکرای دەنگ لەسەر ئەو خاڵە کۆک بوون و پێداگریان دەکرد.

**\امینا سوڵتانزادە:**

کۆنگرە لە چەندین خاڵ و بڕیار دا ئەولەویەتەکان و پلانی بۆ داهاتوو دارشتووە کە دەکرێ بە کورتی ئاماژە بە چەند خاڵیان بکەم:

- پلان و بەرنامەی دارێژراو بۆ هەرچی بەهێز کردنی خەباتی یەکسانیخوازی ژنان.
- بەربڵاوتر کردنی پێوەندییە کوردستانی و ئێرانییەکان لە نێو ژنان دا.
- پابەند بوون بە بڕیارنامە نێونەتەوییەکان بۆ نەهێشتنی هەر جۆرە جیاوازی دانانێک.
- بردنە سەری ئاستی زانستی و کادر پەروەری لە نێو ژناندا.

دیارە زۆر بابەتی گرینگ پێداگرییان لەسەر کرا بەڵام بە بڕوای من ئەمانە ڕەنگە گرینگترینیان بن کە دەبێ هەنگاوی جیدی بۆ هەڵێندرێتەوە.

**\گەلاوێژ پەیڕەوان:**

ئەو پلان و بەرنامانەی کە کۆنگرە خستونیە ئەولەویەتی کاری بۆ ئەو ڕێکخراوەیە زۆرن بەڵام من ئێستا ئاماژە بە چەند خاڵێکیان دەکەم:

١- بەهێزکردنی پەیوەندی تەشکیلاتی لە نێو خۆی ڕۆژهەڵاتی کوردستان



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

٢- پتەو کردنی پێوەندی لە نێو ڕێکخراوەکانی ژنان بەگشتی و ژنانی ڕۆژهەڵات بە تایبەتی.
٣- پتەو کردنی پێوەندی نێوان بەڕێوبەریی یەکیەتیی ژنان لە دەرەوەی وڵات و کوردستان
٤- خۆ ئامادە کردن بە هەر پێشهات و ئالوگۆڕێک کە لەوانەیە لە ئێران و کوردستان ڕوو بدات.

**رۆژە عەزیزی:**

یەکێک لەبەرنامە گرینگەکان کە لە کۆنگرەدا دیاری کرا بۆ بەڕێوبەریی هەڵبژێردراوی کۆنگرەی سێهەم، بریتیە لە هەوڵدان بۆ گۆڕینی ئارمی یەکیەتیی ژنان کە بەڕێوبەری لەماوەی کۆنگرەی سێهەم تا کۆنگرەی چوارەم ڕاسپێردراکەئەوئەرکەجێبەجێبکات.

**ئایشێ عیسانژاد:**

دیارە کە پلان و بەرنامەکان زۆر بوون بەڵام گرینگترینیان ئەوە بوو کە ئەو ڕێکخراوەیە زۆر کاراتر لە جاران کار بکا لە پێناو لە ناوچوونی هەر چەشنە توندوتیژیەک دژی ژنان.

خالی دووەم گۆڕین یا هەر وەک خۆی مانەوەی ئارمی یەکیەتیی ژنان بوو کە سپێردراوە بە بەڕێوەبەریی داهاتوو کە تا کۆنگرەی چوار کاری بۆ بکا کە هەر وەک خۆی بمێنی یا بگۆردێ.

**مەندانە حەبیب زادە:**

پلان دانان بۆ ئێستا و داهاتوو بۆ وەدیهێنانی ئازادییەکانی ژنان و هەروەها چالاک بوون لە بواری مافی ژنان و نەهێشتنی هەر جۆرە پێشێلکاریەک کە بەرامبەر بە هەموو ماف و ئازادییەکانی ژن دەکرێ لە هەموو بوارێکدا

کۆنگرەی سێیەمی یەکیەتیی ژنان لە بەرنامەی کاری خۆی دا دەستنیشانی خاڵە لاواز و بەهێزەکانی ئەو خەباتە دەکات کە خەباتی ڕەوای ژنانە بۆ نەهێشتنی هەر جۆرە جیاوازیەک.

**پرسیار: بەڕێزتان کە وەک بەڕێوەبەری دەنگی متمانەتان لە کۆنگرە وەرگرتوە چ بەرنامەیەکی تایبەتیتان لە ڕیزی بەرنامەکانی داهاتووتاندا بۆ یەکیەتیی ژنان هەیە؟**

**گەلاوێژ پەیرەوان:**

بەڵێ من پێش هەمووشتێک دەستخۆشی و پێزانینی خۆم بۆ ئەو نوێنەرانەی کۆنگرە دەردەبڕم کە دەنگی متمانەی خۆیان بە من بەخشی و هەڵیانبژاردم بۆ ئەم ئەرکە کە هیوادارم لە ئاستی متمانەی ئەوان دا بم.

بەڵام بۆ وەڵامی پرسیارەکە شتێکی سروشتیە هەر حیزب و ڕێکخراوێک دوای گرتنی کۆنگرەی خۆی فەسڵێکی نوێ لە کار و چالاکی دەست پێ دەکات و چەندەها پلان و بەرنامەی تایبەت دا دەنێ.

ئێمەش وەک بەڕێوبەری تازە هەڵبژێردراوی کۆنگرەی یەکیەتیی ژنان چەند بەرنامەو پلانی تایبەتیمان خستوەتە ڕیزی کاری خۆمانەوەلە بوارە جۆراوجۆرەکانی وەک تەشکیلاتی، پەروەردە و ئاموزش لە ئەولەویەتی کاری ئێستاماندا.

**رۆژە عەزیزی:**

بەدڵنیاییەوە کە ئێمە وەک بەڕێوبەری لە بەرنامەمان دا هەیە کە کار بکەین بۆ هەرچی چالاکتر کردنی ڕێکخراوەکەمان و زیاتر نزیک کردنەوە ئەندامان لەیەکیەتیی ژنان و هەروەها گرینگی دان بە بواری ئاموزشی و فێرکردن و پەروەردە یەکێک لەو پرۆژە گرینگانەیە کە دەبێ لە هەوڵی بە پراکتیک کردنی دابین.

زیاترپێوەندی گرتنی یەکیەتیی ژنان بە ڕێکخراوەکانی دەرەوەو لێک نزیکبوونەوە مان لەگەڵ یەکتر، یەکێکی دیکەیە لەو پرۆژە گرینگانە.

**ئایشێ عیسانژاد:**

داوا کارم کە حیزبی دیموکراتی کوردستان وەک هەمیشە پشت و پەنا و هاوکاری یەکیەتیی ژنان بێ بۆ سەرکەوتنی یەکیەتیی ژنان.

**مەندانە حەبیب زادە:**

من وەک خۆم پێم وایە دەبێ پێش هەموو شتێک باری تەشکیلاتمان لەگەڵ ژنانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە هێز بکەین و هەوڵ بدەین چالاکانی سیاسی و مەدەنی ژن لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە دەرەوەی ڕێکخراوەکەمان خر بکەینەوە و ئەرکیان پێ بسپێرین و پەیوەندی نزیکمان لەگەڵ ڕێکخراوەکانی ژنان لە سەر چوار پارچەی کوردستان هەبێ.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# بڕیارو ڕاسپاردەکانی کۆنگرەی سێیەمی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان

ڕێکەوتی ٤و ٥ی مانگی ئاگوستی ٢٠١١ بەرامبەر بە ١٣٩٠/٥/١٤،١٣ یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان کۆنگرەی سێهەمی خۆی لە ژێر دروشمی «بە هەوڵی یەکگرتوویی ژنانی کورد هەنگاو بنێین بەرەو یەکسانی» بەست.

بەشێک لە بڕیارو پەسندکراوەکانی ئەو کۆنگرەیە بریتی بوون لەم خاڵانە:

١- یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان بۆ دەستەبەر کردنی دروشمی سەرەکی کۆنگرە واتە «بە هەوڵی یەکگرتوویی ژنانی کورد هەنگاو بنێین بەرەو یەکسانی» پێویستە هەنگاوی بە کردەوەو جیدی هەڵبگرێ. لەمەڕ دۆزینەوەی بواری کاری هاوبەش بۆ لێک نزیک کردنەوەو هاوکاری ڕێکخراوەکان و چالاکانی ژنی کورد.

٢- گەیاندنی دەنگی خەباتی مافخوازانەی ژنی کورد بە بزووتنەوەی یەکسانیخوازی لە ئێران داو هەروەها بزووتنەوەی فیمینیستی لە ئاستی نێونەتەوەیی دا وەک ئەرکێکی سەرەکی یەکیەتیی ژنانی چاو لێ دەکرێ و بە پێویست زانرا کە لە ڕۆژەڤی کاری ئەم ڕێکخراوەیەدا گرنگی پێ بدرێ .

٣- دانی زانیاری سەبارەت بە پەیمانە نێونەتەوەییەکانی داکۆکیکاری یەکسانی بە تایبەت کۆنڤانسیونی سڕینەوەی هەر جۆرە هەڵاواردنێک بە دژی ژنان واتە (سێ داو) بە ژنی کورد، وەک ئەرکێکی دیکەی ئەم دەورەیەی یەکیەتیی ژنان پێداگری لە سەر کرا.

٤- پێداگری لە سەر پەروەردەی بەردەوامی ژنان بۆ بردنەسەری ئاستی زانیاری لە بوارەکانی کەلتووری، نەتەوەیی کۆمەڵایەتی و سیاسی .

٥- هاوکاری و هاوخەباتی لە نێوان ژنانی چالاکی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و دەرەوەی وڵات، هەبوونی ناسیاوی(شناخت) لە بارەی هەلومەرجی ژیان و تێکۆشانی یەکتر پێویستە. یەکیەتیی ژنانی دێموکرات دەبێ گرنگی بە توێژینەوەی و کاری فکری و ڕۆشنگەری، بە مەبەستی بردنەسەری زانیاری ژنان لەو پێوەندیەدا بدا.

٦- یەکیەتیی ژنان گرنگی دەدا بە کارکردن بۆ گۆڕینی عەقلیەتی کۆمەڵگا بە تایبەت ژنانی کورد کە لە پەروەردەکردنی نەوەی نوێ، لە دانانی هەر جۆرە هەڵاواردنێک لە نێوان ڕەگەزی نێرو مێ خۆبپارێزن.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# بەیاننامەی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان

# لە دژی هێرش و تۆپبارانەکانی هێزەکانی ئێران و

# تورکیە بۆ سەر سنووری هەرێمی کوردستان

ماوەی چەند ساڵێکە ناوبەناو رژێمەکانی ئێران و تورکیە بە بیانووی بوونی (پ.ک.ک) لە سنووری وڵاتەکەیان، سنوورەکانی هەرێمی کوردستان بۆردومان و تۆپباران دەکەن.

دوژمنانی گەلی کورد بە درێژای مێژوو ئەگەر لە تەواوی خاڵە سیاسیەکاندا لەگەڵ یەکتر ناکۆک بووبن، لە سەر سەرکووتی گەلی کورد دا هاوکار بوون و بە درندانەترین شێوە رووبەڕووی مافی رەوای گەلەکەمان بوونەتەوە.

ئێمە وەک یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان وێڕای مەحکووم کردنی ئەو کردەوە دزێوە کە بۆتە هۆی ئاوارە بوونی سەدان بنەماڵەو چۆڵ کردنی دەیان گوندی کوردستان و شەهید بوونی کەسانێکی سڤیل کە دوورن لە بەرەکانی شەڕەوە، بە توندی ئەو هێرشە مەحکووم دەکەین و بە ناڕەوای دەزانین و داواکارین کە گەلی کورد بە هەموو حیزب و رێکخراو و گروپ و تاکە سەربەخۆکانیەوە بەبێ رەچاو کردنی هیچ خاڵێکی جیاواز، یەک دەنگ و یەک هەڵوێست رووبەرووی داگیرکەرانی کوردستان بێتەوە و هەموومان لە رۆژی تەنگانەدا تەنیا کورد بین.

دوژمنانی گەلی کورد زۆر هۆشیارانە دەزانن چ دەکەن و دەبێ لە چ ڕێگەیەکەوە دژ بە ئێمەی کورد بجوڵێنەوە، با ئێمەی کوردیش لە کردەوە ئیحساسیەکان دوورکەوینەوە و بە هۆشیاریەوە لە بەرامبەر دوژمندا هاوهەڵوێست بین.

سەرکەوێ بزووتنەوەی مافخوازانە و دێموکراتیکی گەلی کورد

یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان

١٣٩٠\٦\١٢
٢٠١١\٩\٣



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

## پەیامی پیرۆزبایی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان و یەکیەتیی لاوانی دێموکراتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان

# بەبۆنەی ٢٥ی گەلاوێژ، ساڵڕۆژی دامەزراندنی حیزبی دێموکراتی کوردستان

ئەندامان و لایەنگرانی حیزبی دێموکراتی کوردستان

هاورێیان و دۆستانی ئازیز!!

لەلایەن یەکیەتیی لاوانی دێموکراتی رۆژهەڵاتی کوردستان و یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستانەوە، بە نوێنەرایەتی هەموو ئەندامان ولایەنگرانی ئەو ڕێکخراوانەوە، بە بۆنەی تێپەربوونی ٦٦ ساڵ بە سەر تەمەنی پڕ سەروەری حیزبەکەمانەوە، پیرۆزبایەکی گەرم لە خۆمان و لە ئێوە و لە خەڵکی خەباتکاری کوردستان دەکەین.

تەمەنی پڕلە شانازی و سەروەری حیزبی دێموکراتی کوردستان، مێژویەکی پڕشەنگدارە بەبەربەرەکانی لەگەڵ دیکتاتۆری پاشایەتی و سەرەڕۆیی کۆنەپەرستی کۆماری ئیسلامی ئێران و خەباتە لەپێناو وەدیهێنانی داخوازییە نەتەوەیەکانی گەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و دابین کردنی ئازادی و دێمۆکراسی، کە لەو ریگەیەدا، بە هەزاران شەهید گیانیان بەخت کردووە. هەر لێرەدا سەری رێزو نەوازش لە بەرامبەر سەرجەم، شەهیدانی ئەم حیزبە، لە سەرووی هەموویانەوە قازی، قاسملوو.شەرەفکندی دا دەنوێنین و بۆ هاوسەنگەرانیان کە لە سەنگەری دیفاع لە ئازادی دان تەمەنی درێژیان بۆ بە ئاوات دەخوازین.

٦٦ ساڵ بەردەوامی لە خەبات و تێکۆشان لەپێناو ئەرکە نەتەوەیی و نیشتمانییەکانی ئەم حیزبە تێکۆشەرە، بەرهەمی لە خۆ بردوویی و بەشداری ژنانی کۆڵنەدەرو و هەزاران لاوی شۆڕشگێر کە توانیویانە بە بەردەوامی کاروانی ئەم حیزبە درێژەپێ بدەن، ئەم دوو توێژەی کۆمەڵگا بوونەتە قەڵایەکی پۆڵایین بە دژی سەرەرۆیی و دیکتاتوری دا.

لەیادی ٦٦ ساڵەی دامەزراندنی ئەم حیزبە تێکۆشەرە دا سەرکەوتنی یەکجارەیی بۆ بە ئاوات دەخوازین و هەردەم ئامادەین لەپێناو جێگیرکردنی دێموکراسی، دەستەبەرکردنی مافی نەتەوایەتی و یەکسانی، بۆ پێکهێنانی کۆمەڵگایەکی مەدەنی پیشتوانی و یاری وەفاداری ئەم بزووتنەوە نیشتمانییە بین.

دواجار بۆ ئەو قسەیە دەگەرێنەوە کە» لەپشت هەر پیاوێکی مەزن، ژنێکی مەزن هەیە» ئێمەش تا گەیشتن بەو ئامانجە لەپشت پیاو و رۆڵەکانی خۆمانین.

سەرکەوێ خەباتی میللی دێموکراتیکی حیزبی دێموکراتی کوردستان

بەرزو پێرۆز بێت یادی ٦٦ ساڵەی دامەزراندنی حیزبی دێموکراتی کوردستان

یەکیەتیی لاوانی دێموکراتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان

**٢٥ گەلاوێژی ١٣٩٠ی**
**هەتاوی کۆیە**



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org